

د. قادر محەمەد ڕاگری کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین:

## ریفراندۆم بووەتە دۆکیۆمێنتێکی مێژوویی و سیاسی و یاسایی

# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (۱۳۲۱)- (۲۰)ی حوزەیرانی ۲۰۲۲

### کاراکتەری نادەوڵەتی بڕیار لە چارەنووسی عێراق دەدات

# عێراق بەرەو ئایندەیەکی ترسناک



"دادگای ئیتیحادی پێچەوانەی ماددەی ۹۲ی دەستووری عێراقە و بوونی دادگاکەش بنچینەیەکی یاسایی نییە"

**ئەگەر دەستوور بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکرێت، هیچ گرفتێك نابێت، هەر گرفتێکیش بێتە پێشەوە زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت**




# ئەگەر ئیرادە هەبێت دەکرێ نامومکینەکانیش بێنینە دی

## ٢٢

پێویستە ئەوە بڵێم، ئەو هەڤاڵانەی شانیان دایە بەر بەرپرسیاریەتی و ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بەجێ گەیاند، تووشی ئازار و هەڕەشە و کوێرەوەریی زۆر بوون و تاڵی و سوێریی زۆریان چێشت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک کۆڵیان نەداو ماندوویینەناسانە لە خەباتی پیرۆزی خۆیان بەردەوام بوون.

ڕاستە ئاسان نەبوو، مەترسییەکان یەکجار زۆر بوون، هەڕەشەکان بەردەوام هەبوون، گوشارەکان لە هەموو لایەکەوە بوون، بەڵام دەبووایە خۆڕاگربین و ئیرادەمان نەشکێت. سوپاس بۆ خوای گەورە ئیرادەمان نەشکاو، دواجاریش چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە، زۆر بابەتی شاراوە ئاشکرا بوون و ڕاستییەکانیش زیاتر دەرکەوتن.

لە ناوخۆدا ئەو ڕاستییە بە کردەیی سەلمێندرا کە ئەگەر ئیرادە هەبێت، دەکرێ نامومکینەکانیش بێنینە دی. لە بواری دەرەوەشدا، ئەوە ڕوون بووەوە کە هەر کەس و لایەنێک بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدایە و کەس ئامادە نییە لەبەر خاتری پرەنسیپ و ماف هیچ بۆ کورد بکات. هەموو شتێک پەیوەندیی بە خودی گەلی کوردستان و تواناکانی ئەو میللەتەوە هەیە. ئاست و شێوەی هاوکاری و یارمەتییەکانی دەرەوە بەستراوەتەوە بەوەوە کە ئاخۆ چەندە بتوانی خۆت بسەلمێنی.

چەندە بەهێز و پتەو بیت، جیهانی دەرەوە گرنگی و بایەخی زیاترت پێ دەدات، بەڵام ئەگەر دۆستایەتییش هەبێت و پێکەوە کاریشیان کردبێ ئەوە ئەگەر لاواز بیت و خۆتت پێ نەسەلمێندرێت، دواجار بایەخ و گرنگیت پێ نادرێت. بە واتایەکی تر، بە گشتی لە جیهانی سیاسەتدا «دۆستایەتی و دوژمنایەتیی بەردەوام نییە، بەڵکوو بەرژەوەندیی بەردەوام هەیە» بۆیە پێویستە هەمیشە ئەم ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت، پێویستە خۆمان پتەو بین و هەبین، بۆ ئەوەی خەڵکانی تر ئامادە بن، دۆستایەتیمان لەگەڵدا بکەن.

# چاپكراوی نوێ



(پێشهاته سیاسییه‌كانی ده‌ڤه‌ری بارزان له ماوه‌ی سالآنی ١٩٠٢-١٩٣٢) ناونیشانی ئه‌و كتێبه‌یه كه (د. مسته‌فا محه‌مه‌د كه‌ریم) نووسیویه‌تی و یه‌كێكه له بڵاوكراوه‌كانی ده‌سته‌ی ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان، به‌(٢١٨) لاپه‌ڕه‌ی قه‌واره گه‌وره‌وه كه‌وته به‌ر دیدی خوێنه‌ران و نێو كتێبخانه‌ی كوردییه‌وه.

ئه‌م كتێبه گێڕانه‌وه‌ی مێژووی پرشنگداری زیاتر له سه‌ده‌یه‌كی گه‌لی كورده، خاوه‌نی چه‌ندین قاره‌مانی نه‌ته‌وه‌یی و نیشتمانپه‌روه‌ر و مرۆڤدۆست و ئازادیخواز بووه، خانه‌واده‌ی شێخانی بارزان به‌شێكی دیار و سه‌ره‌كیی ئه‌م مێژووه‌ن به درێژایی زیاتر له یه‌ك سه‌ده.

نووسینه‌وه‌ی مێژووی ئه‌م ده‌ڤه‌ره له سالآنی ١٩٠٢- ١٩٣٢ له ڕووی سیاسی و ئابووری و كۆمه‌ڵایه‌تی و هزرییه‌وه گرنگیدانه به ماوه‌یه‌كی گرنگ له مێژووی كورد له باشووری كوردستان، كه چه‌ندین گۆڕانكاری له‌م بوارانه‌دا له خۆ ده‌گرێت، كه به ساڵی (١٩٠٢/١٩٠٣) ده‌ستپێكی ڕێبه‌رایه‌تیی شێخ عه‌بدولسه‌لامی دووه‌م وه‌ك شێخی ته‌كیه‌ی بارزان وه‌ك خاڵێكی وه‌رچه‌رخان ده‌ست پێ ده‌كات و به خامۆشكردنی شۆڕشی یه‌كه‌می بارزان له ساڵی ١٩٣٢ كۆتایی دێت.

سنووری ئه‌م لێكۆڵینه‌وه‌یه گرنگیی خۆی هه‌یه، چونكه هه‌ر له ده‌ستپێكه‌وه تا كۆتاییه‌كه‌ی ده‌كه‌وێته نێوان چه‌ندین ڕووداوی دیاری وه‌ك كوده‌تای ١٩٠٨ی ئیتحادییه‌كان و به‌رپابوونی جه‌نگی یه‌كه‌می جیهانی و هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی ده‌وڵه‌تی عوسمانی و دووباره كێشانه‌وه‌ی نه‌خشه‌ی سیاسیی سه‌رجه‌م ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست و دروستكردنی چه‌ند قه‌واره و ده‌وڵه‌تێك، له هه‌مان كاتدا بێبه‌ش كردنی كورد له مافه نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی كه كاریگه‌ریی ڕاسته‌وخۆی هه‌بووه به‌سه‌ر ژیانی سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووریی كوردستان به گشتی و ده‌ڤه‌ری بارزان به‌تایبه‌تی.

بۆ ئاماده‌كردن و نووسینی كتێبه‌كه پشت به‌ستراوه به چه‌ندین سه‌رچاوه‌ی كوردی و عه‌ره‌بی و ئینگلیزی و فارسی، له كۆتاییشدا چه‌ندین به‌ڵگه‌نامه‌ی بڵاونه‌كراوه‌ی مێژوویی تێدایه.. پیرۆزبایی له نووسه‌ر و ده‌سته‌ی ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان ده‌كه‌ین بۆ ئه‌م كتێبه دانسقه‌یه كه وه‌ك سه‌رچاوه‌یه‌كی توێژینه‌وه پشتی پێ ده‌به‌سترێت.. له چاوه‌ڕوانی به‌رهه‌می زیاتر.

# چاپکراوی نوێ




کتێبی (پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە ڕوانگەی سەرۆك بارزانی) بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لەنێو یەك بەرگداو لە ئامادەکردنی کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ بە چاپی یەکەم و لە دووتوێی (٢٥٢) لاپەڕەی مامناوەند کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە.

ئەگەر هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون و یەکسانی لە ئەرك و ماف، دەوڵەتداری بکات، هۆکارەکەی ڕێزگرتنە لە فرەیی پلۆرالیزمیی ئایینی و نەتەوەیی لەم هەرێمەدا، کە بەردەوام پێکەوە ژیان بەشێك بووە لە کولتووری یان لە کوردستاندا، بە واتایەکی دیکە بابەتی پێکەوە ژیان لەگەڵ نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان، لە دێر زەمانەوە بەشێك بووە لە کولتووری ژیانی کوردستانیان.

ئێستا هاوشێوەی فرە ئایینییەکەی، کوردستان هەرێمێکی فرە نەتەوەشە، لێرە کورد و عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشووری و ئەرمەن بەیەکەوە دەژین، جگە لەمەش بە ڕاسپاردەی سەرۆك مسعود بارزانی لە بری چەمکی (کەمینە) ئێستا لە دام و دەزگا حکومی و ناحکومییەکان، چەمکی (پێکهاتە) یان بۆ بەکار دێت.

بە هەرحاڵ، ئەم چەند لاپەڕەیەی نێو کتێبەکە، بریتییە لە کۆکردنەوەی مشتێك لە خەروارێکی پەیڤ و تێڕوانینەکانی سەرۆك بارزانی لەبارەی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە هەرێمی کوردستان، ئەم کارە بچووکە هەوڵێکە بۆ ئاشکراکردنی وێنە گەورەکەی نێو هزری بەڕێزیان لەبارەی ئەم بابەتە.

دەستخۆشی لەو کۆمەڵە مامۆستایەی زانکۆ دەکەین کە بە هەموو قەناعەت و بڕوابوونەوە بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان نەتەوەو ئایینەکان قەڵەمەکانیان بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە تەرخان کردووە، بە هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتر.

# چاپکراوی نوێ




بەرگی یەکەمی کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) لە نووسینی نەجمەدین عەزیز سمایل بە بەرگێکی ناوازەو بە (٥٤٠) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە، ئەم کتێبە بریتییە لە ئینسکلۆپیدیایەك کە ناوو ژیاننامەو چالاکییەکانی دەیان نووسەرو شاعیرو چیرۆکنووس و مێژوونووس و ڕۆشنبیرو هونەرمەندو ڕۆژنامەنووسی تێدایە، نووسەر زۆر کارامەو لێزانانە توانیویەتی بە شێوەیەکی ئەدەبی و دارشتنێکی کوردییانە پەی بەم ئەرکە ببات و شان بداتە بەر ئەرکی قورسی نووسین و ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە.

نووسەری ئەم کتێبە زۆر بە وردی ئاماژەی بە ڕۆڵ و چالاکییەکانی ئەم پۆلە ڕۆشنبیرە(بەهەموو پسپۆری و کەسایەتییەکانەوە) کردووە، ئەو لە هەندەرانەوە ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووەو بە سوود وەرگرتن لە خودی کەسایەتییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری و وێنەو ئەرشیفەکان، یانیش پشتبەستن بە کوردیپیدیا و پەیجی خۆیان ئەم بەرهەمەی پێشکەش بە خوێنەران کردووە.

نەجمەدین عەزیز سمایل ساڵانێکە تێکەڵ بە بواری ئەدەب و نووسین و کاری میدیایی بووە، دەکرێ بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە ببنە سەرچاوەیەکی زانستی و ئەدەبی بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ ئەوەی بە ژیاننامەو بەرهەمەکانی ئەو پۆلە ڕۆشنبیرە ئاشنا بن.
بە قسەی نووسەری کتێبەکە، بەرگی دووەمی (خۆم و ئەستێرە گەشەکان) لە ماوەیەکی نزیکدا دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران بە هەمان ناوونیشان کە ژمارەیەکی زۆری دیکەی ڕۆشنبیران لەخۆ دەگرێت.

پێشەکی ئەم کتێبە لەلایەن نازم دڵبەندەوە نووسراوەو عوسمان پیرداود کاری دیزاینی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرتووە، دەستخۆشی لە نووسەر دەکەین لە چاوەڕوانی بەرگی دووەمداین.




## ئەبوبەکر کاروانی :



### دۆخی عێراق ئاڵۆزە و ئایندەش بە ڕووی چەند ئەگەرێکدا کراوەیە

## ڕێبوار تاڵەبانی :



### گرنگە لە دانوستاندنەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئەولەوییەت بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بدرێت

## جێفری ڤاندێن بێرگ :



### شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا بواری بۆ هەڵکشانی زیاتری هێزی چین ڕەخساندووە

## جەیمس لیبۆڤیج :



### بە هۆی شەڕی رووسیا و ئۆکرانیاوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گەیشتووەتە خاڵی وەرچەرخان

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری


Web: www.gulanmedia.com

دکتۆر ڤیان سەبری :

## عێراق لە دۆخێکی مەترسیدار و هەستیاردایە، زەحمەتە بزانرێت بە چ ئاراستەیەک هەنگاو دەنێت



حەسیبە سەعید گەردی :



## گرانی و هەڵاوسانی نرخ لە بازاڕدا هاووڵاتییانی نیگەران کردووە

دەشتی مەجید :

## یانەکان ئامادەییان نییە تیپی گۆڕەپان و مەیدانیان هەبێت



## توندوتیژی دژی ئافرەتان بەردەوامە و داوای بنبڕکردنی دەکرێت



## کامێرایەکی بازنەیی ٣٦٠ پلەیی



## ئەو شتانەی زیان بە گورچیلە دەگەیەنن



ئەرسەلان دەروێش :



## کورد دەڵێت چەپڵە بە یەک دەست لێ نادرێت!





# دەرهاویشتە ترسناکەکانی حاڵەتی نادەوڵەتی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا



کێشەی سەرەکیی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، پێکهێنانی حکومەت و شێوازی حوکمرانی نییە بۆ دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی هاووڵاتیان لەسەر بنەمای ئەو نەخشە ڕێگەیەی کە دەستووری عێراق بۆی دیاری کردووە، بەڵکو کێشەی سەرەکیی پرۆسە سیاسییەکە ئەوەیە کە تەواوی لایەنە سیاسییەکانی شیعە نایانەوێت ددان بەو دەوڵەتەدا بنێن کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ هەیکەلەی دەوڵەتی لە عێراقدا وەك «دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی و دیموکراتی» پێناسە کردووە و، لەم دەستوورەشدا کە «ڤیتۆی دوو لەسەر سێی سێ پارێزگا» پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستوورەکە ڕادەگرێت، بووەتە هۆکاری ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی شیعە نەتوانن بە ڕێگەی زۆرینە دەستوورەکە بەو شێوەیە هەموار بکەنەوە کە خۆیان ئامانجیانە، لەمەش زیاتر لایەنە سیاسییەکانی شیعە کە بە کردەیی خۆیان بە خاوەنی دەسەڵات و جڵەوگیری پرۆسەی حکومەت و حوکمڕانی لە عێراقدا دەزانن و، لەسەر ئەرزی واقیعیش تا ئێستا هەر بەو جۆرە هەوڵیان داوە حوکمڕانی و دەسەڵاتی خۆیان ئاراستە بکەن، پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقی لە «دەوڵەتێکی سەنتراڵی و دیکتاتۆرییەوە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی» یان پەك خستووە، ئەم واقیعە تاڵەش پرۆسەی سیاسیی عێراقی لە دووڕێیانێکی تەسکدا گیر داوە و، نە ئەوەیە وەك دەوڵەتێکی سەنتراڵی و دیکتاتۆری پێناسە بکرێت، نە ئەوەشە وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی پێناسە بکرێت، هەر بۆیە لەناو گێژاوی ئەم پەرتبوونە سیاسییەدا، پرۆسەی سیاسیی عێراق لە حاڵەتی «نەبوونی هەیکەلەی دەوڵەت»دا هەڵواسراوە، ئەم حاڵەتە هەڵواسراوەش کە ئێستا پرۆسە سیاسییەکەی تێ کەوتووە، بەرەو ئایندەیەکی ترسناکی ئەوتۆ هەنگاو هەڵدەگرێت کە هیچ لایەك ڕووناکیی تونێلەکەی لێ دیار نییە بە لایەنە سیاسییەکانی شیعەشەوە.

ئامانجی شاراوە و سەرەکیی لایەنە سیاسییەکانی شیعە بە تایبەتی ئەو لایەنانەی دەیانەوێت لە بری هەنگاوهەڵگرتن بۆ «دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە»، سیستمی ویلایەتی فەقیهی «کۆماری ئیسلامی» لەناو دەستووری عێراقدا «موتوربە» بکەن و، هەر بەو دەستوورەش شەرعییەت بەو کۆمارە ئیسلامییە بدەن، ئەوا وەك پسپۆڕان و ڕاوێژکارە سەربازی و هەواڵگرییەکانی ئەمریکا پێشتر ئاماژەیان پێ کردووە، کارێکی تازە نییە و هەر لە سەرەتای دووبارە بونیادنانەوەی «سوپا و پۆلیسی فیدراڵی و هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ و...هتد»، پرۆسەکە بەو ئاراستەیە براوە کە ئەم هێزە سەربازییانە تەنیا «هێزی شیعە» بن و، پێکهاتە سەرەکییەکانی دیکەی وەك «کورد و سوننە و نەتەوەکانی دیکە»ی لێ مەحرووم بن، ئەگەر لەسەر ئەرزی واقیعیش سەیری پیکهاتەی ئێستای «سوپا و پۆلیسی فیدراڵی و دەزگاکانی هەواڵگری و.. هتد» بکەین، دەبینین بە تەواوەتی لەلایەن هێزە سیاسییەکانی شیعەوە کۆنترۆڵ کراون و بە ڕێژەی کەمتر لە ١٪ پێکهاتەکانی دیکە تێیدا بەشدار نین، ئەگەر هەشبن هیچ دەسەڵاتێکیان نییە. هەر ئەم حاڵەتی نامۆبوونەی پێکهاتەکانی دیکە بە تایبەتی «سوننە» لەناو ئەو دامەزراوە گرنگانەدا وای کرد، لەگەڵ دەرکەوتنی تیرۆریستانی داعش، پێنج یەکەی سوپای عێراق و پۆلیسی فیدراڵی چەکەکانیان فڕێ بدەن و هەڵبێن و شاری مووسڵیش لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە داگیر بکرێت، هەر لەبەر ئەمەش مەترسییەکی گەورە کەوتە سەر بەغدا و دەسەڵاتی لایەنە شیعەکان لە بەغدا و، بۆ ڕێگەگرتنیش لەم مەترسییە مەرجەعییەتی نەجەف فەتوای «جیهادی کیفائی» دا، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی شیعە خۆبەخشانە چەك لە دژی تیرۆریستانی داعش هەڵبگرن و ئەو مەترسییە دوور بخەنەوە لەسەر تائیفەی شیعە لە عێراقدا دروست بوو و، ئامانجی مەرجەعییەتی شیعەش لەم فەتوایەی ئەوە نەبوو کە «حەشدی شەعبی» ببێتە بەدیل و جێگرەوە بۆ «سوپا و پۆلیسی فیدراڵی» لە دەوڵەتی عێراقدا، بەڵکو ئامانجەکە ئەوە بوو ئەم هێزە خۆبەخشە هاوکار و هەماهەنگی «سوپا و پۆلیسی فیدراڵی» بن، هەتا مەترسیی تیرۆریستانی داعش تێدەپەڕێت و پاشان هەر

**تەواوی لایەنە سیاسییەکانی شیعە نایانەوێت ددان بەو دەوڵەتەدا بنێن کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ هەیکەلەی دەوڵەتی لە عێراقدا وەک «دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی و دیموکراتی» پێناسە کردووە**

**ئەم حاڵەتە هەڵواسراوەش کە ئێستا پرۆسە سیاسییەکەی تێ کەوتووە، بەرەو ئایندەیەکی ترسناکی ئەوتۆ هەنگاو هەڵدەگرێت کە هیچ لایەک ڕووناکیی تونێلەکەی لێ دیار نییە بە لایەنە سیاسییەکانی شیعەشەوە**

**لایەنە سیاسییەکانی شیعە، فەتواکەی مەرجەعییەت بۆ «جیهادی کیفائی و حەشدی شەعبی»یان بەو ئاراستەیە برد کە خۆیان ئامانجیان بوو**

**ئەوەی ئێستا بڕیار لەسەر چارەنووس و ئایندەی عێراق دەدات، بێگومان کاراکتەری «نادەوڵەتییە نەک پێگە و شکۆی دەوڵەت**

یەکەیان بگەڕێتەوە بۆ ماڵ و کاری پێشینەی خۆی، بەڵام وەك بینیمان و ئێستاش وەك ئەمری واقیع بوونی هەیە، لایەنە سیاسییەکانی شیعە، فەتواکەی مەرجەعییەت بۆ «جیهادی کیفائی و حەشدی شەعبی»یان بەو ئاراستەیە برد کە خۆیان ئامانجیان بوو و، لەبری ئەوەی بە کۆتاییهاتنی تیرۆریستانی داعش، پەند لە هەڵەکانی ڕابردوویان وەربگرن و شکۆ و پێگە بۆ «هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق» بگێڕنەوە، بەڵام هەموو پێکەوە هاتن گوشاریان لەسەر حکومەت و پەرلەمان دروست کرد، بۆ ئەوەی لە پەرلەمانەوە یاسایەك بە ناوی یاسای «حەشدی شەعبی» دەربکرێت و، ئەم هێزە هاوتەریب لە بەرامبەر هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی عێراق بکرێنە هێزێکی فەرمی و شەرعی و سەر بە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان (سەرۆك وەزیران) بن، بەڵام وەك لە چەند ساڵی ڕابردوو بینیمان، ئەم هێزانە نەك هەر گوێ لە فەرمانەکانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق ناگرن، بەڵکو زۆر جار وەك لە تویت و پەیامی سەرکردەی ئەو لایەنانە گوێبیستی بووین، هەڕەشەی زۆر ترسناکیشیان لە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان کردووە و دەیان هێرشی دوژمنکارانەشیان کردووتە سەر هەرێمی کوردستان و، هیچ دامەزراوەیەکی دەوڵەتیش نەیتوانیوە سنووریان بۆ دابنێت، یان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، ئەم حاڵەتەش کە ئێستا حاڵەتێکی ئاشکرا و بەرچاوە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، حاڵەتی «ترسناکی نادەوڵەتی بەسەر دەوڵەت»دا زاڵ کردووە و ئەوەی ئێستا بڕیار لەسەر چارەنووس و ئایندەی عێراق دەدات، بێگومان کاراکتەری «نادەوڵەتییە نەك پێگە و شکۆی دەوڵەت».

## ● هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ و سوپرایزی دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

لە هاوینی ٢٠١٠ و دوای چەقبەستنی پرۆسەی سیاسی بۆ پێکهێنانی کابینەی دووەمی نووری مالیکی، گۆڤاری گوڵان لە دیمانەکەیدا لە سەرۆك بارزانی پرسی: پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا کەوتووەتە حاڵەتی چەقبەستن، بۆچی بەڕێزتان دەستپێشخەرییەك ناکەن بۆ ئەوەی کۆتایی بەو چەقبەستنە بێنن؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا سەرۆك بارزانی زۆر ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە گوتی: «وەڵاهی ئەگەر بزانم سەرۆکی کوتلەکان و لایەنە سەرەکییەکان بڕیاری ئەوەیان داوە چارەسەرێك بدۆزنەوە، من ئامادەم لێرە داوەتیان بکەین و لە خزمەتیاندا بین، یان من بچمە بەغدا.. گرفتەکە ئەوەیە ئەو برایانەی بەغدا بڕیاری ئەوەیان نەداوە کێشەکە چارەسەر بکەن.. من پێمولیە ئەگەر دەستوور بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکرێت، هیچ گرفتێك نابێت، ئەگەر هەر گرفتێکیش بێتە پێشەوە زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت. ئەو دەستوورە زەحمەتێکی زۆری بۆ کێشراوە، هەروا بە ئاسانی دروست نەبووە، من ماوەی ٥٣ ڕۆژ لە بەغدا مامەوە و لەگەڵ برایانی تر خەریك بووین تا دارێژراوە، بەڵام هێشتاش ئەم دەستوورە بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەستوورێکی زۆر پێشکەوتووە، دەستوورێکە دەتوانین بڵێین بەشی زۆری مافەکانی ئێمەی تێدایە و ڕێگەچارەی بۆ هەموو گیروگرفتەکان دەستنیشان کردووە، بۆیە من پێمولیە هیچ بەدیلێك لە دەستوور باشتر نییە...»، لێرەوە ئەگەر دوای ١٢ ساڵ جارێکی دیکە هەڵوەستە لەسەر پەیامەکانی سەرۆك بارزانی بکەینەوە و، ئەگەر ئاماژە بەوە نەکەین ئەم پەیامەی بارزانی بۆ حاڵەتی چەقبەستوویی پرۆسەی سیاسیی عێراق بووە لە ساڵی ٢٠١٠، ئەوا هەموو شرۆڤەکار و چاودێرێك وەك پەیامێکی تازە سەیری دەکات و، واهەست دەکات سەرۆك بارزانی ئەم قسانەی بۆ پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراق (٢٠٢٢) کردووە.

دوای چەند مانگێك لەو پەیامەی سەرۆك بارزانی لە ساڵی ٢٠١٠، لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە هەولێر کۆبوونەوە و ڕێککەوتنی هەولێریان بۆ پێکهێنانی کابینەی دووەمی نووری مالیکی ئیمزا کرد و، ڕێککەوتنەکەش لە ١٩ خاڵ پێکهاتبوو و، تەنیا پەیوەست نەبوو بە کێشەکانی نێوان «هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی»، بەڵکو هەر ١٩ خاڵەکە چوارچێوەیەکی پێکدەهێنا بەوەی چۆن بە ڕێگەیەکی ڕاست دووبارە عێراق وەك «دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی

**ئەگەر دەستوور بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکرێت، هیچ گرفتێک نابێت، ئەگەر هەر گرفتێکیش بێتە پێشەوە زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت**

**ئەو بارودۆخە ئاڵۆز و نادیارەی ئێستا پرۆسەی سیاسیی عێراقی تێکەوتووە، پەیوەستە بەو هەڵە ستراتیژییانەی کە ئەقلییەتی سیاسیی ئیسلامی سیاسیی شیعە لەناو پرۆسەی سیاسیدا کەڵەکەی کردوون**

**سەرۆک بارزانی لە ساڵی ٢٠١١ ماوەی یەک ساڵ چاوەڕێی کرد کە «ڕێککەوتنی هەولێر» وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام دەرکەوت ئاراستەی هەنگاوەکان دوورکەوتنەوەیە لە بونیادنانەوەی عێراق وەک «دەوڵەتێکی فیدراڵی» و بەرەو دیکتاتۆریەتێکی سیۆکراسی دەچێت**

**لە ساڵی ٢٠١٢ ڕاشکاوانە سەرۆک بارزانی هەموو لایەکی ئاگادار کردەوە کە گەلی کوردستان نابێتە بەشێک لە ڕژێمێکی دیکتاتۆری و دەبێت گەلی کوردستان خۆی بڕیار بدات پەیوەندییەکانی داهاتووی لەگەڵ حکومەتی بەغدا و دەوڵەتی عێراق چۆن دەبێت**

**دوای تەنیا یەک ساڵ لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، سیماکانی دەوڵەتی شکستخواردوو بە دەوڵەتی عێراقەوە دەرکەوتوون و چیتر عێراق وەک دەوڵەتێکی هاوچەرخی فیدراڵی پێناسە ناکرێت**

**هەموو ئەو رووداوە ترسناکانەی لە ماوەی کەمتر لە دووساڵدا لە عێراق روویان دا، دەسەڵاتدارانی بەغدای بە هۆش خۆیان نەهێنایەوە کە ئەو ئاراستەیەی لە حوکمڕانی درێژەی پێ دەدەن، عێراق بەرەو لێواری هەڵدێر دەبات**

و دیموکراتی» بونیادبنرێتەوە، بەڵام ئەوەی مایەی سەمەرە و گاڵتەجاڕیی سیاسەت بوو، ئەوە بوو کە ڕێککەوتنی هەولێر لە پێناوی ئەوە ئیمزا کرابوو کە هەوڵەکانی بخرێنەگەڕ بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق وەك «دەوڵەتێکی فیدڕاڵی» بەڵام لەو «سوێندە یاساییەی» ئامادە کرابوو بۆ ئەوەی ئەندامانی کابینەی نوێی حکومەت لە بەردەمی پەرلەمان بیخوێننەوە، وشەی «فیدڕاڵی» لە دەوڵەتی عێراق کرابووەوە. بێگومان ئەمە بە سەر فراکسیۆنی کوردستانی تێنەپەڕی و ناچاریان کردن کە دووبارە وشەی «فیدڕاڵی» بۆ دەوڵەتی عێراق دابنرێتەوە و جارێکی هەموو ئەندامانی کابینەی نوێی حکومەت سوێندەکە بخوێننەوە.

هەڵوەستەکردن لەسەر پاشخانی ١٢ ساڵی ڕابردووی حاڵەتی چەقبەستوویی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا، بۆ ئەوەیە بڵێین: ئەو بارودۆخە ئاڵۆز و نادیارەی ئێستا پرۆسەی سیاسیی عێراقی تێکەوتووە، پەیوەستە بەو هەڵە ستراتیژییانەی کە ئەقڵییەتی سیاسیی ئیسلامی سیاسیی شیعە لەناو پرۆسەی سیاسیدا کەڵەکەی کردوون، لەمەش خراپتر ئەوەیە، ئیسلامی سیاسیی شیعە نە ئەو ئیرادەیەی هەیە چاو بە خۆیدا بخشێنێتەوە و هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە، نە نیەتێك هەستی پێ دەکرێت و دەبینرێت کە بیرکردنەوەی ئیسلامی سیاسیی شیعە ئەسڵەن هەیکەلەی ئەو «دەوڵەتە فیدڕاڵی»یەی قبووڵ بێت کە لە دەستووری ٢٠٠٥ چوارچێوەکەی بۆ دیاری کراوە و پابەندنابن بەو دەستورەی کە نەخشەی ریگەیە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی عێراق و، ئەمەش ئەو گرفتە ترسناکەیە کە سەرۆك بارزانی لە پەیامەکەیدا زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژە پێ کردووە «ئەگەر دەستوورەکە جێبەجێ بکرێت، هەموو کێشەکانی چارەسەر دەکرێن».

سەرۆك بارزانی ماوەی یەك ساڵ چاوەڕێی کرد کە «ڕێککەوتنی هەولێر» وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام کە دەرکەوت ئاراستەی هەنگاوەکان دوورکەوتنەوەیە لە بونیادنانەوەی عێراق وەك «دەوڵەتێکی فیدڕاڵی» و ئاراستەکان بەرەو دیکتاتۆریەتێکی سیۆکراسی دەچێت، لە ساڵی ٢٠١٢ ڕاشکاوانە سەرۆك بارزانی هەموو لایەکی ئاگادار کردەوە کە گەلی کوردستان نابێتە بەشێك لە ڕژێمیکی دیکتاتۆری و دەبێت گەلی کوردستان خۆی بریار بدات پەیوەندیەکانی داهاتووی لەگەڵ حکومەتی بەغدا و دەوڵەتی عێراق چۆن دەبێت.

هەموو ئەو شرۆڤەکار و چاودێرانەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، چاودێریی بارودۆخی سیاسیی عێراقیان کردووە لە ساڵانی «٢٠١٢ و ٢٠١٣ » ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییەیان لەبەر چاوە کە چۆن ئاراستەی بەرەو «دیکتاتۆریەتی سیۆکراسی» عێراقی بەرەو پاشاگەردانییەکی ئەوتۆ برد، کە لە ئایاری ٢٠١٢ گۆڤاری فۆرین ئەفێرز لە توێژینەوەیەکی مەیدانیدا ئەو واقیعەی بۆ دەرکەوتبوو و بەم ناونیشانە ئەو توێژینەوەیەی بڵاو کردەوە: «چیمان لە دوای خۆمان بەجێهێشت؟ جیهان پێشوازی لە دەوڵەتێکی شکستخواردوو دەکات»، ئەم ناونیشانەی گۆڤاری فۆرین ئەفێرزی ئەمریکی ئەوەمان پێ دەڵێت «دوای تەنیا یەك ساڵ لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، سیماکانی دەوڵەتی شکستخواردوو بە دەوڵەتی عێراقەوە دەرکەوتوون و چیتر عێراق وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخی فیدڕاڵی پێناسە ناکرێت» .

ئەوجا لێرەوە ئەگەر سەرنج لە هەنگاوەکانی شێوازی حوکمڕانیی ئیسلامی سیاسیی شیعە بدەین، ئەوا دەبینین هەتا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٣ ئەو هۆشدارییەی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز ساڵێك پێشتر دابووی، بووە ئەو پرسیارەی کە کەناڵی CNN لە وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی عێراقی پرسی: ئایا عێراق تەواو لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە؟ دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی عێراق ئاسان نەبوو، بەڵام ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، هەر دوو ڕۆژ لە دوای ئەو پرسیارەی CNN ڕاشکاوانە بڵاوی کردەوە و نووسیبووی: «بەڵێ، عێراق لەبەر یەك هەڵوەشاوە»و، تەنیا چەند مانگێکیش بەسەر ئەم پەیامە ڕاشکاوانەی ئامۆژگای واشنتۆن تێنەپەڕی کە ڕێکخراوی تیرۆریستیی

«ئەلقاعیدە لقی عێراق» ناوی خۆی گۆڕی و ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش «دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام» ڕاگەیاند.

هەموو ئەو ڕووداوە ترسناکانەی کە لە ماوەی کەمتر لە دووساڵدا لە عێراق ڕوویان دا، دەسەڵاتدارانی بەغدای بە هۆش خۆیان نەهێنایەوە کە ئەو ئاراستەیەی لە حوکمڕانی درێژەی پێ دەدەن، عێراق بەرەو لێواری هەڵدێر دەبات، بەڵکو لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ لەبری ئەوەی هەوڵ بدەن کێشەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەن، هاتن بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانیان بڕی و گەمارۆیەکی ئابووریی خنکێنەریان خستە سەر هەرێمی کوردستان و ئامانجیش لەم گەمارۆ ئابوورییە «هەڵوەشانەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان» بوو.

سەرۆك بارزانی وەك ڕابەر و مەرجەعی کوردستان لەم قۆناغە هەستیار و مێژووییەدا، پێداگر بوو لەسەر ئەوەی «گەلی کوردستان نەبێتە بەشێك لەو دیکتاتۆریەتەی کە خەریکە بە تەواوەتی دروست دەبێت، هەروەها پێداگریش بوو لەسەر ئەوەی کە نابێت گەلی کوردستان بەو گوشارانە چۆك دابدات کە لەلایەن حکومەتی بەغداوە دەخرێنە سەر هەرێمی کوردستان»، لەسەر ئەم بنەمایە ڕاشکاوانە جیهانی ئاگادار کردەوە کە دەبێت گوێ لە دەنگی گەلی کوردستان بگیرێت بۆ ئەوەی خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، بەڵام لەم کاتەدا ڕووداوەکان هێندە بە خێرایی دەهاتنە پێش و لە پڕێکدا داعش سێ یەکی خاکی سووریا و عێراقی داگیر کرد و دەوڵەتی خەلافەتی ڕاگەیاند، دوای ئەوەش گۆڕینی ئاراستەی هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بەرەو هەرێمی کوردستان، بوونە هۆکاری ئەوەی کە هەموو لایەك بە دەوڵەتانی هاوپەیمانیشەوە تەنیا بە شەڕی دژی داعشەوە سەرقاڵ بن و، پرسی ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش دوا بخرێت.

لە دوای ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە و کۆتاییهاتنی بەرەی شەڕی دژی داعش لە سنووری هێزەکانی پێشمەرگەوە، سەرۆك بارزانی بە ڕاوێژ لەگەڵ «کۆی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و نوێنەرانی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان»، بڕیارێکی دەستەجەمعی لە حوزەیرانی ٢٠١٧ بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم درا و، ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیش بە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دیاری کرا.

ماوەی نێوان بڕیاری ڕیفراندۆم و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کەمتر لە چوار مانگ بوو، لەم ماوەیەدا سەرۆك بارزانی خرایە ژێر گوشارێکی زۆر گەورە بەوەی پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ کاتێکی دیکە دوابخات و، لەگەڵ ئەوەی گوێی بۆ هەموو لایەنە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان دەگرت، بەڵام هیچیان وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرۆك بارزانی-یان پێ نەبوو کە لێنانی دەپرسی: «باشە ئەگەر ڕیفراندۆممان دواخست، گەرەنتی بۆ چارەنووسی گەلی کوردستان چییە؟»

نەبوونی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە سەرۆك بارزانیی خستە ئەو دوو ڕێیانەی کە وەك مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٦١ و دوای پەشیمانبوونەوەی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم لە دەستووری کاتیی عێراق، بڕیاری «کوردستان، یان نەمان» هەڵبژارد و هەروەها سەرۆك مسعود بارزانی کەوتە هەمان دووڕێیان، یان دەبوو ڕازی بێت گەلی کوردستان بەشێك بێت لەو ڕژێمەی بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاوی هەڵگرتووە، یان دەبوو واز لە بوونی دەوڵەتێکی فیدراڵی بهێنێت، بۆیە بە هەمان شێوەی مستەفا بارزانی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی جێبەجێ کرد و، ئەو قەناعەتەی هەڵبژارد کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە جارێکی دیکە بڕیاری «کوردستان، یان نەمان» بدرێتەوە و ئەمەشی زۆر ڕاشکاوانە لە پەیامێکی زۆر کورتدا بە هەموو جیهان ڕاگەیاند: «نامەوێت شەرمەزاری بەردەمی میللەتی خۆم بم».

گەلەکۆمەکیی هەرێمی و نێودەوڵەتی هاوشانی بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵی، زۆر لە ناحەزان و دوژمنانی گەلی کوردستانی دڵخۆش کرد و پێیان وابوو کە گەلی کوردستان پشت لە ڕابەر و مەرجەعی خۆی

**سەرۆک بارزانی وەک ڕابەر و مەرجەعی کوردستان لەم قۆناغە هەستیار و مێژووییەدا، پێداگر بوو لەسەر ئەوەی «گەلی کوردستان نەبێتە بەشێک لەو دیکتاتۆریەتەی کە خەریکە بە تەواوەتی دروست دەبێت، هەروەها پێداگر بوو لەسەر ئەوەی کە نابێت گەلی کوردستان بەو گوشارانە چۆک دابدات کە لەلایەن حکومەتی بەغداوە دەخرێنە سەر هەرێمی کوردستان**

**سەرۆک بارزانی خرایە ژێر گوشارێکی زۆر گەورە بەوەی پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ کاتێکی دیکە دوابخات و، لەگەڵ ئەوەی گوێی بۆ هەموو لایەنە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان دەگرت، بەڵام هیچیان وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرۆک بارزانی-یان پێ نەبوو: «باشە ئەگەر ڕیفراندۆممان دواخست، گەرەنتی بۆ چارەنووسی گەلی کوردستان چییە؟»**

**گەلەکۆمەکیی هەرێمی و نێودەوڵەتی هاوشانی بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵی، زۆر لە ناحەزان و دوژمنانی گەلی کوردستانی دڵخۆش کرد و پێیان وابوو کە گەلی کوردستان پشت لە ڕابەر و مەرجەعی خۆی دەکات و ئیدی زەمینەی ئەوەیان بۆ خۆش دەبێت هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێننەوە**

**ئەو پەیامەی گەلی کوردستان لە هەر دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی (عێراق و کوردستان) بە هەموو لایەکی کوردستانی و لایەنە عێراقییەکانی ڕاگەیاند، ئەوە بوو کە سەرۆک بارزانی نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان دەکات و چارەنووسی گەلی کوردستان بە کورد و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی دیکە لە دەستی سەرۆک بارزانی-دایە**

دەکات و ئیدی زەمینەی ئەوەیان بۆ خۆش دەبێت هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێننەوە، بەڵام لەسەر ئاستی سەربازی و بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و ڕاوێژکارانی سەربازیی چەندین دەوڵەتی دیکە، لە بری «شکست و هەڵاتن»، داستانەکانی «پردێ و سحیلا و مەحموودیە»یان تۆمار کرد، ئەم سەرکەوتنانەی پێشمەرگە بەرامبەری ناچار کرد، پەنا بۆ گفتوگۆ بەرن، ئەو گفتۆگۆیەی کە پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم سەرۆک بارزانی داوای دەکرد.

دوای دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ و بەنیازی ئەوەی لایەنی بەرامبەر گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و کۆی کێشەکانی دەوڵەتی عێراق، دیالۆگ و لێکتێگەیشتنە لە چوارچێوەی دەستووری عێراق و جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەیە، سەرۆک بارزانی بڕیاری دا کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨ی عێراق بکات و، ئەوەشی لەو کاتەدا هەموو لایەك گرەوی لەسەر دەکرد، ئەوەبوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان گورزێکی گورجگبڕی بەردەکەوێت و لەم هەڵبژاردنەدا تێکدەشکێت، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو مەزندەکانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەدەستهێنانی ٢٥ کورسی «وێڕای بایکۆتکردنی لە کەرکووك» بووە یەکەم هێز لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق کە ئەو ئاکامە بەدەست بهێنێت، لەمەش سوپرایزتر هەر چەند مانگێك دوای ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا، جارێکی دیکە گەلی کوردستان لە ئەیلوولی ٢٠١٨ مەدالیای سەرکەوتنی بە ٤٥ کورسیی پەرلەمانی کوردستان کرد بە یەخەی پارتییەوە.

ئەو پەیامەی گەلی کوردستان لە هەر دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی (عێراق و کوردستان) بە هەموو لایەکی کوردستانی و لایەنە عێراقییەکانی ڕاگەیاند، ئەوە بوو کە سەرۆک بارزانی نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان دەکات و چارەنووسی گەلی کوردستان بە کورد و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی دیکە لە دەستی سەرۆک بارزانی-دایە و هەمووشیان پشت و پەنای ئەو ئامانجانەن کە ماوەی زیاتر لە ٦٠ساڵە بەڕێزیان چەکی پێشمەرگایەتی کردووەتە شانی و، ئێستاش کە جارێکی دیکە پرۆسەی سیاسی گەیشتووەتە چەقبەستن و بەرەو پاشاگەردانییەکی تەواو هەنگاو هەڵدەگرێت، هەموو لایەك چاوەڕێی دوابڕیاری سەرۆك بارزانی دەکەن، بەوەی لەم قۆناغە هەستیار و مێژووییەدا چ بڕیارێك دەدات، هەر بۆیە ئەوانەی دووربینانە سەیری هەموو هەڵوێستە مێژووییەکانی سەرۆك بارزانی-یان کردووە، دەزانن بڕیاری ئەمجارەشی وەك جارانی پێشووی بۆ خێری هەموو لایەك دەبێت و، ئامانجی ئەوەیە شەڕ و ئاشوب لە تەواوی عێراق کۆتایی بێت و گەلی کوردستان و گەلانی عێراق وەك هاووڵاتی پلە یەك بە شکۆمەندی لەناو وڵاتی خۆیان بژین.

## ● هەرێمی کوردستان کیانێکی دەستوورییە دەبێت بە دەستووریش مامەڵەی لەگەڵ بکرێت

شەخسی سەرۆك بارزانی و شاندی کوردستان بۆ نووسینەوەی دەستووری ٢٠٠٥ لە پێناوی ئەوە ماوەی ٥٣ ڕۆژ لە بەغدا مانەوە، بۆ ئەوەی دەستوور ببێتە مەرجەع بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بە گشتی و کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بەتایبەتی و، ئەگەر نییەتی باش هەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەی کە تەواوی لایەنە سیاسییەکانی شیعە «ئیمزایان» لەسەر کردووە، ئەوا چیتر پێویست بەوە ناکات کە هەرێمی کوردستان و بەغدا دانوستاندن لەسەر کێشەکانی نێوانیان بکەن و، ئەو دەستوورە نەخشە ڕێگەی دروستی بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان داناوە.

لە ئێستادا کە پرۆسەی سیاسیی عێراق لەناو پاشاگەردانییەکی ڕاستەقینەدایە و هەموو ئەگەرە خراپەکان بە ڕووی پرۆسەی سیاسیی عێراق کراوەن و، پەرلەمانتارانی تەیاری سەدر کە ژمارەیان «٧٣ پەرلەمانتارە» و گەورەترین فراکسیۆنی ناو پەرلەمانی عێراقن، دەستیان لە کار کێشاوەتەوە و، لە بەرامبەردا لایەنەکانی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» سەرقاڵی ئەوەن شاند پێکبهێنن و بکەونەوە دانوستاندن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکە بۆ

پێکهێنانی حکومەت، ئەوا ئاراستەی خوێندنەوە سیاسییەکان بەرەو ئەوە ناچێت کە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بتوانن بە ئاسانی لەم کارەیان سەرکەوتوو بن و، باشیش دەزانن کە هەورازە سەختەکەی «سەری بڵند» بە ئاسانی نابڕدرێت.

باڵیۆزی تازەی ئەمریکا «ئالینا ڕۆمانۆسکی» کە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ هەر یەك لە «سەرۆك بارزانی، سەرۆکی هەرێم، سەرۆك وەزیران» کۆبووەوە، وەك لەو هەواڵانە گوێبیستی بووین سەبارەت بە ناوەرۆکی وتووێژەکان، دیارە یەکێك لە گرنگترین باسەکان بریتی بووە لە پرۆسەی سیاسیی ئێستای «چەقبەستوویی پرۆسەی سیاسی» لە بارەگای بارزانی و لای شەخسی سەرۆك بارزانی-یە، لەخۆڕا ئەم قسەیە ناکەن و دەزانن کە سەرۆك بارزانی سازش لەسەر مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان ناکات و، ئەوەی لا گرنگ نییە چ لایەنێك، یان چ کەسێك حکومەتی داهاتوو پێکدەهێنێت، بەڵکو ئەوەی لای سەرۆك بارزانی گرنگە «چاوپێداگێڕانەوەیە بە شێوازی حوکمڕانی لە دەوڵەتی عێراقدا»، ئەم پەیامەی بارزانی ئەگەر هەڵوەستەی لەسەر بکەین و زیاتر ڕوونی بکەینەوە، ڕاشکاوانە ئەو پەیامە بە هەموو لایەك دەدات کە ئێستا عێراق لەو شێوازی حوکمڕانییە لای داوە کە دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ چوارچێوەکەی بۆ دیاری

**سەرۆک بارزانی سازش لەسەر مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان ناکات و، ئەوەی لا گرنگ نییە چ لایەنێک، یان چ کەسێک حکومەتی داهاتوو پێکدەهێنێت، بەڵکو ئەوەی لای سەرۆک بارزانی گرنگە چاوپێداگێڕانەوەیە بە شێوازی حوکمڕانی لە دەوڵەتی عێراقدا**



عێراق و هەوڵەکان بۆ پێکهینانی حکومەتی داهاتوو لە عێراقدا، بەڵام ئەوەی کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا جەختی لەسەر کردووەتەوە ئەوە بووە کە « هەرێمی کوردستان کیانێکی دەستووری ددانپێدانراوە لە دەستووری عێراق و دەبێت بەپێی ئەو دەستوورە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەم پرسەش تەنیا تایبەت نییە بە کێشەیەك و دووانی هەرێم لەگەڵ بەغدا، بەڵکو پەیوەستە بە کۆی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە ناو دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا».

شرۆڤەکار و چاودێرانی سیاسی کە هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کلیلی کردنەوەی کردووە و، ئەگەر نییەتان هەیە بگەڕێنەوە بۆ ئەو نەخشە ڕێگایە و جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە وەك خۆی، ئەوا نە هیچ لایەك پێویستی بە دانوستاندنە، نە عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەردەوام لە کێشە و تەنگژەدا دەبن.

لەگەڵ ئەوەی خوێندنەوەی واقیعی ئێستای پرۆسەی سیاسیی عێراق، هیچ گەشبینییەك لای چاودێری سیاسی دروست ناکات، بەڵام ئەو مەترسییانەش ڕوو لە زیادبوونن کە بەردەوامبوونی دەرهاویشتە ترسناکەکانی حاڵەتی نادەوڵەتیی عێراق نەك عصراق وەك دەوڵەت بەرەو لێواری هەڵدێر دەبات، بەڵکو بە تەواوەتی بەرەو شکست و دەوڵەتی فاشیلی دەبات.

**ئەوەی کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا جەختی لەسەر کردووەتەوە، ئەوە بووە کە « هەرێمی کوردستان کیانێکی دەستووریی ددانپێدانراوە لە دەستووری عێراق و دەبێت بەپێی ئەو دەستوورە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**



**پ. د. قادر محەمەد**

ڕاگری کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەڵاحەدین بۆ گوڵان:

# ڕیفراندۆم دەستکەوتێکی گەورەی سەرۆک بارزانی و گەلی کوردستانە و دیکۆمێنتێکی مێژوویی و سیاسی و یاساییە

**«هیـچ کـەس و لایەنێـك ناتوانێـت مێـژوو بـە لاڕێـدا ببـات و بڵێـت میللـەت لـە ڕیفراندۆمـدا بڕیارێکی هەڵـەی دا، مـادام حزبیـت و سیاسـەت و کاری پەرلەمانـی دەکەیـت، دەبێـت ئـەو ڕاسـتییە بزانیـت کـە نوێنـەری گەلیـت، گەلیـش نوێنەرێکی ناوێت دەستبەرداری مافـە نەتەوەیـی و یاسایی و شـەرعییەکانی بێـت. بـۆ سـەرۆك بارزانـی کۆکردنـەوەی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی بـە هەمـوو نەتـەوە و ئاییـن و ئایینـزا و هێزە ناوخۆییەکانـەوە کارێکـی گرنـگ بـوو، بەمـەش فشـارە دەرەکییـەکان نەیانتوانـی ئـەو هێز و سیاسـەتمەدارانە بـە ئاراستەیەکی دیکـەی دژی نەتـەوەی کـورد و کوردسـتاندا ببـەن و، لـەم دەسـتکەوتە میللییـەدا بێبەشـی بکـەن».**

**دژایەتیکردنـی کـورد لـە عێـراق و تێکچوونی بارودۆخەکـە و باڵادەسـتیی ئـەو میلیشـیات و گرووپـە چەکـدار و بـە نـاو سیاسـییانەی دژی هەرێمـی کوردسـتان هەڵسـوکەوت دەکـەن، هەڕەشـەی گـەورەن لەسـەر قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان، هەمـوو ئـەم دوژمنکارییانـە ئـەوە دەخوازێـت کـورد بیـر لـە ڕێگـە چارەسـەری دیکـە بکاتـەوە و، خـۆی بـۆ هەمـوو ئەگـەرەکان ئامـادە بـکات، ئـەم دژایەتیکردنـەش مێژوویەکی کۆنـی هەیـە و جێبەجێکردنـی پرۆسـەی ڕیفراندۆمیـش هـەر لـە ئاکامـی چارەسـەرنەکردنی کێشـەکانی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق هـات، بـۆ قسـەکردن لەسـەر ئـەو وانانـەی ڕیفرانـدۆم فێـری کردیـن، چەنـد پرسـیارێکمان ئاراسـتەی پرۆفیسـۆر دکتـۆر قـادر محەمـەد ڕاگـری کۆلێـژی ئاداب لـە زانکـۆی سـەلاحەدین و پسـپۆڕ و شـارەزای مێژوویـی کـرد و، بـەم جـۆرە وەڵامـی پرسـیارەکانی گوڵانـی دایـەوە.**

*** وەك پسـپۆڕ و شـارەزایەکی بـواری مێـژوو، دەکرێت بزانیـن هەڵسـەنگاندنتان بۆ پرسی بڕیاردانی ڕیفرانـدۆم چییـە؟ ئایـا تاچەنـد ڕیفرانـدۆم دەنـگ و ڕەنـگ و نەتـەوە و ئاییـن و ئایینزاکانـی کوردسـتانی یـەك خسـت و کۆدەنگیـی لـێ کەوتـەوە؟**

- ڕیفرانـدۆم هەنگاوێکـی مێژوویـی گرنـگ بـوو بـە ئاراسـتەی وەرگرتنـی ڕای خەڵـك لەسـەر ئاینـدەی سیاسـی و چارەنووسـی خـۆی، بەتایبەتـی لـە وڵاتێکـدا کـە سـەدەیەك زیاتـرە مافەکانـی پێشـێل دەکرێـت و دژایەتیـی ڕاسـتەوخۆ دەکرێـت، وەرگرتنـی ڕاوبۆچوونـی خەڵـك لەسـەر چارەنووسـی ئاینـدەی لەگـەڵ عێـراق و دراوسـێ و میللەتانـی دەوروبـەردا گرنگیـی خـۆی هەیـە، ئـەم پرسـە پێشـتر لـە مێـژووی گەلـی کـورد تەنیـا لـە یـەك قۆناغـی مێژوویـدا هەبـووە و پـرس کـراوە، ئـەوە بـوو لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٢٥ و سـەرەتاکانی سـاڵی ١٩٢٦ سـەروبەندی دانانـی مەلیـك فەیسـەڵ مەسـەلەی پرسـپێکردنی خەڵك بە لکاندنی ویلایەتی مووسـڵ (کوردسـتانی باشـوور) بـە عێراقـەوە کـرا، هەرچەنـدە بـەم فـۆرم و شـێوازەی ئێسـتا نەبـوو، جگـە لـەم حاڵەتـە هەمـوو ئـەو هێـز و دەسـەڵات و حکومەتانـەی عێراقیـان بەڕێـوە بـردووە، پرسـیان بـەم شـێوازە بـە گەلـی کـورد نەکـردووە، بـەوەی ئاینـدەی سیاسـی و پێکەوەژیانت لەگـەڵ نەتەوەکانـی دیکـەدا چـۆن بێـت، بەڵکـو بـەردەوام وەکـو هاووڵاتـی پلـە دوو لەسـەر زێـدی بـاب و باپیرانـی سـەیر کـراوە. هەمـوو هێـزە ئیقلیمـی و نێودەوڵەتییـەکان ددان بـەو ڕاستیەدا دەنێن کە میللەتی کورد مافی خۆیەتی سـەربەخۆ بێـت، مێـژووی پڕ لـە خوێنـاوی و خەبـات و ژمـارەی زۆری دانیشـتووانمان و ڕەسـەنایەتیی کـورد لـەم وڵاتـە، ئـەوە دەخوازێـت ڕێـز لـە ویسـت و ئیرادەمـان بگیرێـت، نـەك ئـەوان ببنـە خـاوەن مـاڵ و ئێمـە بێگانـە و میکانیزمـی تونـد لـە دژی کـورد بـەکار بهێنـن.

**مێژووی پڕ لە خوێناوی و خەبات و ژمارەی زۆری دانیشتووانمان و ڕەسەنایەتیی کورد لەم وڵاتە، ئەوە دەخوازێت ڕێز لە ویست و ئیرادەمان بگیرێت، نەک ئەوان ببنە خاوەن ماڵ و ئێمە بێگانە و میکانیزمی توند لە دژی کورد بەکار بهێنن**

سـەبارەت بـە تـەوەری دووەمـی پرسـیارەکە کـە تایبەتـە بـە یەکدەنگـی و کۆکردنـەوەی هەمـوان

**ڕۆڵی سەرۆک و سەرکردە لە سەرخستنی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا زۆر گەورەیە، بەتایبەتی لە سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم کە سەرەڕای فشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا**

**بەردەوام کاریان لەسەر سڕینەوەی ناسنامەی کورد کردووە و، ماکینەی ڕاگەیاندن و دەزگاکانیان لە دژی هەرێم و هەموو ئەو کەسایەتی و سەرکردە کوردستانییانە بەکار هێناوە کە کۆڵەکەی نەتەوە و قەوارەن و پرسی کوردی لەسەر بونیات نراوە**

**ڕیفراندۆمی کوردستان لە ناو گەلان و حکومەتەکانی جیهاندا وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بوو، چونکە خواست و ویستی گەلی کوردستانی بۆ هەموو گەلانی جیهان ئاشکرا کرد کە سەربەخۆیی و دەوڵەتی خۆی دەوێت**

**میللەتێک کۆمەڵکوژ کرابێت و گوند و خاکەکەی وێران کرابێت و بە چاوێکی دوژمنکارانەوە سەیر کرابێت، بێگومان هەر بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دەنگ دەدات**

بۆ سەرخستنی ڕیفراندۆم، ئەوە سەرۆک مەسعود بارزانی بوو وەکو سیمبول و ڕابەرێکی نەتەوەیی کورد بۆ یەکەم جار توانی هەموو پێکهاتەکان بە ڕەنگ و ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە بە ئاراستەی یەکدەنگی بۆ پرسی چارەنووسی گەلی کوردستان ببات.

*** سەبارەت بە ڕۆڵی سەرکردە لە سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، ئایا چی وای لە هەموو خەڵک کرد لە دەوری سەرۆک بارزانی کۆببنەوە و، وا لەو هێزە سیاسییانەش بکات کە نەتوانن لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا لابدەن؟**

- ڕۆڵی سەرۆک و سەرکردە لە سەرخستنی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا زۆر گەورەیە، بەتایبەتی لە سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم کە سەرەڕای فشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا، ڕیفراندۆم لە ناو ئەو میللەت و نەتەوانەی دامەزراون و خاوەنی پێگەی سیاسیی خۆیانن، ڕەنگە ئاسان بێت، بەڵام بۆ میللەتێکی وەکو ئێمە کە بەو هەموو دوژمنکاری و چەوسانەوە و کۆمەڵکوژییەدا تێپەڕ بووبین، کارێکی هێندە ئاسان نییە، بەتایبەتی لە ناو دەوڵەتێکی عەسکەرتاریەت و پڕ لە میلیشیاتی چەکدار و ئەجێندەی دەرەکی و هەستیاریی پرسی کورد لە لای وڵاتانی دیکەی وەک ئێران و تورکیا و سووریا، خۆ بەغدای کۆن و نوێ لە دژایەتیکردنی گەلی کورد و قەوارەکەیدا بە شێوازی جیا و پاساوی جیاواز بەردەوامە، ئەوان بەردەوام کاریان لەسەر سڕینەوەی ناسنامەی کورد کردووە و، ماکینەی ڕاگەیاندن و دەزگاکانیان لە دژی هەرێم و هەموو ئەو کەسایەتی و سەرکردە کوردستانییانە بەکار هێناوە کە کۆڵەکەی نەتەوە و قەوارەن و پرسی کوردی لەسەر بونیات نراوە. نوخبەی سیاسی و حزب و لایەنەکانیش ئاسان نەبوو کۆدەنگ بن لەسەر پرسێکی وا چارەنووسساز، ئەوە کەسایەتیی سەرۆک بارزانی بوو هەموانی کۆکردەوە و بە یەک ئاراستەی نەتەوەیی و نیشتمانی وەریچەرخاندن، بەتایبەتی ئەو هێز و حزب و لایەنە سیاسییانەی خاوەنی خەبات و قوربانیدان بوون .

*** لە کاتێکدا ڕیفراندۆم مافێکی ڕەوای هەموو نەتەوەکان بێت و ڕێز لە ڕاو خواستی خەڵک بگیرێت، ئایا تاچەند گرنگ بوو گەلانی ئازادیخوازی جیهان خواست و ویستی گەلی کوردستانی باشوور بزانن، کە چ چارەنووس و ئایندەیەکیان دەوێت؟**

- ڕیفراندۆمی کوردستان لە ناو گەلان و حکومەتەکانی جیهاندا وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بوو، چونکە خواست و ویستی گەلی کوردستانی بۆ هەموو گەلانی جیهان ئاشکرا کرد کە سەربەخۆیی و دەوڵەتی خۆی دەوێت، ناکرێت چیتر ئەم پرسە لە ناوەندە جیهانییەکاندا پشتگوێ بخرێت، ڕیفراندۆم بە ئاراستەیەکی دروستدا برا، بەوەی خەڵکی ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر ئایندە و چارەنووسی خۆیان دیاری کرد کە لەگەڵ عێراق بمێننەوە، یان سەربەخۆ بن، میللەتێکیش کۆمەڵکوژ کرابێت و گوند و خاکەکەی وێران کرابێت و بە چاوێکی دوژمنکارانەوە سەیر کرابێت، بێگومان هەر بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دەنگ دەدات، بەمەش لە ڕیفراندۆمدا دوو دەستکەوتمان دەستکەوت، یەکەمیان: ڕێزگرتن و گەڕانەوەیە بۆ ڕای خەڵک و میللەت کە لە سیاسەتدا فۆرمی جیاوازی هەیە، سەرۆک بارزانی دەیتوانی ئەو کاتە ئەم پرسە تەنیا لە ناو پەرلەماندا یەکلا بکاتەوە، بەو پێیەی پەرلەمانتاران نوێنەری گەلن، بەڵام دەیزانی بۆ پرسێکی وا گرنگ گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵک متمانەی زۆر زیاترە لە پەرلەمان. دەستکەوتی دووەمی: ئەو پێکهاتە و کۆمەڵگەیەی دوای ئەوەی پرسی پێ کرا، بڕیاری یەکلاکەرەوەی بە «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی» دا و، سەربەخۆیی بە مافی ڕەوای خۆی لە ناو گەلانی جیهاندا زانییەوە، کە هەموان خاوەنی قەوارە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن، ئیتر بۆ نابێت کوردیش لە نێو میللەتانی دونیادا خاوەنی قەوارە و پێگەی شوێنی سیاسیی خۆی بێت.

*** لە دەستپێکی پرسی ڕیفراندۆم و تا ڕۆژی ئەنجامدانی، دژایەتییەکی زۆر کرا، بەوەی پرۆسەکە دوا بخرێت، یان نەکرێت، چی وای کرد گەلی کورد بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا نەکەوێتە ژێر فشار و پاڵەپەستۆ دەرەکییەکان؟**

- ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددی و لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم وانەیەکی دیکەی ئەم پرۆسە گرنگە بوو، دەزانیت بۆ من و تۆ نییە مێژوو بە لاڕێدا ببەین و بڵێین میللەت لە ڕیفراندۆمدا بڕیارێکی هەڵەی دا، تۆ مادام حزب و سیاسەت و کاری پەرلەمانی دەکەیت، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانیت تۆ نوێنەری

گەلی، گەلیش نوێنەرێکی ناوێت دەستبەرداریی مافە نەتەوەیی و یاسایی و شەرعییەکانی بێت. بۆ سەرۆك بارزانی کۆکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردستانی بە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزا و هێزە ناوخۆییەکانەوە کارێکی گرنگ بوو، بەمەش فشارە دەرەکییەکان نەیانتوانی ئەو هێزو سیاسەتمەدارانە بە ئاراستەیەکی دیکەی دژی نەتەوەی کورد و کوردستاندا ببەن و لەم دەستکەوتە میللییەدا بێبەشی بکەن. سەرۆك بارزانی مانۆڕی سەربازی و هەڕەشە و گەمارۆ کاری تێ نەکرد و، ئامادە نەبوو سازش لە خواست و ویستی نەتەوەکەی بکات، لێرەدا مەرجەع و سەرکردە دەردەکەوێت کە بۆ بەرژەوەندیی خۆی سازش ناکات و بۆ مێژوو دەستکەوتێك بۆ نەتەوەکەی بەجێ دەهێڵێت، کە هەر کاتێك چەوسانەوە و مەترسیی کۆمەڵکوژیی لەسەر بوو و زانی دەوڵەتی عێراق لە هەموو بەڵێن و پرەنسیپە دیموکراتی و پاراستنی مافەکانی گەلی کورد کەمتەرخەم بوو، ئەو کات دەتوانێت دەرئەنجامی ڕیفراندۆمەکە جێبەجێ بکات. لەگەڵ ئەمەشدا سەرۆك بارزانی بەرامبەر هەموو ئەو هێز و دەوڵەتە دەرەکییانەی داوای دواخستنی ڕیفراندۆمیان دەکرد و، هیچ گەرەنتی و بەڵێنێکیان بە گەلی کورد نەدەدا، بەوەی ئایا ١- گەرەنتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە داهاتوودا چییە؟

٢- ئایا دەرئەنجامی ڕیفراندۆمەکە لە داهاتوودا سەرکەوتوو دەبێت؟

٣- ئایا هێزە سیاسییەکان لە دەوری ئەو گوتارە کۆدەبنەوەو یەکدەنگ دەبن؟

*** خاڵێکی دیکەی دەستکەوتی ڕیفراندۆم ئەوە بوو بۆ یەکەم جار لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم خەڵك ئازادانە دەنگیان دا، ئایا تاچەند گرنگ بوو کەرکووکییەکان و تەواوی خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان بەشداریی پرۆسەی ڕیفراندۆم بکەن؟**

- ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و بەشداریکردنی کوردستانییانی ئەو ناوچەیانە یەکێکە لە دەستکەوتە گەورەکانی دیکەی ڕیفراندۆم، چونکە ئەمە گورزێکی گەورەیە لە تەعریب و تەرحیل و گۆڕینی دیموگرافیای ناوچە کوردستانییەکان کە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر کەوتوونەتە ژێر فشارێکی سەربازی و چەکداری و تەرحیلەوە، خەڵکی ئەو ناوچەیانە وێڕای هەموو فشارەکان گەرموگوڕتر و جدیتر هاتنە ناو پرۆسەکە و بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەنگیان دا.

*** وەك ئاماژەت پێ دا ڕیفراندۆم دوژمنایەتییەکی زۆری هێزە عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی لێ کەوتەوە، پرسیار ئەوەیە لە لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم فێری چی بووین؟**

- ڕیفراندۆم فێری کردین ئەگەر ناکۆکیی سیاسییش لە نێوان هێزە سیاسییەکان و حزبەکاندا هەبێت، بەڵام بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییمان هەیە و دەکرێت خاڵی هاوبەشمان هەبێت و ناکۆکییە لاوەکییەکان وەلا بنێین، لە ڕیفراندۆمدا پەند و عیبرەتی زۆرمان وەرگرت، بەتایبەتی ئەوەی کە هێشتا چیاکان دۆستی کوردن و پارێزراو نین، لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم فێری کردین ((ئێمە دۆستمان هەیە، بەڵام مەرج نییە لە کاتی تەنگانەدا لەگەڵمان بن، بەڵکو ئەگەری زۆرە پشتمان تێ بکەن))، بۆیە بۆ ئێمە زۆر پێویستە لە نێوخۆماندا هەمیشە یەکگرتوو و تەبا بین، زۆر جار ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و دەستەبژێری ئێمە وا هەست دەکات لە ڕیفراندۆمدا شکستمان هێنا، لەکاتێکدا هەرگیز وا نییە، لە دژایەتیکردنی ڕیفراندۆمیشدا پەند و عیبرەتمان وەرگرت، بەوەی بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو هێز و کەسانە بکەین کە مۆرکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییان نییە، بەڵام ئەگەر بەرەی ناوخۆ بەهێز بێت، هەرگیز ناتوانرێت وا بە ئاسانی دژایەتیمان بکرێت، دەبێت ڕیفراندۆم لە وانەکانی قوتابخانە و مێژوودا بخوێندرێت و گەنجەکانمان فێر بکەین ڕیفراندۆم دەستکەوتێکی گەورەیە و، دەکرێت لە داهاتوودا پەند و عیبرەتی لێ وەربگرن و هەلێکی باشتر بدۆزنەوە بۆ جێبەجێکردنی و پێویستە لە ناوەندەکانی خوێندن و بەڵگەنامە مێژوویی و توێژینەوەکانی قوتابیاندا گرنگی بە ڕیفراندۆم بدرێت. ئێستاش ئەگەر هەلومەرجی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوخۆیی گونجاو بێت و پاڵپشتیمان بکرێت، دەکرێت دەرئەنجامی هەڵبژاردن جێبەجێ بکەین، چونکە وەکو دیکۆمێنتێکی مێژوویی و سیاسی و یاسایی هەمیشە ڕیفراندۆممان وەکو بەڵگەنامەیەك بەدەستەوەیە، بەتایبەتی ئەگەر بارودۆخی ئەمجارەی عێراق بەرەو تێکچوونی سیاسی و ناسەقامگیری ڕۆیشت و، هەڕەشەی زیاتر کرایە سەر هەرێمی کوردستان.

**سەرۆک بارزانی دەیتوانی ئەو کاتە ئەم پرسە تەنیا لە ناو پەرلەماندا یەکلا بکاتەوە، بەو پێیەی پەرلەمانتاران نوێنەری گەلن، بەڵام دەیزانی بۆ پرسێکی وا گرنگ گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵک متمانەی زۆر زیاترە لە پەرلەمان**

**سەرۆک بارزانی مانۆڕی سەربازی و هەڕەشە و گەمارۆ کاری تێ نەکرد و، ئامادە نەبوو سازش لە خواست و ویستی نەتەوەکەی بکات، لێرەدا مەرجەع و سەرکردە دەردەکەوێت کە بۆ بەرژەوەندیی خۆی سازش ناکات و بۆ مێژوو دەستکەوتێک بۆ نەتەوەکەی بەجێ دەهێڵێت**

**ڕیفراندۆم فێری کردین ئەگەر ناکۆکیی سیاسییش لە نێوان هێزە سیاسییەکان و حزبەکاندا هەبێت، بەڵام بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییمان هەیە و دەکرێت خاڵی هاوبەشمان هەبێت**

**دەبێت ڕیفراندۆم لە وانەکانی قوتابخانە و مێژوودا بخوێندرێت و گەنجەکانمان فێر بکەین ڕیفراندۆم دەستکەوتێکی گەورەیە و، دەکرێت لە داهاتوودا پەند و عیبرەتی لێ وەربگرن و هەلێکی باشتر بدۆزنەوە بۆ جێبەجێکردنی و پێویستە لە ناوەندەکانی خوێندن و بەڵگەنامە مێژوویی و توێژینەوەکانی قوتابیاندا گرنگی بە ڕیفراندۆم بدرێت**



ئەبوبەکر کاروانی
نووسەر و سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# دۆخی عێراق ئاڵۆزە و ئایندەش بە ڕووی چەند ئەگەرێکدا کراوەیە

**ڕەنگە لە ئێستادا کەمترین شتێك کە لە بارەی دۆخی عێراقەوە بوترێت، ئەوەیە کە نادڵنیایی باڵی بەسەردا کێشاوە و، پرۆسە سیاسییەکە لەم وڵاتەدا دوچاری چەقبەستن و بە بنبەستگەیشتنێکی توند بووەتەوە، هاوکات لە هەرێمی کوردستانیشدا چارەسەرکردنی کێشەکان و باشترکردنی دۆخەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان پێویستی بە لێکتێگەیشتنی لایەنەکان و یەکخستنی هەوڵی هەموو لایەنێکە، ئەم پرسانە و چەند پرسێکی دیکە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ئەبوبەکر کاروانی نووسەر و سیاسەتمەدار.**

*** هیچ کاتێك وەك ئێستا پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا ئاڵۆز و چەقبەستوو نەبووە و، ئێستا پرۆسەکە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە هەموو ئەگەرەکانی لە بەردەمدا کراوەیە، هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لەو پرۆسەیە لە ناو ماڵی خۆیدا دابەش بووە و تێڕوانێکی هاوبەش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە نییە، ئایا پەرتەوازەیی نێوماڵی کورد لە ناو ئەو پرۆسە سیاسییە ئاڵۆز و چەقبەستووەی عێراقدا، تا چەند کاریگەریی لەسەر ئارامی و تەناهیی هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

- ئاشکرایە کە بارودۆخی عێراق بە چەشنێك ئاڵۆزە، نازاندرێت ئاراستەی ڕووداوەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن، ئایندەش بە ڕووی زیاتر لە ئەگەرێکدا کراوەیە، لە هەمان کاتدا پەرشوبڵاویی هێزە کوردییەکان، بەتایبەتی (یەکێتی و پارتی) و نەبوونی نەخشەڕێگەیەکی هاوبەش بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعە ئاڵۆزەکە و سیناریۆیە پێشبینیکراوەکان و گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان، تێکڕا دەبنە هۆی لاوازبوون و کەمبوونەوەی پێگە و ڕێزی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، ئەوەش ئەگەر سنووری بۆ دانەنرێت، سەردەکێشێت بۆ زیاتر لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان و بێمتمانەبوونی زۆرتری هێزەکان بە یەکتر و خەڵکیش بە حکومەت و دەستەبەژێری سیاسیی حوکمڕان لە کوردستاندا. بە جۆرێك لەم ڕووەوە دەکرێت بگوترێت مانەوەی دۆخەکە بەم شێوەی ئێستا، دەبێتە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان وەك قەوارە و گەلی باشووری کوردستانیش باجێکی گەورە لەو پێناوەدا بدەن.

*** هێزەکانی شیعە خۆیان لە ناو خۆیان پێك نایەن و لە بەرامبەردا لایەنەکانی ئیتاری تەنسیقی شیعە بە ڕێگەی بەکارهێنانی بەناو دادگای فیدراڵی هەڕەشە لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەر ڕۆژەی بە بیانوویەك و بە بڕیارێکی بەناو دادگای فیدراڵی هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکەن، ئایا بە ڕای ئێوە چۆن هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەشێك لە عێراق بێت، لە کاتێکدا هێزە سیاسییەکانی شیعە لە عێراقدا هەوڵ بۆ لەناوبردنی ئەم هەرێمە دەدەن؟**

- بە داخەوە، بژاردەکە بە پلەی یەکەم لە دەستی ئێمەدا نییە کە بەشێك بین لە عێراق، یان نا، دواتر بارودۆخی ناوخۆمان و بوونی هەرێمێکی نیمچە لێکترازاوی پڕ لە ناکۆکیی سیاسی و قەیراناوی، نەبوونی هێزێکی نیشتمانیی تۆکمە و ئیرادەیەکی سیاسیی یەکگرتوو، پەیوەندیەکی ڕێکخراوی هەرێمایەتیی هاوبەش، وایان کردووە نەتوانین سەقفی خواست و داواکارییەکانمان لەوەی ئێستا زیاتر بەرز بکەینەوە. ئەو هەوڵەی لە ٢٠١٧ درا، بەڵگەیەکی ڕوون بوو لەسەر ئەوەی ناوخۆی کوردستان چەند شپرزەیە، بیرکردنەوەکان چەند لۆکاڵین و لە ئاستی ناوچەیی و حزبیدان، هێشتا لە بازنەی بوغز و کینەی مێژووی بەرامبەر یەکدی ڕزگارمان نەبووە، بەتایبەتیی یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، دواتر وڵاتانی هەرێمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هێشتا مانەوەی عێراق بەم جۆرەی ئێستا لە بەرژەوەندیی خۆیان دەزانن و پێیانوایە دروستبوونی دەوڵەتێکی نوێ

**مانەوەی دۆخەکە بەم شێوەی ئێستا، دەبێتە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان وەک قەوارە و گەلی باشووری کوردستانیش باجێکی گەورە لەو پێناوەدا بدەن**

**وڵاتانی هەرێمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هێشتا مانەوەی عێراق بەم جۆرەی ئێستا لە بەرژەوەندیی خۆیان دەزانن و پێیانوایە دروستبوونی دەوڵەتێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (واتە لە باشووری کوردستان) هەڕەشەیە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان**

**ئێمە لەم قۆناغەدا ناچارین وا بیربکەینەوە کە بەشێکین لە عێراق، بۆیە دەبێت کێشەکانمان لەو چوارچێوەدا چارەسەر بکەین کە عێراق ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە و وەک دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئێمەش هەرێمێکین و دەوڵەت نین**

**هەرێمێکی یەکگرتوو و خاوەن سیاسەتێکی هاوبەشیش نین، کە ئەگەر وا بووینایە دەمانتوانی قورسایی و بارگرانیی سەرشانمان زۆر سووک بکەین و زۆرتر سوود لە دەرفەتەکان وەربگرین**

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (واتە لە باشووری کوردستان) هەڕەشەیە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان، هەروەها لەسەر ئەو نەخشەی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بۆ ناوچەکەیان کێشاوە. کەواتە لە هەموو حاڵەتێکدا ئێمە لەم قۆناغەدا ناچارین وا بیربکەینەوە کە بەشێکین لە عێراق، بۆیە دەبێت کێشەکانمان لەو چوارچێوەدا چارەسەر بکەین کە عێراق ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە و وەك دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئێمەش هەرێمێکین و دەوڵەت نین، کە بە داخەوە هەرێمێکی یەکگرتوو و خاوەن سیاسەتێکی هاوبەشیش نین، کە ئەگەر وا بووینایە دەمانتوانی قورسایی و بارگرانیی سەرشانمان زۆر سووك بکەین و زۆرتر سوود لە دەرفەتەکان وەربگرین و، ئاسۆی نوێ و ناوازەتر لە بەردەمماندا بکەینەوە، بەڵام دەبێت لە هەموو حاڵەتەکاندا بە هۆشیارییەوە مامەڵە بکەین، بۆ ئەوەی ئەگەر لە ئایندەدا دەرفەتێکی مێژوویی بە قازانجی دۆزەکەمان هاتەپێشەوە، بە ئاقاری چارەسەری ڕیشەیی و سەربەخۆیی سوودی لێ وەربگرین. جەخت لەوە دەکەمەوە کە بەم جۆرەی ئێستا ناتوانین وەك پێویست سوود لە دەرفەتەکان وەربگرین، ئەگەر بێت و ئێمە ناوماڵی خۆمان ڕێك نەخەین و دووبارە ئیرادە و ئیدارەی خۆمان بینا نەکەینەوە و، هەرێمی کوردستان نەکەین بە هەرێمێکی یەکگرتوو و دەسەڵاتێکی ناوەندی تێدا نەبێت و ماف و ئازادییەکان پارێزراو نەبن و، ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ دژایەتیی گەندەڵی و بەدیهێنانی چاکسازی لە ئارادا نەبێت و، هێزەکان ستراتیژییانە بیر نەکەنەوە، تەنانەت ئەوەی ئێستاش هەمانە لە بەردەم هەڕەشەو مەترسیدا دەبێت.

*** ئەوەی ئێستا باسی لێوە دەکرێت، ئەو هەڕەشە و مەترسییانەیە کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە و، تەنانەت جنین بلاسخارت نوێنەری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم پرسەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان باس کرد، کە گەڕاشەوە بۆ عێراق لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کۆ بووەوە، ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەو هەڕەشە و مەترسییانە دەکەن کە ئیستا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە؟**

- ڕوونە هەرێمی کوردستان هەرێمێکە هیچ پارێزبەندییەکی نێودەوڵەتیی نییە، واتە دەوڵەت نییە، بەڵکو مانەوەی بەندە بە کۆمەڵێك گەرەنتییەوە، گەرەنتییەکانیش هەموویان مەرج نییە تا سەر بن، بۆ نموونە یەکێك لە گەرەنتییەکان دەستووری عێراقە کە ڕێگە نادات لە دەرەوەی ئیرادەی زۆرینەی پارێزگاکان لە هەر هەموارکردنەوەیەکی دەستووردا ئەو ماف ودەسەڵاتانە کەم بکرێنەوە کە دەستوورەکە بە هەرێم و دامەزراوەکانی بەخشیوە، کەچی بە داخەوە ناکۆکی و قەیرانە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان لە پاڵ قەیرانە ئابوورییەکەدا، کارێکیان نەکردووە وەك گرەنتییەکی بەهێز و زەمانەتێك نەمێنێت، یان لاواز ببێت. ئێمە لە یەك دوو ساڵی ڕابردوودا شاهێدی ئەوە بووین کە ئەگەر پەرەسەندنێکی لەم شێوەیە بهاتایەتە ئاراوە، پێ دەچوو هەندێ پارێزگای کوردستان بە قازانجی مانەوەی هەرێم بەم جۆرەی ئێستا بڕیار نەدەن، ئەمە هەقیقەتێکە و دەبێت بڕیاربەدەستی ئەم وڵاتە لە کاتی داڕشتنی سیاسەتدا حیسابی بۆ بکات و ئاگای لە خۆی بێت. جگە لەوە هەر لەم چوارچێوەدا لە هەندێ دۆخدا ئەگەری کودەتاکردن بە سەر دەستوور و لەکارخستنی لە بەغدا لەئارادایە، گرەنتی دووەمیشیان پشتیوانیی خۆرئاوایە، بەتایبەتیش ئەمریکا و فەرەنسا، بە حوکمی ئەوەی هەموو ئەکتەرێکی نادەوڵەتی (وەك هەرێمی کوردستان) پێویستی بە لایەنگری و پشتیوانیی هەندێك هێزی نێودەوڵەتی هەیە، لە ڕابردووشدا ئەمریکا و فەرەنسا و هەندێ هێزی دیکەش ئەو ڕۆڵەیان بۆ هەرێم بینیوە. پێموایە ئەگەر ئەمریکییەکان و فەرەنسییەکان و هەندێ وڵاتی دیکە نەبوونایە لە ٢٠١٧ هەرێمی کوردستان بەم جۆرەی ئێستا نەدەمایەوە، بەڵکو کۆتایی پێ دەهات، یان بە قەوارەیەکی بچووکتر و دەسەڵاتێکی کەمترەوە ڕێك دەخرایەوە. سێیەمیش پەیوەستە بە مامەڵەی دیفاکتۆی دەوڵەتە دراوسێکانەوە کە هەندێکیان تاکو ئێستاش ددان نانێن بەوەی شتێك بە ناوی هەرێمی کوردستان هەیە وەك قەوارەیەکی دەستووری لە چوارچیوەی عێراقدا. هەندێکی دیکەشیان بە شێوەیەکی تاکتیکی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و دەیانەوێت لە چوارچێوەیەکدا بمێنێتەوە و لەوە زیاتر بەهێزتر و گەورەتر نەبێت.

هەرچۆنێك بێت، لە ڕاستیدا ئەمانە مەترسییە هەرە گەورەکە نین، هەڕەشە گەورەکە لە ناوخۆوە سەرچاوە دەگرێت، لەو نائومێدییەی دووچاری ٧٠٪ زیاتری خەڵکی کوردستان بووە، کە بایکۆتی پرۆسەی سیاسییان کردووە، لەم نێوەندەشدا هەرێم وەك قەوارە و بەرهەمی ڕەنج و خەباتی دەیان ساڵە تێکەڵ بە نارەزایەتی لە حکومەت و نوخبەی فەرمانڕەوا بووە، واتە بەشێك لە خەڵك بەپێچەوانەی ناخی خۆی لای ئاساییە هەرێمی کوردستان کۆتایی پێ بێت، تەنیا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کۆتایی پێ بێت. درێژەکێشانی ناکۆکیی نێوان یەکێتی و پارتییش کە تا ڕاددەیەك مۆرکی سوننە و شیعەی کوردستانی وەرگرتووە، لە پاڵ ئەو گەندەڵی و ناعەدالەتییەی لەئارادایە، جەستەی ناسیۆنالیستی کوردی دارزاندووە و ڕیزەکانی کوردایەتیی لەبەریەکتر هەڵوەشاندووەتەوە و خەڵکی نائومێد کردووە، ئەمەش پێمان دەڵێت مەترسییە گەورەکە لە دەرەوەڕا سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو پەیوەستە بە دابەشبوونی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، نەبوونی دامەزراوەی نیشتمانیی بەهێز، نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات. لەبەر ئەوە ئەگەر دەخوازین هەرێمێکی بەهێزمان هەبێت و پارێزبەندی گەرەنتیی زۆرتری هەبێت و ئایندەمان مسۆگەرتر بێت، کە بتوانین بەرامبەر گۆڕانکاری و هەڕەشە و زریانەکان بوەستین، پێویستە پێش هەموو شتێك خۆمان بینا بکەینەوە، چونکە ئەو کاتە گەرەنتییە دەستوورییەکان بەهێزتر دەبن و بەغدا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دەرودراوسێش ڕێزێکی زۆرترمان لێ دەگرن، چونکە ئەوەی وای کردووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەوانەش (بلاسخارت) لە ئێمە نائومێد بێت، ئەو ناکۆکی و لێکتێنەگەیشتن و بەدحاڵیبوون و شپرزەییەی ناوماڵی خۆمانە، واتەی دۆخی ناوخۆمانە- هەم دۆخی حوکمڕانی و هەم پەیوەندیی پڕ لە کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی و ملنەدان بە یەکگرتنەوە و دووبارە بیناکردنەوەی هێزەکان، نائومێدیی خەڵك لە نوخبەی دەسەڵات و دەسەڵات لە بەشێك لە نوخبەکانی خۆی، هەموو ئەمانە وا دەکەن دەرگا بە ڕووی ئەگەری نەخوازراودا کراوە بێت، لەوانەش تیاچوونی خودی قەوارەی هەرێم. بۆیە ئەگەر ئێمە خەمخۆری قەوارەکەمانین، ئەوا دەبێت نوخبەی حوکمڕان لەم وڵاتەدا چیدی کات بەفیڕۆ نەدات و درێژە بەم دۆخەش نەدات، بە جددی ئەو پرس و پرسیارە تاوتوێ بکات، تاوەکو چیتر ئەم دۆخەی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی ئێستا درێژە نەکێشێت، لەبەر ئەوەی ئەم هەلومەرجە لە هەناوی خۆیدا ستراتیژیترین توخمی لاوازی هەرێمی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، هەرێمیش ناتوانێت بەرگەی هەموو بارودۆخێك بگرێت.

*** لە عێراقەوە بە ئاشکرا هەڕەشە لە قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، لە ماوەی ڕابردوودا ئەوەی ناویان لێ ناوە «هەیئەی تەنسیقی مقاوەمە» بە ئاشکرا هەڕەشە لە قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکات، ئاشکراشە ئەو هێز و ناوە کێ پشتیوانی دەکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی هەڕەشەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستە؟**

- لە ڕاستیدا هەموو کاتێك هەڕەشەکان لە ئارادا بوون، لەبەر ئەوەی دیدێك لە بەغدا و هەرێمەکەشدا هەیە، پێی وایە هەرێمی کوردستان بەم دەسەڵات و قەوارە و بوونەی ئێستایەوە، لەگەڵ ئەو شپرزەییە ناوخۆییەش کە دووچاری بووە، مایەی هەڕەشەیە، قەوارەیەکی زیادە لە ناوچەکەدا، پڕۆژەیەکە ئەگەر بێت و سەرکەوتوو بێت و گەشە بکات و زاڵ بێت بەسەر قەیرانەکانیدا، دەبێتە چرا و مەشخەڵێکی ئومێد بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان، کەواتە خودی هەڕەشەکە لە بنەڕەتدا لە ناو بەشێك لە نوخبەی حوکمڕانیی عێراقدا هەیە، هەندێکیشیان بڕوایان بە فیدڕاڵییەتیش نەماوە، نموونەی زەقیش لەم ڕووەوە ئەوەیە ڕێگە نادەن کێشەی سنوور لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ دا چارەسەر ببێت، ناهێڵن کێشەی کورد تەنانەت لە چوارچێوەی فیدڕاڵیزمیشدا بەو جۆرەی پێویستە چارەسەر بکرێت، هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکەش ڕوون و ئاشکرایە لەگەڵ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا دەکەن، لە ڕاستیدا هەمیشە چاودێرن بە سەریەوە، بۆ ئەوەی نەبێت بە قەوارەیەکی بەهێزتر، دەسەڵاتێکی ناوەندی و یەکگرتووی تۆکمەی بۆ دروست نەبێت و پێگەی بەهێزتر نەبێت، تا نەبێتە سەرچاوەی

**ناتوانین وەک پێویست سوود لە دەرفەتەکان وەربگرین، ئەگەر بێت و ئێمە ناوماڵی خۆمان ڕێک نەخەین و دووبارە ئیرادە و ئیدارەی خۆمان بینا نەکەینەوە**

**ئەگەر ئەمریکییەکان و فەرەنسییەکان و هەندێ وڵاتی دیکە نەبوونایە لە ٢٠١٧ هەرێمی کوردستان بەم جۆرەی ئێستا نەدەمایەوە، بەڵکو کۆتایی پێ دەهات**



کێشە و سەرئێشە و دووبارە هەستانەوە سەرپێی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەك چوارەمین نەتەوەی گەورەی ناوچەکە، هەرچی پەیوەندی بە هەڕەشەکانی ئەم دواییەوە هەیە، کە ناو نراوە بە «دیپلۆماسییەتی مووشەك» و مووشەکبارانکردنی ناوبەناوی هەولێر، پەیوەندی بە بارودۆخی عێراقەوە هەیە، بەتایبەتیش ئەو هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێك بوو لێی، کۆماری ئیسلامیی ئێران و دۆستەکانی لە عێراقدا پێیان وا بوو سەرکەوتنی ئەم پڕۆژە لەسەر حیسابی بەرژەوەندی و کاریگەری و هەژموونی ئەوانە لە عێراقدا، کەواتە لە دوای هەڵبژاردنەکان و ئەو گۆڕانکارییەی بە سەر نەخشەی حزبی و قەبارەی فراکسیۆنەکاندا هات، ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی گوشارێکی زۆرتر لەسەر هەرێمی کوردستان دروست ببێت. بەداخیشەوە هاوکات ناکۆکییەکانیش لە هەرێمی کوردستاندا زەقتر و قووڵتر بوونەوە، کە دەبوایە بە پێچەوانەوە بووایە. لە هەموو حاڵەتێکدا زەقبوونەوەکە پەیوەندی بە پەرەسەندنی هەندێ ئەڵقەی ململانێی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و دوژمنەکانیەوە هەیە لە ناوچەکەدا، لەوانەش لەگەڵ ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتانی کەنداو و ڕۆژئاوا.

**ئەگەر دەخوازین هەرێمێکی بەهێزمان هەبێت و پارێزبەندی گەرەنتیی زۆرتری هەبێت و ئایندەمان مسۆگەرتر بێت، کە بتوانین بەرامبەر گۆڕانکاری و هەڕەشە و زریانەکان بوەستین، پێویستە پێش هەموو شتێک خۆمان بینا بکەینەوە**

*** باس لەوە دەکرێت کە چارەسەری ڕاستەقینە بۆ هەموو هەڕەشە و مەترسییەکان، یەکڕیزیی نێومالّی کوردستان خۆیەتی، دیارە ماوەیەکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی خۆی خستووەتەگەڕ و جگە لە کۆبوونەوەی لەگەڵ پارتی و یەکێتی، لەگەڵ حزبەکانی دیکەش کۆبووەتەوە، بە تایبەتی کۆمەڵی دادگەری و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، ئایا تا چەند**

**ئەم هەنگاوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێتە چارەسەر بۆ ئەم بارودۆخە ترسناکە؟**

- بە بڕوای من ئاسان نییە ئەو هەنگاوانە ببنە هۆکاری چارەسەرێکی گرنگی دۆخەکە، بەڵام دەتوانن ببنە ڕێگەخۆشکەر و، دەرگا بکەنەوە بۆ گێڕانەوەی ئاستێك لە متمانە لە نێوان هێز و لایەنەکاندا (بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی کە سەرچاوەی کێشە سەرەکییەکەن) بۆ ئەوەی بتوانن لە نزیکەوە قسە و گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا بکەن و دەست هەڵگرن لە هەوڵی ئیرادەشکاندنی یەکدی و تێکەڵکردنی مەسەلە سیاسییەکان بە ڕق و کینەی شەخسی و مێژوویی، بە مەبەستی دروستکردنی لێکتێگەیشتنی هاوبەش، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێم بە جۆرێك لە جۆرەکان یارمەتیدەر و زەمینەسازکەر بن، بەڵام ناتوانن چارەسەر بن، هەرچۆنێك بێت، چارەسەری بنەڕەتی ئەوەیە کە کۆتایی بەو ململانێ مێژووییە بێت کە حەفتا ساڵ زیاترە ناسیۆنالیزمی کوردی تووشی قەیرانێکی هەقیقی و شێواندن کردووە، کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێ کردووە و تا ئێستا درێژەی هەیە و پارتی و یەکێتی نوێنەرایەتی دەکەن. هەروەها چارەسەری دوورمەودا وا لەوەدا کە هەرێمی کوردستان دەستوورێکی هەبێت و کۆتایی بەو دابەشبوونە بێت کە لە ئارادایە و دەسەڵاتێکی دامەزراوەییمان هەبێت و، سەرۆکایەتیی هەرێم ڕەمزی یەکگرتوویی خاك و خەڵکی کوردستان بێت، حکومەت بە کردەوە لە هەموو بستە خاکێکی هەرێمدا دەستی بڕوات و بە تەواوی کۆتایی بە زۆنی حزبی بێت، واتە وەك ئاماژەم پێ کرد دووبارە سیستم لەسەر بناغەی یاسا و ڕوونی و دادپەروەری بینا بکەینەوە، خاوەن پڕۆژەیەکی نیشتمانی بین بۆ چاکسازی ڕیشەیی و هەمە لایەنە.

*** کێشەیەکی دیکەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، پرسی خۆئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا وەك سەرنج دەدرێت، زۆر زەحمەتە بتوانرێت هەڵبژاردن لە کات و ساتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، ئایا بە ڕای ئێوە چەند گرنگە لایەنەکان لەسەر هەمووارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن ڕێك بکەون و زەمینە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ساز بکەن؟**

- بە داخەوە دیارە هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵی خۆی نابینێت، ئەویش لە بەر لاوازیی ژێرخانی دیموکراسی و نەبوونی دەرفەتی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و دامودەزگای نیشتمانیی بەهێز و ناسنامەیەکی نیشتمانیی یەکگرتووە کە بتوانێت مانای هاووڵاتیبوون بە بەشداریی تاکەکان لە کۆمەڵگە و پرۆسەی سیاسیدا بدات. چونکە نائومێدی تووشی خەڵکێکی زۆر بووە بەرانبەر پرۆسەی سیاسی و ئەو قەناعاتەیان لا دروست بووە کە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا هیچ لە بارودۆخی وڵاتەکە ناگۆڕێت، ئەوەش لە کاتێکدایە هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی ئابووری و سیاسیی تێکەڵاودا دەژی و، لە دۆخێکی نەخوازراودایە و نابێت هەندێ پینەوپەڕۆ و باشبوونی کاتی ڕواڵەتی کێشەکان هەڵمانبخەڵەتێنێ، چونکە لە جەوهەردا بە دەم کێشەی جۆراوجۆرە دەناڵێنین و دەبێت ددانیان پێدا بنێین و، نەخشەمان هەبێت بۆ چارەسەرکردنیان، ئەگەر بێت و کێشەی هەڵنەبژاردنیشی بێتە سەر (وەك پلاسخات نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق باسی کرد) ئەوەندەی دیکە سیمای هەرێمی کوردستان دەشێوێت، هەر بۆیە گرنگە هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد بێت، هەڵبژاردنێك بێت لانیکەم چەند هەنگاوێك بمانباتە پێشەوە لە سەرەڕێی بەدامودەزگاییکردنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان و، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و دەرگاکردنەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ چارەسەرکردنێکی هاوچەرخانە و دیموکراسییانە و دادپەروەرانە، بۆ ئەو کێشانەی خەڵك بە دەستیانەوە دەناڵێنن، گەل سەرچاوەی دەسەڵات و بڕیاری سیاسی بێت و، بتوانێت چاودێر بێت بە سەر دەسەڵاتی سیاسییەوە. لە هەموو حاڵەتێکدا ڕێککەوتن لەسەر یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن و لەسەر مەسەلەی کۆمیسیۆن گرنگە، بەڵام وەکو ئاماژەمان پێ کرد، لەوەش گرنگتر ڕێککەوتن و پابەندبونی ئەخلاقی و نیشتمانییە بۆ هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد، بۆ ئەوەی هاوشێوەی عێراق هەڵبژاردن لە چارەسەرەوە نەبێتە سەرچاوەی قەیران و کێشەیەکی قووڵتر لە هەرێمی کوردستاندا.

**لە دوای هەڵبژاردنەکان و ئەو گۆڕانکارییەی بە سەر نەخشەی حزبی و قەبارەی فراکسیۆنەکاندا هات، ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی گوشارێکی زۆرتر لەسەر هەرێمی کوردستان دروست ببێت**

**چارەسەری دوورمەوودا وا لەوەدا کە هەرێمی کوردستان دەستوورێکی هەبێت و کۆتایی بەو دابەشبوونە بێت کە لە ئارادایە و دەسەڵاتێکی دامەزراوەییمان هەبێت و، سەرۆکایەتیی هەرێم ڕەمزی یەکگرتوویی خاك و خەڵکی کوردستان بێت**

**گرنگە هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد بێت، هەڵبژاردنێك بێت لانیکەم چەند هەنگاوێك بمانباتە پێشەوە لە سەرەڕێی بەدامودەزگاییکردنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان**

## تا مسعود بارزانی مەرجەع و ڕابەری نەتەوەی کورد بێت، پاڵپشتیی هەموو ئەو هێز و کەسایەتییانە دەکات کە دڵسۆزی نەتەوەکەیانن

ڕێبوار تاڵەبانی

ڕاوێژکاری ئەنجومەنی وەزیران بۆ پرسی ماددەی ١٤٠ بۆ گوڵان:

# گرنگە لە دانوستاندنەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئەولەوییەت بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بدرێت

حکومەتی عێراق و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی بە تاك لایەنانە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان بەڕێوە دەبەن، لە کاتێکدا تەواوی ئەم ناوچانە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی تەعریب و تەرحیل و سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانی. سەرقاڵکردنی کورد بەو هەموو گرفت و کێشە یەك لە دوای یەکانەی بە ئەنقەست لە بەغدا دروست دەکرێن، تەنیا بۆ مەشغولکردن و ماندووکردنی گەلی کوردە لە پرسە سەرەکییەکەی کە کێشەی خاك و ناسنامە کوردستانییەکەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ڕێبوار تاڵەبانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرسی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق کرد و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** گرنگی و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق تایبەت بە کێشەکانی ناوچە جێناکۆکەکان، یەکێکە لەو پرسانەی لای حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لە بەرامبەردا بە دەستی ئەنقەست و مەرام و ئەجیندەی دەرەکی، فەرامۆشکردنی ئەم ماددەیە دەبینین، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، تا چەند هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەم مادده دەستوورییە چووەتە پێشەوە؟**

- حکومەتی عێراق لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووردا کەمتەرخەم بووە، لەکاتێکدا دەبووایە لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ ئەم مادده دەستوورییەی جێبەجیٚ بکردایە و، لە ماوەی (١٥) ساڵی ڕابردوودا حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هیچ هەنگاوێکی سەرەتاییشیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە هەڵنەگرتووە، وەك (ئاساییکردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان و سەرژمێری و ڕاپرسی)، تەنانەت ماددەی ٥٨ی دەستووریش هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنرا کە تایبەتە بە ئاساییکردنەوەی سنوورەکان بۆ پێش ساڵی ١٩٦٨، پەراوێزخستنی ئەو مادده دەستوورییانەی کە مافی پێکهاتەی کورد و دیموکراتییەتە، پێشێلکارییەکی تەواوی دەستوور و ئەو بنەمایانەشە کە عێراقی نوێی لەسەر بونیات نراوە. جێگای داخە لەناو پەرلەمان و لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بە دەستی شۆڤێنی و کەسانێك کە بە ئاراستەی ئەجیندەی دەرەکی بەڕێوە دەچن، بە تەواوەتی کارەکانی ئەو لێژنەیە سڕکراون، هەموو ئاماژە و واقیعەکان بەو ئاراستەیە دەڕۆن کە دەستێکی دەرەکی و مەبەست و مەرامێکی گەورە لە پشت فەرامۆشکردنی جێبەجێکردنی

**هەموو ئاماژە و واقیعەکان بەو ئاراستەیە دەڕۆن کە دەستێکی دەرەکی و مەبەست و مەرامێکی گەورە لە پشت فەرامۆشکردنی جێبەجێکردنی مادده دەستوورییەکان هەیە**

**زوڵم و کۆچپێکردن و تەعریب و سڕینەوەی ناسنامەی کورد و سەپاندنی هێز لە دوای ١٦ ئۆکتۆبەر قووڵتر و زیاتر بووە**

**هەرچەندە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی کارەبا و پەروەردە و تەندروستی و شارەوانییەوە لەو ناوچانە کاریان کردووە، بەڵام ڕێگرییش هەبووە**

**پێشتر بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ خێزانی کورد تەرحیل دەکران و ناسنامەی کوردستانیی ئەم ناوچانە دەسڕانەوە، لە ئێستا بە ناڕاستەوخۆ و بەهۆکاری خراپیی دۆخی ئەمنی و نەبوونی خزمەتگوزارییەوە کوردەکان ناچار دەبن لەسەر زێدی باوک و باپیرانیان کۆچ بکەن**

**مەترسییەکی دیکەی کۆچکردنی عەرەبەکان و هاتنیان بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بوونی وشکەساڵی و کاریگەرییە خراپەکانیەتی لە ناوچە عەرەبییەکان و هەڵکشانی جووتیار و گوندنشین و خەڵکەکەیە بۆ ئەو ناوچانەی زەوییەکانی بە پیت و دەوڵەمەندن**

مادده دەستوورییەکان هەیە، بەتایبەتی لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و جووڵاندن و بەکارهێنانی سوپا و میلیشیاتەکان دژ بە هەرێمی کوردستان و داگیرکردنی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی ماددەی ١٤٠.

*** باسی ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرت کرد، کە وەك ئاشکرایە کەرکووك و بەشێکی زۆری تەواوی ناوچەکانی ئەم ماددەیە بە زەبری هێز داگیرکران، ئایا لە دوای ئەم کارەساتە چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی ماددەی ١٤٠ دەکرێت؟**

- ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەریانخست کە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەبێت بکرێتە پرسێکی سەرەکی و، لە ڕیزبەندی پێشەوەی گفتوگۆ و دانوستانەکان دانرێت، چونکە زوڵم و کۆچپێکردن و تەعریب و سڕینەوەی ناسنامەی کورد و سەپاندنی هێز لە دوای ١٦ ئۆکتۆبەر قووڵتر و زیاتر بووە، بارودۆخی کەرکووك و تەواوی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ بارودۆخێکی نادەستووری و نایاساییە، کوردەکان بە بیانووی جۆراوجۆر و لەبەر مەترسیی ئەمنی و نەبوونی خزمەتگوزاری و هەڕەشەی چەکداری کۆچیان پێ دەکرێت و، شکۆی کورد کەوتووەتە بەردەم مەترسییەوە و شاڵاوی تەعریب و تەرحیل دژی کورد زیاتر بووە. بە درێژایی سنووری کوردستان گەلی کورد تەعریب و تەرحیل کراوە و تا ئێستاش بە ناوی جیاجیا و پاساو و هۆکاری دیکەوە بەردەوامە، هەر لە شارۆچکەی بەدرە تا مەندەلی و پردێ و بەرزاییەکانی حەمرین و، بە درێژایی ڕووباری دیجلە و، تا دەگاتە شنگال لە باکووری مووسڵ و لەوێشەوە بەرە و باشووری ڕۆژئاوای ئەو پارێزگایە تا سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا، کورد زوڵمی لێ دەکرێت و دەربەدەر دەکرێت و تەواوی ئەم ناوچانە لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە پشتگوێ خراون. ئەو واقیعە لە دوای ڕێککەوتنی (سایکس پیکۆ) و دابەشکردنی کوردستان بە سەر چوار دەوڵەتدا و لە دوای ڕێککەوتنی سیفەر-یش کە بەڵێن درابوو سنووری کەرکووك تا حەمرین بگەڕێتەوە و لەو لاشەوە جەلەولا و سەعدییە، بەڵام نە حکومەتی پادشایی و نە کۆماری و تا ئەمڕۆش ئەوەیان کرد، لە زوڵم و دەربەدەرکردنی کوردیش بەردەوامن.

*** لەم سەردەمەدا پشتگوێخستنی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بە مەبەستی بێزارکردنی خەڵکە ڕەسەنەکەیەتی، بۆ ئەوەی کۆچ بکات و دیموگرافیای ناوچەکە بگۆڕێت، ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم ناوچانە دووبارە ئاوەدان بکرێنەوە و پڕۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ جێبەجێ بکرێت؟**

- یەکێك لەو کارانەی من وەکو ڕاوێژکارێك پێی هەڵدەستم، هاندان و هاوکاریکردنی ئەو وەزارەتە خزمەتگوزارییانەیە لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە سەر ئاستەنگ و بەربەستەکانی ڕێگرتن لە چوونیان بۆ ئەم ناوچانە کۆتایی پێ بهێنرێت، هەرچەندە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی کارەبا و پەروەردە و تەندروستی و شارەوانییەوە لەو ناوچانە کاریان کردووە، بەڵام ڕێگرییش هەبووە و، تەنانەت لەو بودجەیەی حکومەتی عێراق بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم ناوچانە دایناوە، وا پێویست بوو وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی هەرێمیش پشکیان هەبوایە، چونکە ناوچەی جێناکۆکە و تا ئێستا یەکلا نەبوونەتەوە، پێشتر بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ خێزانی کورد تەرحیل دەکران و ناسنامەی کوردستانیی ئەم ناوچانە دەسڕانەوە، لە ئێستا بە ناڕاستەوخۆ و بەهۆکاری خراپیی دۆخی ئەمنی و نەبوونی خزمەتگوزارییەوە کوردەکان ناچار دەبن لەسەر زێدی باوك و باپیرانیان کۆچ بکەن. مەترسییەکی دیکەی کۆچکردنی عەرەبەکان و هاتنیان بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بوونی وشکەساڵی و کاریگەرییە خراپەکانیەتی لە ناوچە عەرەبییەکان و هەڵکشانی جووتیار و گوندنشین و خەڵکەکەیە بۆ ئەو ناوچانەی زەوییەکانی بە پیت و دەوڵەمەندن.

*** نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق ناتوانن لە ڕێگەی دادگای فیدراڵییەوە ئەم پرسە بورووژێنن، ئایا ئەو دادگایە بەرامبەر جێبەجێنەکردنی ماددەیەکی دەستووری بۆچی بێدەنگە؟**

- لە ساڵی ٢٠١٤وە ئەوەندە قەیرانیان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، تا دێت گرفت و کێشەکان قووڵتر دەبنەوە، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە تەواوەتی فەرامۆش کراون و دیموگرافیاکەی دەگۆڕن. لە بەغدا هێزی سیاسی و گرووپ و لایەن و کەسانێك هەن چاویان بە پێشکەوتنی هەرێم هەڵنایەت و نایانەوێت لە ناوچەکانی ئەوان دۆخەکەی باشتر بێت، بە دادگا و بە پەراوێزخستنی هەموو ئەو ماددە دەستووری و یاساییانە و بە درۆن و مووشەك و بڕینی قووتی خەڵك و مووچە و نەناردنی شایستە داراییەکان و هەموو مافەکانی کوردستانەوە سەرقاڵیان کردووین، بۆ ئەوەی لە پرسی خاك دوورمان بخەنەوە، یاسای نەوت و گاز لە دژی ئێمە ڕاوەستانەوە، لە کاتێکدا دەیان ماددەی دەستووری و یاسا و مافی دیکەی کورد پێشێل دەکرێت، لە چ وڵاتێکدا هەیە کەسانێك باسی مافی دەستووری و یاسایی گەلەکەی خۆیان بکەن، کەچی لە دادگاکان سزا بدرێن؟ ئاخر پرسی ڕیفراندۆم کارێکی نایاسایی نییە و بەپێی عورف و یاسا نێودەوڵەتییەکان و هەموو ئەو پرسە نەتەوەیی و دیموکراتییانەی لە جیهاندا هەیە دژ نییە، تەنانەت لە ڕووی شەرعی و ئاینییشەوە قەدەغە نەکراوە کە تۆ دڵسۆزی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆت بیت، ئەوان خوازیارن ئەزموونێکی شکستخواردووی سەد ساڵی ڕابردووی عێراق دووبارە بکەنەوە. دادگاکانی عێراق هەر کەسێك باسی ماددەی ١٤٠ و کێشەی نەتەوەکەی بکات، دەیان تۆمەتی نارەوای سیاسی بۆ دروست دەکەن. ئەوەیان لە یاد کردووە کە کەسایەتیی کورد تا مسعود بارزانی مەرجەع و ڕابەری نەتەوەی کورد بێت، پاڵپشتیی هەموو ئەو هێز و کەسایەتییانە دەکات کە دڵسۆزی نەتەوەکەیانن.

*** لەم واقیعە تاڵە و لە ناو ئەم هەموو پیلان و مەرامە سیاسی و بەرژەوەندییە ئیقلیمییانەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت چۆن ماڵە بکات و هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە جێناکۆکە کوردستانییەکان دەبێت بە چ ئاراستەیەکدا بچێت؟**

- مادام هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە لە عێراقدا، دەبێت هەوڵەکانمان لە گفتوگۆ و دانوستانەکان و لە ناو حکومەتی عێراق و پەرلەمان و ڕێکخراو و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان و، لە ناو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و لایەنی دیپلۆماسیدا چڕ بکەینەوە، نابێت بە پەراوێزخستنی ئەم ماددە دەستوورییەی ١٤٠ ئێمەش دەستەوەستان ڕاوەستین و هیچ هەوڵێك نەدەین، دەبێ زیندووکردنەوەی لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی پەرلەمانی و هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و ڕاپرسی و گشتپرسی لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان دەست پێ بکرێتەوە، لەسەر ئایندەی هەموو ناوچە کوردستانییەکان، دیارە لە ماددەی ٥٨ ی یاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقدا کە دواتر گواستراوەتەوە ناو ماددەی ١٤٠ ی دەستوور، هەموو ئەو زەوییانەی کە موڵکییەتیان کوژاونەتەوە لەلای حکومەتی عێراق بە یاسای (مجلس قیادة الثورة و شؤون الشمال) دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکەی خۆی کە کوردن. مادام چارەنووسی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ یەکلا نەکراونەتەوە، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی عێراق خزمەتگوزارییەکان و ئیدارەی ئەو ناوچانە بکرێت، نەك بە تاکلایەنانە حکومەتی عێراق بیبات بەڕێوە، دەبێت بدرێنە دادگا کە حکومەت و وەزارەتەکان لە کەرکووك و ناوچە جێناکۆکەکان بە تەنیا دەیبەن بەڕێوە، بە داخەوە تەنیا بەشێکی کورد دڵسۆزانە داکۆکی لە ماددەی ١٤٠ و پرسی نەتەوەیی دەکەن، ئەوانی دیکە نەیانتوانیوە هەڵوێستی دەستووری و یاساییان هەبێت. دەبێت شاندی دانوستانی کورد لە بەغدا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی عێراق تەنیا لەسەر پرسی نەوت و پشکی هەرێم لە بودجەدا گفتوگۆ نەکەن، دەبێت باسی ماددەی ١٤٠ و جێبەجێکردنی ئەم ماددە دەستوورییە بکەن.

**لە بەغدا هێزی سیاسی و گرووپ و لایەن و کەسانێک هەن چاویان بە پێشکەوتنی هەرێم هەڵنایەت و نایانەوێت لە ناوچەکانی ئەوان دۆخەکەی باشتر بێت**

**پرسی ڕیفراندۆم کارێکی نایاسایی نییە و بە پێی عورف و یاسا نێودەوڵەتییەکان و هەموو ئەو پرسە نەتەوەیی و دیموکراتییانەی لە جیهاندا هەیە دژ نییە، تەنانەت لە ڕووی شەرعی و ئاینییشەوە قەدەغە نەکراوە کە تۆ دڵسۆزی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆت بیت**

**دەبێ زیندووکردنەوەی لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی پەرلەمانی و هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و ڕاپرسی و گشتپرسی لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان دەست پێ بکرێتەوە**

**تەنیا بەشێکی کورد دڵسۆزانە داکۆکی لە ماددەی ١٤٠ و پرسی نەتەوەیی دەکەن، ئەوانی دیکە نەیانتوانیوە هەڵوێستی دەستووری و یاساییان هەبێت**



**دکتۆر ڤیان سەبری**

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# عێراق لە دۆخێکی مەترسیدار و هەستیاردایە، زەحمەتە بزانرێت بە چ ئاراستەیەک هەنگاو دەنێت

**دوای دەستلەکارکێشانەوەی پەرلەمانتارانی تەیاری سەدر بە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانیشەوە، پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو تونێلێکی داخراو هەنگاوی هەڵگرتووە و، ڕووناکیی تونێلەکەش دیار نییە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش مەزندەکان بەرەو ئەوە دەچن بارودۆخەکە خراپتر بێت، لە ناو ئەم ئاڵۆزی و ناسەقامگیرییە سیاسییەدا، لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لە هەوڵی ئەوەدان جێگەی پەرلەمانتارانی تەیاری سەدر پڕبکەنەوە، زیاد لەمەش هەنگاو بەرەو دانوستاندن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکە هەڵبگرن، بۆ ئەوەی حکومەتی داهاتووی عێراق پێك بهێنن، بەڵام واقیعی سیاسیی پرۆسەکە لە ئێستادا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زۆر زەحمەتە بتوانرێت کارێکی قورسی وەك پێکهێنانی حکومەت بەو ئاسانییە بەڕێوە بچێت. سەبارەت بەم پرسە ئاڵۆزە و هەڵوێستی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، چەند پرسیارێکمان لە د.ڤیان سەبری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد و، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە هەرسێ دەسەڵاتە سەرەکییەکەی دەوڵەتی عێراق (پەرلەمان، حکومەت، سەرۆك کۆمار) تەنیا سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێردراوە و ئەویش دوای دەستلەکارکێشانەوەی پەرلەمانتارانی سەدر گرفتی تێ کەوتووە، ئایا ئەم بارودۆخە تاکەی بەردەوام دەبێت و، چارەنووسی ئەم خولەی پەرلەمان بەرەو کوێ دەچێت؟**

- کاتێك لە هەڵبژاردنەکانی مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوشانی ژمارەیەك لە هێزە نیشتمانییەکانی دیکە، لای هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەنگی زۆرینەیان بەدەست هێنا، دەرئەنجامێکی هیوابەخش بوو، بەوەی پرۆسەی سیاسی ڕاست بکرێتەوە و ڕێز لە ئیرادە و ویستی خەڵك و دەستوور بگیرێت، بەڵام دانانی ئاستەنگ و بەربەست لە بەردەم پرۆسەکەدا، هەموو ئەو هیوا و ئومێدانەی لەناو برد و پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا خستە بەردەم ئایندەیەکی نادیار. پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە بۆ بەهێزبوونی پێگەی کورد لە بەغدا کاری کردووە و دەیەوێت لە ڕێگەی پۆستی سەرۆك کۆماری عێراقەوە کار بۆ جێبەجێکردنی مادده و بڕگەکانی دەستوور بکات، بەتایبەتی ئەو مادده دەستوورییانەی پەیوەندیی بە ماف و شایستەی دارایی خەڵکی کوردستان و قەوارەی هەرێمەوە هەیە، پارتی خاوەنی سەرۆك بارزانی-یە کە کەسایەتییەکی کاریزمایە و کار بۆ سەقامگیری و خێر و خۆشیی گەلەکەی دەکات و بەردەوام کاری بۆ یەکدەنگی و یەکریزیی کورد کردووە، لەم ڕوانگەیەشەوە ئێمەی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ڕێز لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی سەرۆك بارزانی دەگرین، سەرۆك بارزانی گوتی: ڕێز لە بڕیاری موقتەدا سەدر دەگرین، سەرۆك بارزانی سیاسەتێکی حەکیمانە پەیڕە و دەکات لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ دۆخی عێراق، ئێمەش بە هەمان شێوە ڕێز لە بڕیاری سەدر و پەرلەمانتارانیان دەگرین و سەرۆك بارزانی چی بڕیار بدات ڕاستەوخۆ جێبەجێی دەکەین، دۆخەکە لە عێراق زۆر ئاڵۆز بووە و نازانین لە ناو ئەنجومەنی نوێنەراندا لە ڕووی پراکتیکییەوە بەرەو کوێ دەچێت، دەبێت ناوی پەرلەمانتاران بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەرێ بکرێت، ئایا پرۆسەی پڕکردنەوەی شوێنی ئەو پەرلەمانتارانەی سەدر کە ژمارەیەکی زۆرن چۆن پڕ دەکرێتەوە و ئایا ڕووداوی دیکە ڕوو دەدات یان نا، بە ڕاستی دۆخەکە ئاڵۆزو ناجێگیر و نارِوونە، ئەوەی گرنگە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە لەسەر پرسی سەرۆك کۆمار، نەبوونی لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن لەسەر دەستنیشانکردنی سەرۆك کۆمار و پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق

**پارتی خاوەنی سەرۆک بارزانی- یە کە کەسایەتییەکی کاریزمایە و کار بۆ سەقامگیری و خێر و خۆشیی گەلەکەی دەکات و بەردەوام کاری بۆ یەکدەنگی و یەکریزیی کورد کردووە**

کاریگەرییەکانی خراپ دەبن لەسەر هەموو لایەك، ئەمە لە کاتێکدا بارودۆخی شەقام لە ڕووی خزمەتگوزاری و گرانی و بێکارییەوە باش نییە و، ئەگەری زۆرە ئەم خۆپیشاندانانە ڕوو لە زیادبوون بکات و دۆخەکە ئاڵۆزتر بێت، بە هەموو شێوەیەك عێراق بە دۆخێکی مەترسیدار و هەستیاردا تێپەڕ دەبێت و کاریگەریی خراپی لەسەر هەموو لایەك دەبێت.

*** لە ماوەی ڕابردوودا گرووپێك چەکداری لە یاسا دەرچوو بە ناوی (هەیئەی تەنسیقی مقاوەمە) هەڕەشەیەکی گەورەیان لە هەرێمی کوردستان کرد و، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش بە توندی وەڵامی دانەوە، ئایا ئەم پرسە لە ناو پەرلەمانی عێراق هیچ باسێکی لێ کراوە؟ یان ئایا کاتێك هەڕەشەیەکی لەو جۆرە لە وجوودی کیانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، دەبێت پەرلەمانی عێراق هەڵوێستی چۆن بێت؟**

- هەڕەشەکان لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە هەولێری پایتەخت لە ڕوانگەی دروستکردنی فشار و دژایەتیکردنی گەلی کوردستانەوەیە، ئەوان خوازیار نین هەولێر و کوردستانێکی ئارام و گەشەکردوو ببینن، بۆیە بەردەوام لە ڕێگەی دەرکردنی بڕیاری نایاسایی و نادەستووری و بڕینی قووتی خەڵك و پشکی هەرێمی کوردستان و بێبەشکردنی هەرێم لە هەموو شایستە داراییەکانەوە دژایەتی هەرێم دەکەن، هێرشی درۆن و موشەکبارانیش بەرامبەر هەولێر زەڕەیەك کاریگەریی لەسەر گەشەی هەرێم و ژیانی خەڵکەکەی ناکات. بە تەئکید ئەمە هەڕەشەیە لە قەوارەی هەرێمی کوردستان و بگرە لەسەر سیادەی عێراق، چونکە هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور و یاسا هەرێمێکی فیدڕاڵییە لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئیتحادیدا، ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی بە توندی هەموو ئەو هێرش و هەڕەشانە ئیدانە دەکەین و پێمان وایە دەبێت حکومەتی عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان سنوورێك بۆ هەموو ئەو گرووپە چەکدارییە تیرۆریستیانە دابنێت، لەئێستادا دوای کشانەوەی پەرلەمانتارانی سەدر پەرلەمانی عێراق لە ناو گێژاو و بارودۆخێکی زۆر ناسەقامگیردایە، ڕەنگە ئەم بارودۆخەش لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە بقۆزرێتەوە و کاری تیرۆریستی و ناسەقامگیریی زیاتر دروست بکەن.

*** وەك ئاگاداریت کە ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان بڕیارەکەی بەناو دادگای فیدرڕاڵیی عێراقی ڕەت کردەوە و، بە بڕیارێکی سیاسی لە قەڵەم دا، لە بەرامبەریشدا وەزارەتی نەوتی عێراق چەندین هەنگاوی دوژمنکارانەی هەڵگرتووە، بۆ سەپاندنی ئەو بڕیارە سیاسییە بە سەر هەرێمی کوردستاندا، ئایا ئەم هەڵکشانە ناجۆرە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟**

- عێراق یاسای نەوت و غازی نییە، لە کاتێکدا دەبووایە لەساڵی ٢٠٠٧ـەوە ئەم یاسایەی تێپەڕێندرایە، مادام لە ماددەی ١٢١ لە بڕگەی یەك و دوو ئەو مافەی داوە بە هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان، کە هەرێمەکان یاسای تایبەت بە خۆیان هەبێت بەو مەرجەی لەگەڵ دەسەڵاتی حەسری ناکۆك نەبێت، لە ماددەی ١١٠ و ١١٢ی دەستووریشدا نەوت و غاز وەکو دەسەڵاتێکی حەسری بۆ حکومەتی ئیتحادی دیاری نەکردووە، بۆیە ئاساییە هەرێمی کوردستان خاوەنی یاسای نەوت و گازی تایبەت بە خۆی بێت و، نابێت پرسی نەوت و غاز بە دیدگای مەرکەزی مامەڵە لەگەڵ بکرێت. هەمووان بۆیان ڕوون بووەتەوە ئەو بڕیارە بڕیارێکی نادەستوورییە، هەرچەندە بڕیارەکە وەك دەستوور دەڵێت مولزەمە، بەڵام دەبێت بۆ ئەم پرسە خوێندنەوەی جیاواز و دوور لە سیاسەت هەبێت، وەزارەتی نەوتی عێراقیش بەم هەنگاوە دەیسەلمێنێت کە ئەویش کەوتووەتە ناو بەرەیەکی دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستانەوە، چارەسەرکردنی پرسی نەوت و گاز دەبێت لە چوارچێوەی دەستوور و چارەسەرکردنی هەموو پرسەکانی دیکەی نێوان هەرێم و حکومەتی بەغدا بێت، هەر لە پرسی جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و ناردنی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراق و پێدانی شایستە داراییەکانی پێشمەرگە و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان و دەیان بابەت و پرسی دیکە.

*** دوای ڕەتکردنەوەی بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراق لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، کێشەکە بووەتە کێشەی**

**بارودۆخی شەقام لە رووی خزمەتگوزاری و گرانی و بێکارییەوە باش نییە و، ئەگەری زۆرە ئەم خۆپیشاندانانە روو لە زیادبوون بکات و دۆخەکە ئاڵۆزتر بێت**

**ئەوان خوازیار نین هەولێر و کوردستانێکی ئارام و گەشەکردوو ببینن، بۆیە بەردەوام لە ڕێگەی دەرکردنی بڕیاری نایاسایی و نادەستووری و بڕینی قووتی خەڵک و پشکی هەرێمی کوردستان و بێبەشکردنی هەرێم لە هەموو شایستە داراییەکانەوە دژایەتی هەرێم دەکەن**

**دوای کشانەوەی پەرلەمانتارانی سەدر پەرلەمانی عێراق لە ناو گێژاو و بارودۆخێکی زۆر ناسەقامگیردایە، ڕەنگە ئەم بارودۆخەش لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە بقۆزرێتەوە و کاری تیرۆریستی و ناسەقامگیریی زیاتر دروست بکەن**




**نێوان دادگای فیدراڵیی عێراق و ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، ئەمەش واتە دوو دادگای باڵا لە وڵاتدا دوو تەفسیری جیاوازیان بۆ ماددەکانی دەستوور هەیە.**

- بە گشتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بێ بوونی یاسایەکی تایبەت بە نەوت و گاز لە عێراقدا ناکرێت، لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان یاسای نەوت و گاز هەیە، لە ئێستاشدا زۆر پێویستە هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتحادیی عێراق هەماهەنگیی تەواو بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تایبەت بە دۆسیێ نەوت، هەرچەندە ئێستا شاندە دانوستانکارەکان بە ڕێکوپێکی گفتوگۆکانیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەڕێوەدەبەن و، هەرێم ڕۆژانە نرخی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت تەسلیمی سۆمۆ دەکات و حکومەتی عێراقیش مانگانە ٢٠٠ ملیار دینار دەنێرن بۆ هەرێمی کوردستان.

*** ئێستا یاسای ئاسایشی خۆراك لە پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر درا، ئایا ئامانج لە دەرچوونی ئەم یاسایە چییە و تێبینیەکانی ئێوە چییە؟**

- یاسای ئاسایشی خۆراکی کە بودجەکەی ٢٥ تریلیۆن دینارە، بۆ ئەوەیە حکومەتی کاربەڕێکەری عێراق لە غیابی پێکنەهێنانی حکومەتی نوێ کارە سەرەکییەکانی خۆی بەڕێ بکات، ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای تێبینی و سەرنجەکانمان یاساکە لە بواری دابینکردنی بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان و دەرمان و شایستە داراییەکانی کرێی گەنمی جووتیارانی عێراق و هەرێمی کوردستان بە گرنگ دەزانین، بە وردییش لە پەرلەمان چاودێریی جێبەجێکردنی هەموو بڕگەکانی یاساکە دەکەین.

**دوای ڕەتکردنەوەی بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراق لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، کێشەکە بووەتە کێشەی نێوان دادگای فیدراڵیی عێراق و ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، ئەمەش واتە دوو دادگای باڵا لە وڵاتدا دوو تەفسیری جیاوازیان بۆ ماددەکانی دەستوور هەیە**



هیوا فاریق دزەیی
داواکاری گشتی لە دادگای تاوانکاریی هەولێر بۆ گوڵان:

# دادگای فیدراڵی پێچەوانەی ماددەی ٩٢ی دەستووری عێراقە و بوونی دادگاکەش پێچەوانەی یاسایە

**ئاشکرایە گوشارەکانی سەر هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە شێوازی جۆراوجۆری وەرگرتووە، دواییینیان بەکارهێنانی دادگای ئیتیحادی بوو بۆ دەرکردنی کۆمەڵێك بڕیار دژ بە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و پێشێلکردنی دەسەڵات و مافە دەستوورییەکانی ئەم هەرێمە. بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ هیوا فاریق دزەیی داواکاری گشتی لە دادگای تاوانکاریی هەولێر ئەنجام دا.**

*** دادگای بەناو فیدراڵی عێراق چەندین بڕیاری دژی هەرێمی کوردستان دەرکردووە، بەتایبەتی بڕیاری ڕەتکردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، ئایا بەپێی دەقەکانی دەستوور چۆن ئەم بارودۆخە تەفسیر دەکەن؟**

- سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگرین کە دەستووری عێراق لە بارودۆخێکی تایبەت و هەستیاردا داڕێژرا و بە چەشنێك ئاراستەکە ئەوە بوو کە زۆربەی گەلانی عێراقی ڕازی بکرێت. دواتر ئەوەی پەیوەست بێت بە بڕیاری دادگای فیدراڵی تایبەت بە بەمەرجگرتنی دەنگدانی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، ئەوا ئەم شرۆڤەکاری و ڕاڤەکارییەی ئەم دادگایە بۆ دەقە دەستوورییە پەیوەندیدارەکە ئەوەی لێی دەخوێندرێتەوە کە جەختکردنەوە لەسەر ئەم ڕێژە بەرزە تەنیا مەبەست لێی بە سیاسیکردنی پرۆسە و پرسەکەیە لە عێراق، بۆ ئەوەی نەتوانرێت بە شێوەیەك ئەو ڕێژە دیاریکراوە بێتەدی، تەنیا دوای ڕازیبوونی زۆربەی لایەنە سیاسییەکان نەبێت، کە ئەمەش ئەستەمە لە عێراقی ئێستادا ڕوودات. لە هەمان کاتدا ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٣ی فەرمانی ژمارە (٣٠) بۆ ساڵی ٢٠٠٥ لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەرچووە کە پێچەوانەی ماددەی ٩٢ی دەستووری عێراقە، واتا بوونی خودی دادگاکە پێچەوانەی یاسایە، چونکە ماددەی ٩٢ دەڵێت دادگا پێکدێت لە کۆمەڵێك یاساناس و بیرمەندانی فقهی ئایینی و ئاشکرایە ئەم دادگایە لەسەر ئەم بنەمایە دانەمەزراوە.

*** یاسای نەوت و گازی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان دەنگی پێ دراوە و، ئاشکراشە پەرلەمانی کوردستان یاسایەك تەشریع ناکات کە لە دەرەوەی دەستووری عێراق بێت، پاش دەرکردنی ئەم یاسایەش پەرلەمانی عێراق، یان دادگای فیدراڵی هیچ تانەیەکی نەبووە، هەتا لە ٢٠١٢ لەلایەن پەرلەمانتارێکەوە داوای لەسەر بەرز کراوەتەوە، پاشانیش لە شوباتی ٢٠٢٢ ڕەت کراوەتەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەکرێت دووبارە خوێندنەوەیەکی لەناو دەقە دەستوورییەکان بۆ بکەین؟**

- یاسای نەوت و غاز کە لە پەرلەمانی کوردستان بە -ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧- دەرچووە، یاسایەکە کە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراقە، هەروەها هۆکارێکی دیکەی دەرچوونی ئەم یاسایە بە هۆی دەرنەکردنی یاسای نەوت و غاز بووە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە. کاتێك دەڵێین بە گوێرەی دەستووری عێراق بووە، ئەوا ئەم یاسایە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١١٠ لە دەستووری عێراق دەرچووە، کە باس لە دەسەڵاتە دیاریکراوەکان دەکات و باس لە سیاسەتی نەوت و غاز ناکات. هەروەها پاڵپشتە بە ئەحکامی ماددەی ١١٥ لە دەستووری عێراقی کە ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، هەر بابەتێك لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند نەبێت، ئەوا دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکان. ئەوەی پەیوەست بێت بە دەسەڵاتە هاوبەشەکانەوە ئەوا ماددەی ١٢١ بڕگەی یەکەم ئاماژە بەوە دەکات کە هەرێمەکان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاری و دادوەرییان هەیە، بۆیە دەرکردنی ئەم یاسایە

**ماددەی ١١٥ لە دەستووری عێراقی کە ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، هەر بابەتێک لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند نەبێت، ئەوا دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکان**

**ماددەی ١٢١ بڕگەی یەکەم ئاماژە بەوە دەکات کە هەرێمەکان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاری و دادوەرییان هەیە**

**چەندین ساڵە بەشە بودجەی و مووچەی خەڵکی کوردستان و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەتایبەتی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق و حکومەتی عێراقی نەنێردراوە، کە ئەمە دژ و پێچەوانەی دەستوورە**

**پارتی حزبێکی دێرین و خاوەن سەروەری و مێژوویەکی دوور و درێژی دیموکراسییە و هەموو ڕۆژگار و سەردەمێك لەهاوکێشە سیاسی و ئابوری و هەموو کێشەکانی عێراقدا ڕۆڵی ئەرێنی هەبووە و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی داوە**

لەلایەن هەرێمەوە مومارەسەکردنی مافە و بنچینەیەکی دروستی یاسایی هەیە و لە کاتی نەبوونی یاسای فیدراڵی دەکرێت یاسای هەرێمەکان جێبەجێ بکرێت.

*** ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان کە بەرزترین دەسەڵاتی قەزاییە لە کوردستان، زۆر ڕاشکاوانە و بە پشتبەستن بە دەقەکانی دەستووری عێراق، بڕیارەکەی بەناو دادگای فیدراڵی عێراقی بە بڕیارێکی نادەستووری لە قەڵەم دەدات و، یاسای نەوت و گازی کوردستانیش بە یەکێك لە دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە قەڵەم دەدات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستا کێشەکە لە نێوان دوو دامەزراوەی یاساییە. ئایا چۆن کێشەی نێوان ئەم دوو دامەزراوە یاساییە (ئەنجومەنی دادوەریی هەرێم و دادگای بەناو فیدراڵی عێراق) یەکلایی دەبێتەوە؟**

- ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان دەرکردنی یاسایی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان کە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچوو، بە یاسایی لە قەڵەم دا، چونکە بە گوێرەی ماددەی ١١٢ی دەستووری عێراقی حکومەتی ناوەندی بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێم و پارێزگاکاندا نەوت و غازی کێڵگەکان بەڕێوە دەبات، کە هەروەك لە ماددەکەدا هاتووە، مەبەست لەو کێڵگانەیە کە پێشوو هەبوون، هەروەها ئاشکرایە کە لە دەستووردا نەوت و غاز لە دەسەڵاتە حەسرییەکاندا نییە.

*** هەر بۆ لاوازکردن و سڕینەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان داوایەکی دیکە دژی خەڵکی کوردستان ئاراستەی دادگای فیدراڵی کراوە بۆ بڕینی ئەو ٢٠٠ ملیار دینارەی مانگانە دەینێرن بۆ مووچەی فەرمانبەران، ئەگەر ئەو دادگا بەناو فیدراڵییە بڕیاری بڕینی ئەم پارەیەش بدات، ئەمەیان چی لێ دەخوێندرێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم داواکارییە هیچ بنچینە و بنەمایەکی یاسایی نییە. دواتر ئێمە دەزانین چەندین ساڵە بەشە بودجەی و مووچەی خەڵکی کوردستان و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەتایبەتی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق و حکومەتی عێراقی نەنێردراوە، کە ئەمە دژ و پێچەوانەی دەستوورە. لەلایەکی دیکەوە ئەو دادگایە زۆربەی بڕیارەکانی سیاسییە و گوشار لەخۆ دەگرێت لە دژی قەوارەیەکی یاسایی و دەستووری کە هەرێمی کوردستانە وەك تاکە هەرێمی فیدراڵی لە عێراقدا. دەبێت ئێمە بزانین ئەگەرچی ئێستا ئەو داوایە دواخراوە، بەڵام بۆی هەیە لە ماوە و داوایەکی دیکە دووبارە وەك هەموو بڕیارەکانی دیکە ئەو بڕیارەش دەربکەن و ٢٠٠ ملیار دینارەکە (کە بڕێکی زۆر کەمە بۆ مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان دەنێردرێت) ببڕن.

*** ئەوەی مایەی گاڵتەجارییە ئەوەیە کە**



**پەرلەمانتارێکی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە داوایەکی دیکەی ئاراستەی دادگای بەناو فیدراڵی کردووە بۆ ئەوەی «پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبوەشێتەوە»، خۆشتان دەزانن پارتی دیموکراتی کوردستان واتە بڕبڕەی پشتی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، ئایا ئەم داوایە ڕاشکاوانە بۆ سڕینەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان نییە؟**

- ئەمەش یەکێکە لەو داوا و فشارانەی دەکرێتە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام ئەو جۆرە داوایانە خۆی لە خۆیدا پووچەڵ و گاڵتەجاڕییە، چونکە پارتی حزبێکی دێرین و خاوەن سەروەری و مێژوویەکی دوور و درێژی دیموکراسییە و هەموو ڕۆژگار و سەردەمێك لەهاوکێشە سیاسی و ئابوری و هەموو کێشەکانی عێراقدا ڕۆڵی ئەرێنی هەبووە و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی داوە، لە عێراقی نوێشدا و لە دوای ٢٠٠٣ و لە ئەنجومەنی حوکمدا بینیمان سەرۆك بارزانی وەك کاریزما و کەسایەتییەکی سیاسی و نیشتمانی کاری کرد و لە کاتی سەرهەڵدانی هەر کێشە و گرفتێکدا بە دیدێکی نیشتمانی و عێراقی هەوڵی چارەسەرکردنی دەدا. بەم دواییە بینیمان کە لە نێو سەرکردە سیاسییەکانی عێراق، بەتایبەت شیعەکان، چۆن لە ڕۆڵی سەرۆك بارزانی دەڕوانن و چۆن بە گەورەیی و بە کاریگەری وەسف دەکەن. کە هەموو ئەمانە سەلمێنەری سەروەریی نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانن، کە لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان کاریگەر و بەهێز بووە و، هەموو کات هەوڵی پاراستنی مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی داوە و، هەڵی هێنانەئارای ئاشتەوایی و لێبوردەیی و حوکمڕانییەکی دیموکراسی بۆ عێراق داوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش پارتی هیچ کاتێك لەسەر ماف و داخوازییە نەتەوەییە باڵاکانی کورد و کوردستان بێدەنگ نەبووە و ئامانجی بووە کە کوردیش وەکو نەتەوەیەکی گەورەو کاریگەر لەناوچەکەدا خاوەنی دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆی خۆی بێت. ئەمەشە زیاتر بووەتە هۆی ئەوەی کە سیاسییەکانی عێراق بە تایبەت شۆڤینییەکان هەموو کارێك لە دژی پارتی ئەنجام دەدەن. بەڵام بە دڵنیاییەوە مێژوو و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بەتایبەت هەڵویست و ئیرادەی جەنابی سەرۆك بارزانی لەسەر هیچ داخوازی و مافێکی ڕەوای گەلی کوردستان سازش ناکات. لەبەر ئەوە هەموو ئەو داوا و فشار و کردەوە و قسانەی لە دژی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێن، دەچنە خانەی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووەوە.

**پارتی هیچ کاتێک لەسەر ماف و داخوازییە نەتەوەییە باڵاکانی کورد و کوردستان بێدەنگ نەبووە و ئامانجی بووە کە کوردیش وەکو نەتەوەیەکی گەورەو کاریگەر لەناوچەکەدا خاوەنی دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆی خۆی بێت**


**هەموو ئەو داوا و فشار و کردەوە و قسانەی لە دژی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێن، دەچنە خانەی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووەوە**





# میتۆدەکانی توێژینەوە لە ئاسایشی نەتەوەیی






**د.نەژدەت ئاکرەیی**

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**


بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی وەك بابەتێکی هەستیار و گرنگ، پێویست بەوە دەکات کە چۆن شیکردنەوە و خوێندنەوە و توێژینەوە لەم بابەتەدا بکرێت بەپێی میتۆدە ئەکادیمییەکان، میتۆدەکان لە سەرەتاوە بۆ شیکردنەوەی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دەچن، ئەم چەمکە مەبەستی دیراسەتکردنی مەسەلەکانی ڕزگاربوون لە مەترسی و خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان، لەسەر ئەم بنەمایە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ مافی مانەوە و بوون بە شتێکی هەر کیانێك دەچێت، بۆیە زۆر تیۆر هەن کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی شی دەکەنەوە،

**میتۆدەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، پەیوەستن بە بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەییەوە، کە سەرەتا بنەمایەکی کلاسیکیی میلیتاری بوو**

**ئاسایش بازنەیەکە بەرەو بازنەیەکی دیکە دەڕوات کە پێی دەڵێن بەرژەوەندی، دوای ئەویش بۆ بازنەیەکی دیکە دەچێت کە پێی دەڵێن ئامانجەکان**

**ئاسایشی نەتەوەیی وەک چەمک دوو قەوارەی هەیە، قەوارەی ناوخۆ پەیوەستە بە ژینگەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەر کیانێکدا، قەوارە دەرەکییەکە پەیوەستە بە ژینگەی هەرێمی و نێودەوڵەتیی هەر کیانێک، کە داڕێژەری بڕیار کاری لەسەر دەکات**

سەرەتا بۆچوونی ئەڵمانییەکان کە بۆچوونێکی بابەتییانەیە بە ڕەچاوکردنی هەندێ لایەنی وەك یەکپارچەیی و ئایین و زمان و کولتوور و هەرێم و دابونەریت، بۆچوونی فەرەنسایی کە تاکە کەسییە و کار لەسەر توخمە تاکییەکان دەکات، واتا ویستی پێکەوەژیان و هەستکردن بە پێکەوەژیان. بۆچوونی ئەمریکی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەشە لە نێوان قەوارە و دەوڵەتاندا، کاتی خۆیشی مارکسییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە ئابوورییەکان کاریان لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکرد، واتا ئێستا بۆچوونی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی جیاجیایە لە نێوان فەرەنسییەکان و ئەڵمانییەکان و ئەمریکییەکاندا، بۆیە لەم ڕووەوە ئەشکالییەت هەیە، میتۆدەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، پەیوەستن بە بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەییەوە، کە سەرەتا بنەمایەکی کلاسیکیی میلیتاری بوو، کاری لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکرد، دوای ئەوە چەمکەکە بەرەو بنەمایەکی تازە چوو، لەسەر بنەمای ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی ئابووری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی سیاسی و پێداچوونەوە بە بنەمای میلیتاریدا، ئێستا چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دوای ڕووخانی بلۆکی سۆسیالیست و نەمانی جەنگی سارد، بۆچوونێکی سەردەمییانە هەیە بۆ ئەم چەمکە، کە سەرلەنوێ ئەولەوییات ڕێك دەخرێنەوە، هەندێك کاتیش پێویست بەوە دەکات دیراسەی ئابووری بکەن و، لە لایەنێکی دیکەی میلیتاری و سیاسی کاتێك ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەست بێت بە چەمکی بەرژەوەندییەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەرژەوەندیی زیندوویی و ئەمنی هەیە، وەك ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان، بەرژەوەندیش هەیە ئەمنییە، تایبەتە وەك پەیوەندییەکان، بەرژەوەندیش هەیە ئەمنییە، سوودبەخشە و کاری لەسەر دەکرێت، ئەمە هەمووی بەو واتایەی کە کارکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە سەرەکییەکەیە، لە خوێندنەوە تازەکاندا بۆ ئاسایشی نەتەوەیی زۆر تیۆر و قوتابخانەی تازە هاتوونەتە کایەوە و، دابەش دەبن بەسەر دوو جۆر قوتابخانەدا، تیۆرێك بواری ئاسایش تەسك دەکات و تیۆرێك فراوانی دەکات، ئەو تیۆرەی کە تەسکی دەکات، لەسەر بنەمای سەنتراڵیی دەوڵەت و کەرتی میلیتاری کار دەکات، وەك لیپوال، تیۆری فراوانکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕەهەندی فرەلایەنی دەداتێ، وەك باری بۆزان لەم مەسەلەیە کار دەکات کە دەڵێت: «تەجاوزی چەمکی کلاسیکی بکەین بۆ سەنتراڵییەتی دەوڵەت و کەرتی میلیتاری، بەرەو ئەوە بچین کە تاکەکەس و کۆمەڵگە واتا ئاسایشی کۆمەڵگە هاتووەتە کایەوە»، جگە لەمە هەندێ تیۆری دیکە هەن لەسەر چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگە کار دەکەن، بە شیکردنەوەی ئەم مەسەلەیە کە کۆمەڵگە مەرجەعییەتە لە شوێن دەوڵەت بۆ ئاسایش، بەرەو تیۆری بە ئاسایشکردن، لەگەڵ بوونی وتارێکی ئەمنی، لێرەدا قوتابخانەی کۆبنهاگن بۆ ئەم مەسەلەیە چوو، پەیمانگەی کۆبنهاگن بۆ دیراساتی ئاشتی لەسەر ئەم مەسەلەیە کاری کرد، جگە لەمە قوتابخانەی پاریس هەیە بۆ دیراساتی ئەمنی، ئەم قوتابخانەیە جەخت لە تیۆری ئاسایش دەکاتەوە، لەگەڵ عەقڵانییەت و زانیاریی ئاسایش، هەروەها سیستەمەکانی دەوروبەر و چۆنێتی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان، هەرچۆن بێت، ئاسایش بازنەیەکە بەرەو بازنەیەکی دیکە دەڕوات کە پێی دەڵێن بەرژەوەندی، دوای ئەویش بۆ بازنەیەکی دیکە دەچێت کە پێی دەڵێن ئامانجەکان، ئەگەر بابەتەکە قووڵ بکەینەوە، ئاسایشی نەتەوەیی وەك چەمك دوو قەوارەی هەیە، قەوارەی ناوخۆ پەیوەستە بە ژینگەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەر کیانێکدا، قەوارە دەرەکییەکە پەیوەستە بە ژینگەی هەرێمی و نێودەوڵەتیی هەر کیانێك، کە داڕێژەری بڕیار کاری لەسەر دەکات، بۆیە بۆچوونە ئەکادیمییەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ئەوەی گەڕان بە دوای ئەندازەی ئاسایشدا دەچن، یان بۆ زانیاریی کارە ئەمنییەکان و مەشقپێکردنی ئەمنی. ئێمەش لە جیهانێکین کە پێی دەڵێن جیهانی ئەمنی و ئێستاش، کە لە کۆمەڵگەدا بەرەو جیهانگیریی ئەمنی چووین، ئەگەر زیاتر هەردوو لایەنە تەسك و فراوانەکەی ئاسایش شی بکەینەوە، ئێمە وای بۆ دەچین کە جیهانی ئەمڕۆ جیهانە فراوانەکەی ئاسایشە کە زۆر ڕەهەندی

فرەلایەن دەدەنە ئاسایش، قوتابخانەیەکی دیکەش هەیە بە ناوی قوتابخانەی (ویڵدز) بۆ دیراساتی ئەمنی، ئەویش بیر لەوە دەکاتەوە ئاسایش لەژێرەوە بۆ سەرەوە دیراسە بکرێت، چونکە هاودژییەك هەیە لە نێوان ئاسایشی هاووڵاتی و ئاسایشی دەوڵەت، بۆیە ئەم قوتابخانەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە کار دەکات، واتا ئێستا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆر قوتابخانە هەن لەسەر بنەمای ڕووداوەکان و مەترسییەکان و هەڕەشەکان، دیراسەی ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن، بۆ نموونە: لە ئەورووپا مەسەلە ئەمنییەکان خۆیان لە تیرۆر و تاوانی ڕێکخراو و کۆچکردنی ناشەرعی و بێ سەروبەریی سیاسی و توندوتیژیدا دەبیننەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەسەلەی پێکهاتەی ئەم کۆمەڵگەیانە لە ڕووی ڕەگەز و ئیتنی و سەرچاوەکانی ژیان، وەك وزە و کشتوکاڵ و سیستمی سیاسی و مەشرووعییەتی سیاسی کاریان لەسەر دەکرێت، ئەو قوتابخانانە کە دیراسەی ئاسایش دەکەن، ئاسایش بە گیروگرفتێك لە جۆرێکی تایبەت دەزانن، واتا تەنیا ئامراز نین بەڵکو ئامانجێکی دوورن، بایەخدان بە ئاسایش لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانانەوە ڕەهەندی مێژوویی هەیە و پەیوەستە بە ڕەوڕەوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەلانەوە، ئێستا تیۆری لیبراڵییش هەیە و لەسەر بنەمای لیبراڵییەتی دامەزراوەیی دیراسەی ئاسایشی دەکات، واتا دامەزراوەکانی دەوڵەت چ ڕۆڵێکیان هەیە بۆ جێگیرکردنی ئاسایش، لەسەر بنەمای دیبلۆماسی و هاوسەنگی و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان، واتا تیۆری لیبراڵی گرنگە لەم مەسەلەیەدا، ئەم بابەتە لە نێوان ئەوانەی دیراساتی ئەم بوارە دەکەن مشتومڕ و گفتوگۆی زۆری لەسەرە، هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی پێداچوونەوە بکرێت بە چەمکە کلاسیکییەکاندا لەسەر بنەمای تیۆری بنیاتنان لە بواری ئاسایش، واتا لیبراڵییەتی بنیاتنان و کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییە دیموکراسییەکان لەسەر ئەم مەسەلەیە پێداچوونەوەی پێدا بکرێت، ئەم تیۆرانە کار لەسەر پێکهاتە، یان بنیاتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ناسنامەی هاووڵاتی دەکەن، بەپێی ئەم بۆچوونانەی کە دیراسەی ئەم مەسەلەیە دەکەن، ئێستا چەمکی ئاسیاشی کۆمەڵایەتی بووە بە جێگرەوەی ئاسایشی نەتەوەیی، هەڵبەتە توێژینەوە ئەکادیمییەکان وا سەیری ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن کە بریتییە لە کۆکردنەوەی کۆمەڵێك زانست و زانیاری، واتا زانستەکانی ئابووری و یاسا و سیاسەت و ئامار و کۆمەڵناسی و زانستە سەربازییەکان و زۆر زانستی دیکە، بەو واتایەی هەر بەڕێزێك پسپۆڕ بێت لە بواری ئاسایشی نەتەوەییدا دەبێ زانیاری هەبێت، یان جاری وا هەیە پسپۆڕی ئەم زانستانە دەبنە پسپۆڕی بوارێکی تایبەت لە ئاسایشی نەتەوەیی، ئەمە بەو مانایە دێت کە لەسەر بنەمای وەرگرتنی زانیاری و شیکردنەوەی ژینگەکەش بۆ ئەم زانیارییانە، دوای ئەوە بابەتەکە دەخاتە بەردەست داڕێژەری سیاسی، ئەویش بڕیاری خۆی لەسەر دەدات، کە دەبێ بڕیارەکە لەسەر بنەمایەکی دامەزراوەیی بێت، واتا ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی واتا (ژووری عەمەلیات و شانەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان)، لە لایەکی دیکەوە ئەکادیمییەی ئەمنی و بەرگرییەی لە زۆر قەوارەکان تەنانەت لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەن، کە لە بواری ئەمنی و بەرگریدا کادیری تایبەتی پسپۆڕ ئامادە دەکەن و، بوونی سەنتەرێکی تایبەت بۆ دیراسات و توێژینەوەی ئاسایشی نەتەوەیی زۆر گرنگە کە شان بە شانی ئەکادیمیای ئەمنی و بەرگری کە کادیر ئامادە دەکەن، بە دڵنیاییەوە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی فرەڕەهەندن، کە چارەسەری تەکتیکی و ستراتیژیشی هەیە، واتا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە توێژینەوە ئەکادیمییەکان بە پلەی سەرەکی مەسەلەیەکی گرنگە لە شیکردنەوەی ئاسایشی نەتەوەییدا، واتا وا سەیری کیان و کۆمەڵگە دەکرێت کە کۆمەڵێك دامەزراوەی هەیە، بۆ نموونە دامەزراوەی دیپلۆماسی، دادوەری، پەرلەمانی، حکوومی، ئابووری، دامەزراوەی دیکەی پەیوەست بە سەرچاوەکانی وزە و کشتوکاڵ و کەرتە ئابوورییەکان، لەسەر ئەم بنەمایە هەر کیانێك بە شیکردنەوە لەسەر ئەمانە دەزانێت پێگەی چییە و، تێگەیشتنی هاووڵاتی بۆ مەسەلەکە چییە.

**ئەو قوتابخانانە کە دیراسەی ئاسایش دەکەن، ئاسایش بە گیروگرفتێک لە جۆرێکی تایبەت دەزانن، واتا تەنیا ئامراز نین بەڵکو ئامانجێکی دوورن**

**ئەکادیمییەی ئەمنی و بەرگرییەی لە زۆر قەوارەکان تەنانەت لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەن، کە لە بواری ئەمنی و بەرگریدا کادیری تایبەتی پسپۆڕ ئامادە دەکەن**

**بوونی سەنتەرێکی تایبەت بۆ دیراسات و توێژینەوەی ئاسایشی نەتەوەیی زۆر گرنگە کە شان بە شانی ئەکادیمیای ئەمنی و بەرگری کە کادیر ئامادە دەکەن**

جێفری ڤاندێن بێرگ سەرۆکی بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی درووری و بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، وانەبێژی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەکی و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، پێشتریش پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بووە لە زانکۆی لیوبلیانا لە سلۆڤێنیا. چەندین توێژینەوە و نووسینی هەیە لە بارەی دیراساتی ئەمنی، پرسەکانی پەیوەست بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مێژووی ناکۆکی و چەند پرسێکی دیکە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد کە پەیوەندیدار بوون بە پێشهات و پەرەسەندنەکانی شەڕی ئێستای ئۆکرانیا و کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## جێفری ڤاندێن بێرگ

سەرۆکی بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی درووری بۆ گوڵان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بواری بۆ هەڵکشانی زیاتری هێزی چین ڕەخساندووە

## دیمانەی تایبەت



*** ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا گەورەترین جەنگە کە ڕووبەڕووی ئەورووپا ببێتەوە، بە تایبەتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، زۆر کەس پێیان وابوو بەرپابوونی شەڕێکی لەم چەشنە ئەگەرێکی دوورە، ئایا هەڵە لە پێشبینییەکاندا بوو، یان با بڵێین ئایا فاکتەر و پاڵنەرەکانی ئەم شەڕە لە چیدا بەرجەستە دەبن؟**

- بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین بە چەشنێکی دروست وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە و شرۆڤەکاری بۆ فاکتەر و پاڵنەرەکانی بکەین، ئەوا ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت کە هۆکاری ئەم شەڕە بۆ خواست و ویستی بەرفراوانخوازیی ڕووسیا و خودی سەرۆکی ئەم وڵاتە بگەڕێنینەوە. لەبەر ئەوەی لەم ڕووەوە پێشتریش ڕووسیا -بەر لە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی پەیوەست بە هەڵکشانی بارودۆخەکە و هەڵگیرسانی شەڕەکەوە-، بەرەنگاربوونەوە و دوورخستنەوە و ڕامالینی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ڕۆژئاوا لە نزیک سنوورەکانی، بە تایبەتی لە وڵاتی ئۆکرانیا، کردبووە چەقی بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی. سەرباری ئەوەش ئاشکرایە کە شەڕەکە دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ بنەڕەتیترین و بنچینەییترین پرەنسیپی یاسای نێودەوڵەتی، کە ڕێگریکردنە لە هەڕەشەکردن لە یەکپارچەیی خاکی وڵاتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری.

*** بەڵام هەروەك ڕوونە لە ئێستادا ئەگەرەکان ئاماژە بەوە ناکەن کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بەم نزیکانە یەکلا ببێتەوە، چ بە سەرکەوتنی سەربازی، یان لە ڕێی گفتوگۆ و گەیشتن بە ڕێککەوتنەوە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و بۆچی نەتوانرا بەر بە هەڵکشانی قەیرانەکە**

**ئەو پاساوانەی ڕووسیا پشتی پێ بەستبوون بۆ شەرعییەتدان بە هێرش و پەلامارەکەی بۆ سەر ئۆکرانیا پاساوی بەهێز نەبوون و بگرە ڕاست و دروستیش نەبوون**

**و بەر بە بەرپابوونی شەڕ بگیرێت و بۆچی لە ئێستادا لە ئاسۆی نزیکدا ئومێدی ڕاوەستانی ئەم شەڕە بەدی ناکرێت؟**

- ئێمە سەرەتا دەبێت لەم ڕووەوە بگەڕێینەوە بۆ پاساو و هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە لەلایەن ڕووسیاوە، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە دەبێت لە گۆشەنیگای ڕووسیاوە لەم پرسە بڕوانین، چونکە جگە لەو مەیل و خواستەی کە پێشتر لە وەڵامی پرسیاری پێشوومدا ئاماژەم پێ کرد، تێگەیشتن و شرۆڤەکاری ڕووسیا ئەوە بوو کە هەڕەشە و مەترسییەکان گەیشتوونەتە سەر سنوورەکانی و ئەگەر بێت و پەرچەکردار و کاردانەوەی نەبێت، یان ئەگەر بەرپەرچی ئەم هەڕەشەیە نەداتەوە، ئەوا بەرژەوەندی و بگرە بوونی وڵاتەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە. هەرچەندە ناکرێت بڵێین ئەم لێکدانەوە و وێناکردنە بۆ بارودۆخەکە تەواو دروستە، چونکە هەرچەندە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ڕووسیا پێی وابوو هەڕەشەیەکی لەم چەشنە ڕووبەڕووی وڵاتەکەی بووەتەوە، بەڵام ناکرێت ئەوەش نادیدە بگرین کە تەنانەت لە ڕۆژگاری پێش هەڵگیرسانی شەڕەکە، واتە پێش ئەوەی ڕووسیا بڕیار بدات کە دەست بگرێت بە سەر وڵاتی ئۆکرانیادا، ئەوا ئیرادە و ئامادەییەك بەدی دەکرا لەلایەن ڕۆژئاوا و خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی نیگەرانییەکانی ڕووسیا لەبەر چاو بگیردرێت، واتە ئامادەییەك هەبوو بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە تەشەنەکردنی دۆخەکە و هەڵکشانی هەلومەرجەکە، ئەویش بە گرتنەبەری ڕێگاچارەی لێکتێگەیشتن و ئاشتییانە. واتە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەمەوە لە بارەی هۆکاری شکستهێنان لە بەرپابوونی شەڕەکە، ئەوا دەڵێم لەم ڕووەوە هەوڵ و کۆشش دراوە و تەنانەت کار کرا بۆ سازشکردن لەسەر پرسی بە ئەندامبوونی ئۆکرانیا لە ناتۆدا. لەم ڕووەوە دەکرێت بوترێت کە ئەو پاساوانەی ڕووسیا پشتی پێ بەستبوون بۆ شەرعییەتدان بە هێرش و پەلامارەکەی بۆ سەر ئۆکرانیا پاساوی بەهێز نەبوون و بگرە ڕاست و دروستیش نەبوون، چونکە ڕووسیا لە بنەڕەتدا دەیتوانی ڕێگاچارەیەکی دیکە بگرێتەبەر، نەك ڕێگای پڕ لە کاولکاری و وێرانکاری و شەڕ، واتە ڕووسیا لەم ڕووەوە دەرفەتێکی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی بە ڕێگاچارەی دیپلۆماسی لە دەست دا.

**ئێستا ڕووسیا بووەتە سەرچاوەی هەڕەش و مەترسی لەسەر لاوازکردن و بنکۆڵکردنی سیستمی بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان**

*** بە شێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنت بۆ کارایی ئەو ڕێکار و کاردانەوانەی وڵاتانی جیهان، بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم هێرش و پەلامارەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا چییە ؟**

- ئاشکرایە کە مشتومڕێکی زۆر دەکرێت لە بارەی ئەوەی کە تا چەند ڕێکاری سزاکان کارا و کاریگەر بوون لە پەیوەندی بە سڵپێکردنەوەی ڕووسیا و ناچارکردنی بە سازشکردن، بەڵام من پێم وایە دەکرێت وەك پەیامێك لێك بدرێتەوە بۆ خودی ڕووسیا بەوەی بانگەشەکانی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ شەڕەکە ڕاست و دروست و قەناعەتپێهێنەر نین و ئەم کارەی دەیکات لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا یەك ناگرێتەوە.

*** لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە خواست، یان بڵێین ئومێدێك هەبوو کە لە کۆتاییدا ڕووسیاش هەنگاو بەرەو دیموکراسی هەڵبگرێت و لە دەرئەنجامدا بتوانرێت ئەم وڵاتەش ئاوێتەی ئەو سیستمە بکرێت کە پێی دەوترێت «سیستمی بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان»، کە ئەو سیستمە ویلایەتە یەکگرتووەکان داڕێژەر و پارێزەری بووە. ئایا دەکرێت بڵێین ئەم شەڕە بۆ یەکجاری ئەم ئومێدەی لەبار برد و ئەم ئامانجەی شکست پێ هێنا؟**

- ئەوەی دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ئەم شەڕە دەرهاویشتە و دەرئەنجامی بەرچاو و نکۆڵیلێنەکراوی دەبێت لەسەر ئەم سیستمە جیهانییە، ئەو سیستمەی کۆمەڵێك ڕێسا و بەهای دیاریکراو لەخۆ دەگرێت و داوا لە ئەندامەکانی دەکات پێوەی پابەند بن. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەم شەڕە نەك هەر بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ڕووسیا نەبێتە بەشێك، یان ئاوێتەی ئەم سیستمە نەبێت، بەڵکو ئێستا ڕووسیا بووەتە سەرچاوەی هەڕەش و مەترسی لەسەر لاوازکردن و بنکۆڵکردنی سیستمی بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان. چونکە دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین

**بە هۆی ئەو ڕێکار و سزایانەی بەسەر ڕووسیدا سەپێندراون، ڕەنگە نەپەرژێتە سەر ئەوەی بتوانێت پێگەی خۆی لە ناوچەکانی دیکەی جیهان، بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پتەو و بەهێز بکات**

کە ئامانجی خودی سەرۆك پوتین ئەوە بوو، ڕۆژئاوا هەڵوێستێکی هاوبەش و یەکگرتوو و هاوپەیمانێتییەکی بەهێز و تۆکمەی نەبێت، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بوو کە ڕۆژئاوا ڕێکاری خێرای گرتەبەر بۆ ئەوەی ڕووسیا نەتوانێت لەم ئامانجەیدا سەرکەوتوو بێت.

*** لە پەیوەندی بە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە لەسەر جیهان، ئەوا لە ئێستادا هەست بەم کاریگەرییانە دەکرێت، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەبارەت بە نرخی نەوت و نیگەرانییەکانی پەیوەست بە گرانبوونی نرخی خۆراك و کەمبوونەوەی خۆراك، بۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە و ئایا لە ڕووی جیۆپۆلەتیکیشەوە ئەم شەڕە چ کاریگەرییەکی لەسەر پێگەی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەم شەڕە لە ڕووی نرخی وزە و نرخی خۆراکەوە کاریگەری نەخوازراو و نەرێنی لێکەوتووەتەوە. بەڵام ئەگەر لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە لەم پرسە بڕوانین، ئەوا لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ڕووسیا ناچارە هەوڵ و کۆششەکان چڕ بکاتەوە لەسەر بەرە سەربازییەکەوە و لە هەمان کاتدا بە هۆی ئەو ڕێکار و سزایانەی بەسەر ڕووسیدا سەپێندراون، ڕەنگە نەپەرژێتە سەر ئەوەی بتوانێت پێگەی خۆی لە ناوچەکانی دیکەی جیهان، بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پتەو و بەهێز بکات.

*** هەندێ لە شرۆڤەکاران باس لەوە دەکەن کە ڕکابەری ڕاستەقینەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووسیا نییە، بەڵکو دەبێت ئەمریکا تەرکیزی ڕاستەقینەی لەسەر چین بێت، چونکە چین هێزی هەڵکشاو و پارسەنگ بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ئایا دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین کە چین سوودمەندی ڕاستەقینەیە لەو بارودۆخەی هاتووەتەئاراوە، بە تایبەتی کە نەك هەر ڕووسیا، بەڵکو ئەمریکا و ڕۆژئاواش بەم شەڕەوە سەرقاڵ بوون؟**

- دەکرێت ئەمە وا لێك بدەینەوە کە شرۆڤەکارییەکە کە تا ڕاددەیەك لە جێی خۆیدایە، بە تایبەتی کە ئەمە دەرفەت و بواری ڕەخساندووە بۆ ئەوەی چین برەو بە درێژەدان بە دەسترۆیشتویی خۆی بدات لە هەندێ ناوچەی جیهاندا، لە نێویاندا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** هەروەك ئاشکرایە یەکێك لە کێشە ئاڵۆز و پڕ لە گرفتەکانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەستە بە پرسی پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، کە ئیدارەی بایدن دوای دەستبەکاربوونی خواستی خۆی بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ و گەیشتن بە ڕێککەوتن، یان گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی پێشوو دەربڕی، ئایا پێت وایە ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیا هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەم پرسە و لەسەر گفتوگۆکانی پەیوەست بەم پرۆگرامەوە دەبێت؟**



- ئێمە دەبێت لەو ڕوانگەیەوە لەم پرسە بڕوانین کە ئەوە بە تەنیا هەوڵ و کۆششی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبووە کە لە کۆتاییدا سەریان کێشا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا لەبارەی پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئەو وڵاتەوە. بەڵکو چەندین وڵاتی دیکە لە نێویاندا ڕووسیا کاریگەرییان هەبووە. ئێستاش ئیدارەی سەرۆك بایدن کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنەکە- دوای ئەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە-، ئەوا پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی هەیە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، لە نێویاندا ڕووسیا، لەبەر ئەوە ئەگەر بمانەوێت وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە، ئەوا بەڵێ ئەم شەڕە کاریگەری خۆی لەسەر ئەم گفتوگۆیانە جێ دەهێڵێت.



## دیمانەی تایبەت

جەیمس لیبۆڤیج پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروبارە نێودەوڵەتییەکانە لە سکووڵی ئیلیوت بۆ کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاسایشی نێودەوڵەتی، ناکۆکیی نێودەوڵەتی و دارِشتنی سیاسەتی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی. دوایین کتێبی پەیوەست بە توێژینەوە لە بارەی شەڕەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام و عێراق و ئەفغانستان بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد لە بارەی شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە لەسەر جیهان و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

جەیمس لیبۆڤیچ
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن بۆ گوڵان:

# بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گەیشتووەتە خاڵی وەرچەرخان

*** ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا تەنیا لە سنووری ئەو دوو دەوڵەتەدا قەتیس نەبووە، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش هەست بەم کاریگەرییە دەکرێت و دەرهاویشتەکانی ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر وڵاتانی جیهان، لە ڕووی ئابووری و ئاسایشی خۆراکەوە و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و غاز و چەندین بواری دیکە، تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە و ئایا ئەم شەڕە جیهان بە چ ئاقارێکدا دەبات؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت، دۆخێکی زۆر مەترسیدارە، بە تایبەتی کە ئاماژە بەوە دەکرێت ئەو هەلومەرجەی ئێستا سەبارەت بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا مەترسیدارترین قەیرانی پەیوەست بە ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ناوکییە، تەنانەت بە تێڕوانین و بۆچوونی من مەترسیدارترە لە تەنگژە و قەیرانی پەیوەست بە مووشەکەکانی کوباوە کە یەکێتیی سۆڤییەت لەو وڵاتەدا جێگیری کردبوون لە ساڵی ١٩٦٢دا. چونکە ئەو هەڕەشە پەنهانییانەی لەم ڕووەوە ڕووسیا و سەرۆك ڤلادمیر پوتین دەیکەن- کە هەر چۆنێك بن، ئەمانە هەڕەشەن ئەگەرچی بە ناڕاستەوخۆش بێت، هێندەی دیکەی بارودۆخەکەیان شڵەژاندووە لە ئۆکرانیا و بگرە لەسەر ئاستی جیهانیش، بە تایبەتی لە ئەورووپا. واتە ئەم پەرەسەندنانە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێن. هەروەها ئایندە و پاشەڕۆژی ئۆکرانیا کاریگەری و دەرهاویشتەی دەبێت لەسەر ئاسایشی جیهانی- لێرەدا دووبارەی دەکەینەوە دەرهاویشتەی دیاریکراوی دەبێت لەسەر ئەورووپا-، چونکە ڕەنگدانەوە و بەرجەستەبوونی ئەم کاریگەرییە بەدی دەکەین لە ڕووی بەرزبوونەوەی

**ئەو هەلومەرجەی ئێستا سەبارەت بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا مەترسیدارترین قەیرانی پەیوەست بە ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ناوکییە**

نرخی نەوت و غاز و کەمبوونەوەی خۆراك، کە کاریگەریی هەیە لەسەر وڵاتانی کیشوەری ئەفریقا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئۆکرانیا یەکێکە لە بەرهەمهێنەرە گەورەکانی گەنم لە جیهاندا. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە کورت بکەینەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمە شەڕێکە کە دەرهاویشتەکانی ڕەهەندی جیهانییان دەبێت و تەنیا و تەنیا دەبێتە هۆی زیادبوونی بارگرژییەکان لە ئایندەدا.

*** دەوترێت کاتێك شەڕێك سەرکەوتوو دەبێت، ئەوا کەم کەس باس لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی دەکات و کاتێکیش ئەو شەڕە بە ئامانجی خۆی ناگات و دووچاری شکست دەبێت، ئەوا سەرنجەکان چڕ دەبنەوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو فاکتەرانەی سەریان کێشا بۆ بەرپابوونی، ئێوە لەم ڕووەوە چۆن لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم شەڕە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا و لە پەیوەندی بە پرسی ئاسایشی دەوڵەتەوە، ئەوا هەندێ جار وڵاتان ئەو کار و کردەوانەی دەیگرنەبەر لە بواری هێرشکردن و پەلاماردانـدا وا وێنای دەکەن، کە ئەمە تەنیا بەرگری لە خۆکردن و بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکان و بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانە. بە دڵنیاییەوە سەرۆك ڤلادمیر پوتین هەوڵی داوە ئەم جۆرە پاساوە بخاتەڕوو. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا مافێکی ڕەوایە کە بەرگری لە خۆت بکەیت، هەروەها ئەمە لە نێو میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا چەسپێندراوە. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە کارێکی سوودبەخش دەبێت بۆ سەرۆك ڤلادمیر پوتین ئەگەر بێت و وا وێنای هەنگاو و بڕیارەکانی بکات، کە بەرجەستەبوونی پاڵنەرەکانی پەیوەست بە بەرگریکردنن لە ئاسایشی وڵاتەکەی. لە هەمان کاتدا کارێکی لەم چەشنە- مەبەستم وێناکردنی دۆخەکە لەلایەن ڕووسیاوە وەك ئەوەی لە حاڵەتی بەرگریدا بێت- دەبێتە هۆی دروستبوونی تێڕوانین کە ئۆباڵ و بەرپرسیارێتی هەڵگیرسانی شەڕەکە و ڕوودانی ناکۆکییەکە بخاتە ئەستۆی ڕۆژئاوا بە گشتی و خودی ناتۆ بە تایبەتی. کە بە داخەوە خەڵکانێك هەن باوەڕ بەم جۆرە لێکدانەوەوە و پاساوهێنانەوەیە دەکەن، کە من پێم وایە لە تێڕوانینەکەیاندا بە هەڵەدا چوون. لەم گۆشەنیگایەوە ئەم کەسانەیە پێیان وایە وڵاتانی ڕۆژئاوا- بە حوکمی ئەوەی بەرپرسیارێتی بەرپابوونی شەڕەکەیان لە ئەستۆیە- دەتوانن دەرئەنجامەکە کۆنترۆڵ بکەن و دەتوانن ڕێگری بکەن لە درێژەکێشان و تەشەنەکردنی شەڕەکە، بەڵام بە داخەوە ئەمە ئەو جیهانە نییە کە تێیدا دەژین، واتە بۆچوون و تێڕوانینی ئەوان زۆر جیاوازە لەو واقیعەی کە جیهانی تێدایە. چونکە ئەوەی لە لێدوان و قسەکانی خودی سەرۆکی ڕووسیا و کاربەدەستە باڵاکانی دیکەی ئەو وڵاتە بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە شەڕەکە تەنیا پەیوەست نییە بە ترس و نیگەرانییە ئەمنییە ڕاستەوخۆکانی ڕووسیاوە، چونکە پێشتریش ڕووسیا هەرێمی کریمیای داگیرکرد و پشتیوانی لە سەربەخۆکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا دەکرد. کەواتە سەرۆك ڤلادمیر پوتین هۆکاری سیاسی و دیپلۆماسیی باشی هەیە بۆ ئەوەی کەیسەکەی خۆی وەك بەرگریکردن بخاتەڕوو و هەروەك ئاماژەم پێ دا جێی داخە کە هەندێ کەس لە ڕۆژئاوا باوەڕ بەم بانگەشەیەی دەکەن، چونکە ئەم بانگەشەیەی یەك ناگرێتەوە لەگەڵ لێدوان و بڕیار و هەنگاوەکانیدا، چونکە پوتین چەندین لێدوانی هەیە کە خواستی ئەوەی تێدا بەدی دەکرێت، دەیەوێت ئۆکرانیا لەسەر نەخشە بوونی نەمێنێت و، خۆی بە پیتەری مەزن دەشوبهێنێت و چەندین جار سەرکردەکانی یەکێتیی سۆڤییەتی تۆمەتبار کردووە بەوەی خاکی ڕووسیایان فرۆشتووە، لەبەر ئەوەی سازشیان کردووە و دەستیان لە خاکی وڵاتەکە هەڵگرتووە، ئەوەشی دووپات کردووەتەوە کە ئۆکرانیا بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕووسیا و خواست و ئامانجی ئەوەی هەیە کە ئۆکرانیا لە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی نازییەتی ڕزگار بکات. هەموو ئەمانە یەك دەگرنەوە لەگەڵ ئامانجی دووبارە گەڕاندنەوەی ڕووسیای مەزن و هێنانەوە ئارای ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت. لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەی وتران، ئەوا ئەگەر بێت و دووچاری کێشە و بەرەنگاری و بەرهەڵستی نەبووایە لە ئۆکرانیا و ئەگەر بهاتایە ئامانجەکانی خۆی بپێکایە لەو وڵاتەدا لە داگیرکردنی ئۆکرانیا و لە ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەی، ئەوا هەنگاوی دواتر بەرەو مۆڵدۆڤا دەچوو و دەوری وڵاتانی بەڵتیکی دەدا و ئیستۆنیا و لاتڤیا و لیتوانیای لە ئەورووپا و ناتۆ دادەبڕی، چونکە ئەم وڵاتانە ئەندامی ناتۆن.

**هەندێ جار وڵاتان ئەو کار و کردەوانەی دەیگرنەبەر لە بواری هێرشکردن و پەلاماردانەدا وا وێنای دەکەن، کە ئەمە تەنیا بەرگری لە خۆکردن و بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکان و بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانە**

**ئەوەی لە لێدوان و قسەکانی خودی سەرۆکی ڕووسیا و کاربەدەستە باڵاکانی دیکەی ئەو وڵاتە بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە شەڕەکە تەنیا پەیوەست نییە بە ترس و نیگەرانییە ئەمنییە ڕاستەوخۆکانی ڕووسیاوە**

**پوتین چەندین لێدوانی هەیە کە خواستی ئەوەی تێدا بەدی دەکرێت، دەیەوێت ئۆکرانیا لەسەر نەخشە بوونی نەمێنێت و، خۆی بە پیتەری مەزن دەشوبهێنێت و چەندین جار سەرکردەکانی یەکێتیی سۆڤییەتی تۆمەتبار کردووە بەوەی خاکی ڕووسیایان فرۆشتووە**

**لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد ئومێدی ئەوە هەبوو کە ئەگەری شەڕ لە ئارادا نەمێنێت و ئاشتی باڵی بەسەردا بکێشێت و تەنانەت کەسانێک هەبوون لە ڕۆژئاوا ئومێدی ئەوەیان دەکرد ڕووسیا هەنگاو بەرەو دیموکراسی هەڵبگرێت**



*** ئاشکرایه که بڕیاری داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ بنەڕەتیترین پرەنسیپی یاسای نێودەوڵەتی و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەم ڕووانگەیەوە کە نابێت وڵاتێك ببێتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی و سەروەری وڵاتێکی دیکە، ئایا پێت وایە ئەم هەنگاوەی ڕووسیا چیمان پێ دەڵێت لە بارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە و ئایا ڕۆژگارێکی نوێی شەڕی سارد دروست بووە کە هێزە گەورەکان شەڕی بە وەکالەتی یەکتر بکەن؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام کە گەیشتووینەتە خاڵی وەرچەرخان، چونکە لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد ئومێدی ئەوە هەبوو کە ئەگەری شەڕ لە ئارادا نەمێنێت و ئاشتی باڵی بەسەردا بکێشێت و تەنانەت کەسانێك هەبوون لە ڕۆژئاوا ئومێدی ئەوەیان دەکرد ڕووسیا هەنگاو بەرەو دیموکراسی هەڵبگرێت، بەڵام دواتر پەیوەندییەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕووسیادا کێشەی تێکەوت. لەم ڕووەوە مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە ڕۆژئاوا بە ڕاددەیەکی دیاریکراو بەرپرسە لە هاتنەئارای ئەم هەلومەرجە، لێرەدا مەبەستمان لە خواست و ویستی ڕۆژئاوایە بۆ بەرفراوانکردنی ناتۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ناتۆ هیچ کاتێك هاوپەیمانێتییەك نەبووە بۆ هێرشکردن و تەنانەت بەرەنگاری زۆنی دەستڕۆیشتوویی یەکێتیی سۆڤیەتیش لە نێو ئەورووپای ڕۆژهەڵات نەبووەوە لە ڕابردوودا، بەڵکو هەمیشە وەك هاوپەیمانێتییەکی بەرگری کاری کردووە. دواتر ئامانجی ناتۆ تەنیا بەرگریکردن نییە لە دژی دەستدرێژیکاری بۆ سەر هەر ئەندامێکی، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئامانجی هێنانەئارای پەیوەندییەکی پڕ لە ئاشتییانەیە لە نێو ئەندامەکانیدا. کەواتە لێرەدا من ئەو وەڵامەی پێشووم دووبارە دەکەمەوە، بانگەشەکانی ڕووسیا پتر پەیوەستن بە هەستی ڕووسیاوە بەوەی وەك پێویست پێگەیەکی بەهێزی پێ ڕەوا نەبیندراوە لە ئاستی نێودەوڵەتی و کەمتر پەیوەستن بە بوونی هەڕەشە و مەترسی و نیگەرانی ئەمنییەوە کە لە ڕوانگەی ڕووسیاوە سەرچاوەی گرتووە لە ڕۆژئاواوە لە ئاست ئەو وڵاتەدا.

# ڕێز و پله و پایەی ئافرەت لە ئیسلامدا، بەتایبەت دایک

گومان لەوەدا نییە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێز و پلە و پایە و حورمەتێکی یەکجار زۆری لە ئافرەت گرتووە. ئێمە کاتێك ئاوڕێك بدەینەوە لە پێش هاتنی ئیسلام، کە ئافرەت بە پلە دوو و سێ سەیر دەکرا، وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ نەدەکرا، بەڵکو وەکو کۆیلە و کاڵا و کەلوپەل کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا و بە چاویکی سووووك سەیر دەکرا، کاتێك یەکێك کچێکی لە دایك ببوایە، ئەو کەسە خەلك بە چاوێکی سووك سەیری دەکرد و، کە پێشیان دەگوت: کچتان بووە. زۆری پێ ناخوش بوو، وەکو خوای گەورە لە قورئاندا بۆمان باس دەکات و دەفەرموێ: وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ (النحل - ٥٨) واتە/ هەر کاتێ مژدە و هەواڵی کچیان بە یەکێك بدایە، دەتبینی دەم و چاوی ڕەش هەڵ دەگەڕا و دەروونیشی بەرامبەر بە خوا پڕ لە قار و ڕق و کین دەبوو، لە ناخیدا پشووی دەخواردەوە خەریك بوو بتەقێتەوە، هەر لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە کچی داوەتێ. پاشان دەفەرموێ: يَتَوارى مِنَ القَومِ مِن سُوءِ ما بُشِّرَ بِهِ أَ يُمسِكُهُ عَلى هُونٍ أَم يَدُسُّهُ فِى التُّرابِ أَلا ساءَ ما يَحكُمُونَ (النحل :٥٩) واتە/ لە ناخۆشی و خەراپیی ئەو مژدەیەی کە پێی دراوە، لە خەڵك خۆی دەشاردەوە و حەزی نەدەکرد خەڵك بیبینێت، نەیدەزانی ئاخۆ لەسەر سووکی و شەرمەزاری ڕایبگرێت و بەخێوی بکات، یان بیخاتە ژێر خۆڵەوە و زیندەبەچاڵی بکات. ئای کە ئەمە بڕیارێك و کارێکی یەکجار زۆر خراپ بوو، کاتێك بەم جۆرە بیردەکەنەوە کە کیژ مایەی شەرمەزرای بێت و کوڕیش مایەی بەختەوەری و سەربەرزی بێت. ئەگەر خوای پەروەردگار کچی بەخشی پێت، ناخۆش بێت، بەڵام بە بوونی کوڕ دڵخۆش بێت.

بەداخەوە تا ئێستاش ئەم جۆرە بیرکردنەوە پووچ و بێ مەعنایە لە لای هەندێ شوێن و لە لای هەندێ خەڵك ماوە. جا ئەوە، سیفەتی مرۆڤی موسڵمان نییە، بەڵکو هی بێ بڕواکانە، بۆیە هەر کەسێك ئەمجۆرە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی لە مێشك و دڵ و دەروونیدا هەبێت، پەنا بە خوا پێی گوناهبار و کافر دەبێت. ئەم جۆرە فکرەیە هی سەردەم و زەمەنی نەفامییە و گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی نەزانی و دواکەوتوویی. بەڵام کاتێ ئیسلام هات، ئەوەی هەمـوو ڕەت کردەوە و قییەم و بەها و باڵای مرۆڤبوونی بۆ ئافرەت گێڕایەوە و حەرامی کرد کە ئافرەت بکڕدرێت و بفرۆشرێت و بە چاوی کۆیلە و کەنیزە و سووك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، یان لە جیاتی خوێن بدرێت و ئیهانە و سووکایەتی پێ بکرێت و، ئافرەت مایەی شەرمەزاری بێت، بەڵکو پلە و پایە و ڕێز و شکۆ و هەیبەت و حورمەت و کەسایەتی ئافرەتی بۆ دروست کردەوە و پلە و پایە و کەرامەت و پێگەی خۆی بۆی گێڕایەوە و پلەی بەرز کردەوە، تا ئەو ئاستەی بە پیاوان بڵێن: ئافرەتان مایەی خۆشبەختی و بەختەوەریی هەردوو دونیای ئێوەن و ڕەزامەندیی خوای گەورە و بەهەشتە نەبڕاوەکەی بەندە بە خوشەویستی و ڕێز و حورمەت و مامەڵە و ڕەفتار و گوفتار و هەڵسوکەوتی جوان و شیرینتان لەگەڵ ژنان وئافرەتان.


> **کاتێ ئیسلام هات، قییەم و بەها و باڵای مرۆڤبوونی بۆ ئافرەت گێڕایەوە و حەرامی کرد کە ئافرەت بکڕدرێت و بفرۆشرێت و بە چاوی کۆیلە و کەنیزە و سووک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**

**خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ڕێزیان لە ژنان ناوە وەکو «دایك»**

ئەوەتا خوای گەورە فەرمان دەکات لەگەڵ عیبادەت و بەندایەتی بۆ خۆی دەفەرموێ: (وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً) خوای گەورە فەرمانتان پێ دەکات کە عەبدایەتی و بەندایەتی بەس بۆ خوای تاك و تەنیا و بێ شەریك بکەن و دەرحەق بە دایك و باوکتان مامەڵە و ڕەفتار و ئاکارتان جوان و گوفتارتان شیرین بێت. ئەگەر ناڕەحەتیشیان کردن، بە قسە و کردارێك وشەی عەفوویان لە بەرامبەردا بە کار بێنن.

لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ:

وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا ۖ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا ۖ وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلَاثُونَ شَهْرًا ۚ حَتَّىٰ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ وَأَصْلِحْ



مامۆستا هێمن شارەستێنی

پێش نوێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی جافان/ رانیە

لِي فِي ذُرِّيَّتِي إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّي مِنَ الْمُسْلِمِينَ(الاحقاف ١٥) واتە/ فەرمانتان پێ دەکەین ئەی منداڵان لە کوڕ و کچ دەرحەق بە دایك و باوکتان مامەڵە و ڕەفتار و ئاکار و گوفتارتان چاك و جوان بێت و بە تایبەتی دایکتان کە بە ئەو پەڕی سەختی و نارەحەتی و دەرد و ئازارەوە بە پێستی سکیان ئێوەیان هەڵگرتووە و زۆر ئازاریان چێشتووە و بە دانانیشتان (جا بە لەدایکبوونی سرووشتی، یان نەشتەرگەری) دواتریش هاتنە دونیا و شەونخوونی و ماندووبوون و کێشانی دەیان کێشە و موشکیلە و خواردنی ئازار و ئازیەت و شیرپێدانیان بە هەمووی (٣٠) مانگی خایاند، وردە وردە شەو و ڕۆژ هەوڵیان دا لەگەڵت بە خزمەتکردن و پاراستن و گەورەکردنتان تا تەمەنتان گەیشتە (٤٠)ساڵ و کەماڵی هێز و قوەت و ژیری، جا کاتی ئەوە نەهاتووە کەوا بگەڕێیەوە بۆ لای خوای گەورە و مامەڵە و ڕەفتار و ئاکارت جوان بێت لەگەڵیاندا و خزماتیان بکەن و بە چاوی سۆز و خۆشەویستی و باڵی سۆز و میهرەبانییان بۆ ڕابخەن و بیاڕێنەوە لە خوای گەورە و بڵێین ئەی پەروردگارا دەتۆش یارمەتیمان بدە و ڕامان بێنە کە سوپاس و ستایشت بکەین لەسەر ئەو هەموو ناز و نیعمەت و بەهرەیەی کە بە ئێمە و دایك و باوکمانت داوە، کە کردەوەی چاك بکەین و لێمان ڕازی بیت، نەوە و منداڵەکانیشمان ساڵح و چاك بکە.. بێگومان من لە هەڵە و پەڵە و کەموکوڕی و گوناه و تاوانەکانم پەشیمانم و تەوبە دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ و من لە موسڵمانانم و ملکەچم بۆ فەرمانەکانت، ئەی خوای میهرەبان.

هەموو کات دەڵێم و ئەم هۆنراوەیەشم بۆ دایك نووسیوە:

بۆ دایکی دڵسۆز و ئازیز و خۆشەویستم
لە دوای خوای گەورە بە هۆی تۆ هاتم
تۆی بروانامە و دیاری و خەڵاتم
نەمدی هیچ کەسێك وەك تۆ بەوەفا
لە پێناو ڕۆڵەی بکێشی جەفا
بەڵێن بێ تا هەم خاکی ژێر پێتم
تا تۆ ڕێگا بی ڕێبواری ڕێتم.

بەڕێزان پێغەمبەری خوا ئاگادارمان دەکاتەوە لە ڕێز و حورمەت و گەورەیی دایك کە لای خوای گەورە چەندە گەورەیە کە نواندنی مامەڵە و ڕەفتار و ئاکار و گوفتاری جوان و شیرین لەگەڵ دایك و باوك دەبێتە مایەی ڕەزامەندیی خوای گەورە کە فەرموویەتی: «رِضَااَللَّةَ فِي رِضَا اَلْوَالِدَيْنِ,وَسَخَطُ اَللَّةَ فِي سَخَطِ اَلْوَالِدَيْنِ}واتە/ ڕەزامەندیی خوای گەورە لە عەبد و بەندەکەی بەندە بە ڕازیبوونی دایك و باوك لە منداڵەکانی و بە پێچەوانەشەوە تووڕەبوونی خوای باڵادەست بەندە بە تووڕەبوون و ناڕازیبوونی دایك و باوك لە منداڵەکانی.

هەر لە ڕێز و حورمەتی دایکدا سەحابی بەرز و بەڕێز مُحَمَّد بن طَلْحَةَ بن مُعَاوِيَه السُّلَمِيِّ، عَنْ أَبِيه، أَتَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّي اللَّه عَلَيْه وَسَلَّمَ فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّه، إِنِّي أُرِيدُ الْجِهادَ فِي سَبِيلِ اللَّه {أُمُّكَ حَيَّةٌ؟ فَقُلْتُ: نَعَمْ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّه عَلَيْه وَسَلَّمَ {الْزَمْ رِجْلَها فَثَمَّ الْجَنَّةُ} واتە/ محەمەدی کوڕی تەلحەی کوڕی معاویە لە باوکیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە: چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا و گوتم: ئەی نێردراوی خوا نییەتم هەیە بچم بۆ غەزا لە پێناوی خوای گەورە لە خزمەت بەڕێزتاندا. پێغەمبەری خوا ڕووی تێ کردم و فەرمووی: ئەی فلان دایکت لە ژیاندا ماوە؟ وتم: بەڵێ، ئەی خۆشەویستی خوا. فەرمووی: بڕۆ خزمەتی دایکت بکە و دڵی خۆش بکە و ڕێزی بگرە و ئاگات لێ بێت و زۆر حورمەتی بگرە، چونکە بەهەشتت دەست دەکەوێ و بەهشت لە ژێر قاچەکانی ئەودایە.. واتە ببە بە قاچ بۆی، کاتێ توانای ڕۆیشتنی نییە و خزمەتی بکە و چاودێریی بکە و هیچ کات هەڵسوکەوتی نەشیاوی لەگەڵ مەکە و قسەت با ڕەق نەبێت و مامەڵە و گوفتاری ناشیرینی لە بەرامبەردا مەکە.

**ڕەزامەندیی خوای گەورە بەندە بە ڕازیبوونی دایک و باوک لە منداڵەکانی و بە پێچەوانەشەوە تووڕەبوونی خوای باڵادەست بەندە بە تووڕەبوون و ناڕازیبوونی دایک و باوک لە منداڵەکانی**

## پەرلەمانتار حەسیبە سەعید گەردی:

# گرانی و هەڵاوسانی نرخ لە بازاڕدا هاووڵاتییانی نیگەران کردووە

**زۆربەی ئابووریناسان و چاودێرانی سیاسی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بە هەڵکشانی نرخ لە بازاڕ و سیستمی ئابوورییەوە گرێ دەدەن، بەڵام سەرەڕای ئەو واقیعە، حوکمڕانانی وڵاتان بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەوڵ دەدەن، کۆنتڕۆڵی دۆخەکە بکەن، بۆ ئەوەی چینی کەمدەرامەت کە زۆرینەی کۆمەڵگە پێك دەهێنن، لە ژێر ئەو بارە قورسەدا نەچەمێتەوە. گوڵان ئەم پرسە هەستیارەی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ حەسیبە سەعید گەردی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان (ڕۆژێك دوای کۆبوونەوەی پەرلەمان لە سەر هەمان پرس) ورووژاند و لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەران دەقی ناوەرۆکی گفتوگۆیەکە دەخەینەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

پەرلەمانتار حەسیبە سەعید گەردی لە دیدارەکەیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «پەرلەمانی کوردستان بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانە و نوێنەرایەتیی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و هاونیشتمانییان دەکات، بە بێ جیاوازیی ئایینی و نەتەوەیی بە یاسا هەوڵی دابینکردنی ژیانێکی شایستە باشتریان بۆ دەدات. هەر بۆیە بە وردی چاودێریی کار و ئەدای حکومەت دەکات و ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بە خواستی هاووڵاتیان پێشکەشی حکومەت دەکات. بە تایبەتی ئەو پرسانەی کە ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە و ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ژیان و دۆخی گوزەرانی هاونیشتمانیان هەیە«. هاوکات دەڵێت: «ئێمە لە ڕێگەی لیژنە تایبەکانی پەرلەمانەوە هەمیشە هەوڵمان داوە حاڵەتە نەخوازراوەکان نەبنە دیارە، هەروەها بە جددی هەوڵ دراوە ڕێگری لە هەر کارێك بکەین کە ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی کۆمەڵگە بخاتە مەترسییەوە».

پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٢٢/٦/١٢ دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان-ی بۆ تاوتوێکردنی هەڵاوسانی نرخی بازاڕ و دۆخی هاووڵاتیان تەرخان کرد. هەر لەو بارەیەوە پەرلەمانتار حەسیبە گەردی گوتی: «دانیشتنەکەی پەرلەمان سەبارەت بەو دۆخە نالەبارە دارییە بوو کە هەموو جیهانی گرتووەتەوە، کە هەرێمی کوردستانیش بێگومان لێی بەدەر نییە. هەڵبەت هەمووان دەزانین کە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك پلانی ستراتیژیی کورت مەودا و درێژماوەی هەبووە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییان داناوە. بەتایبەتی فرەچەشنکردنی وەبەرهێنان و سەرچاوەکانی داهات وەك کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و هێنانی دەستی وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئێمە لە وڵاتی بەکارهێنەرەوە ببین بە وڵاتێکی بەرهەمهێنەر و تەنیا پشت بە یەك سەرچاوە نەبەستین».

گوتیشی: «حکومەت بایەخی زۆری بە پیشەسازی و بە تایبەتی کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمی خۆماڵی داوە، ئەوانەش لە ڕێکارە جەوهەرییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکە بۆ ئەوەی پشت بە خۆیان ببەستن و لانیکەم بۆ پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانە پەنا بۆ هاوردەکردن لە وڵاتانی دیکەوە نەبەن، کە نرخەکان لەو کاتەدا بەرهەمهێنەرەکان دیاری دەکەن و کۆنتڕۆڵکردنی کارێکی ئاسان نابێت».

ئەو پەرلەمانتارە جەخت لەوە دەکاتەوە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەریی نەرێنی لەسەر دۆخی ئابووریی جیهان دروست کردووە. بەتایبەتی کە هەر دوو وڵاتەکە لە بەرهەمهێنەرانی گەورەی وزە و دانەوێڵەن و عێراقیش گەنم لەو وڵاتانەوە هاوردە دەکات. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش گوتی: «گرانی و هەڵاوسانی نرخ لە بازاڕدا هاووڵاتییانی نیگەران کردووە، ئێمەش ئەو نیگەرانییەی

> **به جددی هەوڵ دراوە ڕێگری لە هەر کارێک بکەین کە ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی کۆمەڵگە بخاتە مەترسییەوە**

> **کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک پلانی ستراتیژیی کورت مەودا و درێژماوەی هەبووە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییان داناوە**



هاووڵاتیانی خۆمان بە حکومەت گەیاندووە، ئەوەشمان دووپات کردووەتەوە کە کۆنترۆڵکردن و چاودێریی بازاڕ لە لایەن حکومەتەوە لە ئاستی پێویستدا نییە و پێویستە کاری زیاتر لەو بوارەدا بکرێت، هەر ئەوەشە وای کردووە، نرخەکان لە مارکێتێکەوە بۆ مارکێتی دیکە و لە دووکانی سەرەکۆڵانێك بۆ دووکانێکی بەرامبەری جیاواز بن و هەر بازرگانێ بە ئارەزووی خۆی یاری بە نرخەکان بکات».

حەسیبە گەردی لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بەشێکی زۆری داهاتی نەوتی کە تاکە سەرچاوەی دابینکردنی مووچە و خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتی بوو، بۆ تێچووی کۆمپانیاکان گەڕاوەتەوە و بەشێکی کەمی ماوەتەوە کە تەنانەت مووچەی مووچەخۆرانی پێ دابین ناکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە نالەبارترین ڕۆژانی قەیرانی دارایی و شەڕی تیرۆریستانی داعشدا حکومەتی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی و تا ئێستاش هەموو گوشارە ئابوورییەکانیان لەسەر هەرێم بەردەوامن». ئەو پەرلەمانتارە ئەوەشی خستەڕوو کە «٣٣ پەرلەمانتاری کوردستان لە سەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان پرسیاریان ئاراستەی وەزیری بازرگانی کرد. پێویست بوو وەزیری کشتوکاڵ و پلاندانانیش ئامادەی دانیشتنەکەی پەرلەمان بن، چونکە وەزیری بازرگانی نەیدەتوانی وەڵامدەرەوەی ئەو پرسیارانە بێت کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی بەدەر بوون».

حەسیبە گەردی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «کۆبوونەوەی پەرلەمان و دانیشتن لەگەڵ وەزیرەکان بە تەنیا بەس نییە بۆ زاڵبوون بە سەر قەیرانی گرانیدا، پێویستە چاودێریی حکومەت لە سەر بازاڕ و قۆرخکردنی لەلایەن بازرگانەکانەوە چڕوپڕوتر بێت و سەرپێچیکاران بە توندی سزا بدرێن». گوتیشی: «بەداخەوە نرخەکانی بازاڕ لە بەرژەوەندیی کەسیدایە و لە بەرژەوەندیی گشتیدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێم هەنگاوی باشی لە بواری چاکسازیدا بڕیوە و ئومێد دەکەین، ئەو پرۆسەیە کۆنترۆڵی نرخەکانی بازاڕیش بگرێتەوە. ئەگەرچی قەیرانی خۆراك سەرلەبەری جیهانی گرتووەتەوە و گۆڤاری ئیکۆنۆمیست کە گۆڤارێکی بەناوبانگی جیهانییە لە بواری ئابووری، وێنەی بەرگەکەی گوڵە گەنم بووە و، بەوەش پەیامێکی تایبەت ئاراستەی کۆمەڵگەی جیهانی دەکات کە ئاسایشی خۆراك لە مەترسیدایە و شەڕی وڵاتانیش ئەو دۆخەی دروست کردووە». پێشنیاری ئەوەشی کرد، «حکومەت کۆگاکانی خواردەمەنی و سایلۆکانی پڕ بکات، بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو قەیرانە جیهانییە بگرێت کە کاردانەوەشی لە سەر هەرێمی کوردستان هەیە». وەك دواوتەشی گوتی: «هەرێمی کوردستان چۆن بە خوێن توانی سنوور و خاکی خۆی لە پەلاماری دوژمنانی بپارێزێت، بە هەمان شێوە دەتوانێت ڕووبەڕووی مەترسییەکانی هەژاری و قەیرانی دارایی ببێتەوە و هاووڵاتیانی بپارێزێت.

**کۆنترۆڵکردن و چاودێریی بازاڕ لە لایەن حکومەتەوە لە ئاستی پێویستدا نییە و پێویستە کاری زیاتر لەو بوارەدا بکرێت**

**بەداخەوە نرخەکانی بازاڕ لە بەرژەوەندیی کەسیدایە و لە بەرژەوەندیی گشتیدا نییە**

# توندوتیژی دژی ئافرەتان بەردەوامە و داوای بنبڕکردنی دەکرێت

**ئاشکرایە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان وێڕای پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم لە هەموو کۆمەڵگەیەك بە ئاست و شێوەی جیاواز بوونی هەیە، تەنانەت لە ئەورووپاش سەرەڕای تەواوی ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندیی ئافرەتاندان هێشتا ئافرەت ئەو یەکسانییە ڕەهایەی لەگەڵ پیاودا نییە، لە هەرێمی کوردستانیش وێڕای هەوڵی گشتگیریی حکومەت و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، کەچی بەپێی ئامارەکانی لایەنی پەیوەندیدار و بەدواداچوونی ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ئاستی توندوتیژییەکان هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە بینیوە. بۆیە هاووڵاتیان پرسیار دەکەن: لە ئێستادا توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا هەوڵەکان بوونەتە هۆکاری کەمبوونەوەی ڕێژەکەی، یان بەپێچەوانەوە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ڕاژان عەبدولڕەحمان ستوونی، چالاکی مەدەنی و چاودێری سیاسییە و سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان ڕێژەییە، لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، یان کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا ڕێژەی توندوتێژی دژی ئافرەتان لە ئاستێکی نزمدایە بەراورد بە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان؛چونکە کۆمەڵگەی دواکەوتوو، یان داخراو هەتاکو ئێستا وەکو پێویست نەیانتوانیوە خۆیان لە حاڵەتی سوننەتی بەرەو حاڵەتی مودێرن بگوازنەوە، ئەمەش وای کردووە کە دابونەریتە کلاسیکییە کۆمەڵایەتییەکان زاڵ بن بە سەر پرەنسیپی یەکسانیی نێوان ئافرەت و پیاو وەکو مرۆڤ، هەر بۆیەش دەبینین ڕێژەی توندوتیژی زۆر زیاترە لەم چەشنە کۆمەڵگەیانەدا، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك گۆڕانکاریی پێشکەوتن ڕووی داوە لە بواری مافی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان؛ بەڵام هێشتا ستەمکردن دەرحەق بە ئافرەت تا ئاستی کوشتنی لە هەڵکشاندایە. هەر لەم ماوەیەدا گوێبیستی زۆر حاڵەتی توندوتێژی بووین کە لێرە و لەوێ لە دژی ئافرەتان کراوە، جا لە ژێر سایەی پیاوسالاری، یان کەلتووری عەشایری، یان دابونەریتی کۆن بوبێت». هاوکات دەڵێت: «بۆ چارەسەرکردن، یان بنبڕکردنی ئەم دیاردە قیزەوەنە، پێویستە لایەنە پەیوندیدارەکانی حکوومی و ناحکوومی هەموو هەوڵێکی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ نەهێشتنی ئەو تاوانانەی کە لە دژی ئافرەت وەك مرۆڤ دەکرێت؛ چونکە مانەوەی ئەم دیاردە بێ چارەسەر، گەورەترین مەترسی و هەڕەشە دروست دەکات بۆ سەر کۆمەڵگەکەمان و، ڕۆژ دوای ڕۆژیش ئەنجامدانی توندوتێژی دژی ئافرەت زیاتر و زیاتر دەبێت و، دەبێتە هۆی تێکچوونی



بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار دەبات و، سیمای جوان و شارستانی وڵاتیش دەشێوێت، کە کاریگەری دەبێت لە ڕووی سیاسی و ئاسایشی نیشتمانییش دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە؛ کەواتە هەرچی زووترە پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی بیری توندڕەوی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی شارستانی بونیات بنێین، دەبێ هەموو جورە میکانیزمەکان لە ڕووی پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەوە بە شێوەیەکی سیستماتیك بخەینەگەڕ تاکو بتوانین کۆمەڵگەی خۆمان لەم هەڕەشە و مەترسییە گەورەیە ڕزگار بکەین».

بەهزاد تاهیر مامۆستای زانکۆیە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە تێبینیکردن و بینین و ئەوەی گوێمان لێ دەبێت، پێمان دەڵێت کە ڕێژەکەی بەرەو زیادبوونە. هۆکاری زیادبوونەکەش دەگەڕێتەوە بۆ سەختیی ژیان و دروستبوونی کارەساتەکان و کێشە ژینگەییەکان و برسێتی و نەبوونی کار و زەحمەتی لە دابینکردنی بژێوی ژیان، کە ئەمانە هەموویان وایان کردووە تاکەکان زیاتر بڕوا بەو چیرۆك و گێڕانەوانە بکەن کە هەندێك لە مامۆستایانی ئایینی و خەڵکی توندڕەو لە دین دەیگێڕنەوە و باس لە تێکچوونی کۆمەڵگە و شیرازەی خێزان و کۆمەڵێك شتی بێ بنەما دەکەن و، بەمەش خەڵکی سادە و نەزان لە ژێر کاریگەریی وتاری ئەم دینبازانە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی تاوان و کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف و نامووس و دەرچوون لە ڕێ و پەیامی دین و ئەو بابەتانە.» سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەو تاوانەش گوتی: «هۆکارەکان زۆرن کە دەبنە هۆی هەڵکشانی توندوتیژی دژی ژنان. بۆ نموونە وەك باسم کرد سەختیی ژیان و پەیوەستبوونی خەڵك بە لایەنی دینیی توندڕەوانە هۆکاری سەرەکییە و وا تێگەیێندراون کە هۆکاری هەموو ئەو نەهامەتی و وشکەساڵی و بێکاری و شتە ناخۆشەکانی ژیانیان لە بەر ئازادیی ئافرەتە و ئەوە دژی دین و بەهاکانە و دەبێ بنبڕ بکرێت. زۆربوونی ڕێژەی مرۆڤیش کە دەبێتە هۆی زۆربوونی ژمارەی تاوان هۆکارێکی دیکەیە».

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە ڕای وایە «کاریگەریی سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی سەرەکییە کە وای کردووە ئافرەتەکانمان گرنگی بە ئەرکی ماڵ و خزمەتکردنی منداڵ و پاك و خاوێنکردنەوەی ماڵ و چێشتلێنان نەدەن و تەنانەت هەست و سۆز بۆ هاوسەر و منداڵیان زۆر کەم بووەتەوە و هەر کەسێك لە نێو ژیانە خەیاڵییەکەی خۆی و سۆشیال میدیاکەی بزر بووە. هۆکارێکی دی بریتییە لەو جەوە ناخۆش و پڕسترێس و نادڵنیاییەی کە هەیە لە کۆمەڵگە لە ئەنجامی ڕکابەری و شەرە جنێو و شەڕی ڕاگەیاندنی حزبە سیاسییە کوردی و عێراقییەکان کە وای کردووە خەڵك بەردەوام سترێسی هەبێت و ترسی هەبێت لە دوارۆژی و ئەو ترس و سترێسەش دەبێتە هۆی دروستبوونی تووڕەیی و لە کۆنترۆڵ دەرچوون و ئەنجامدانی کردەوەی نادروست بەرامبەر کەسەکان و بە تایبەتیش ئافرەتان، چونکە بە لاواز دەبیندرێن و کەسیش لە سەریان بە جواب نایەت».

چنوور مەحموود فەرمانبەرە لە فەرمانگەی کارەبای دەربەندیخان و ئەویش باسی ئەوە دەکات کە «توندوتیژی لەئێستادا لەئاستێکی بەرزدایە»و هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ «خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و سۆشیال میدیا و نەبوونی قەناعەت و تێنەگەیشتن لە ئازادی و پەیوەندیی ناشەرعی و خیانەتی ژن و پیاوەکان لە یەکتری و هەستنەکردنی بەرپرسیاریەتیی خێزان». جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئەو هۆکارانە وایان کردووە، «ئافرەتەکان یان خۆیان دەکوژن، یان لەلایەن کەسوکاریانەوە دەکوژرێن». سەبارەت بە چارەسەری ئەو کێشە کۆمەڵایەتییەش بە پێویستی زانی «هەموو کەسێك پێویستە پێداچوونەوە بە هزری خۆیدا بکات و بزانێ لە کوێدا هەڵەی کردووە، ڕاوەستێ و لەسەر هەڵەکانی بەردەوام نەبێت، هەروەها بزانێت تێکەڵاویی کێ دەکات و کێ هاوڕێیەتی، شەخسییەتی خۆی بپارێزێت و وەڵامی هەموو چات و ژمارە مۆبایلێك نەداتەوە و هیچ بابەتێك لە ماڵەوە نەشارێتەوە، خێزانەکەی خۆی کێشەی بۆ چارەسەر بکات زۆر لە ڕێکخراو شێلتەرەکلان باشترە،

چەندین کچ و ژن بوون بە قوربانی بە هۆی ئەوەی داڵدەیان داون و لە کۆتاییدا کوژراون، بە ڕای من ئەگەر هاوسەرەکان ناگونجێن، یان یەکیان بەدڵ نییە، تەڵاق چارەسەرە، نەك خیانەت لە یەکدی کردن و کرداری توندوتیژی و کوشتن.»



ڕاژان عەبدولڕەحمان ستوونی:

**سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک گۆڕانکاریی پێشکەوتن ڕووی داوە لە بواری مافی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان؛ بەڵام هێشتا ستەمکردن دەرحەق بە ئافرەت تا ئاستی کوشتنی لە هەڵکشاندایە**



بەهزاد تاهیر:

**کاریگەریی سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی سەرەکییە کە وای کردووە ئافرەتەکانمان گرنگی بە ئەرکی ماڵ نەدەن و تەنانەت هەست و سۆز بۆ هاوسەر و منداڵیان زۆر کەم بووەتەوە**



چنوور مەحموودر:

**ئەگەر هاوسەرەکان ناگونجێن، یان یەکیان بەدڵ نییە، تەڵاق چارەسەرە، نەک خیانەت لە یەکدی کردن و کرداری توندوتیژی و کوشتن**





# هونەری شانۆ

(٢-٢)

هونەر یەکێکە لە نیشانەکانی هەر نەتەوەیەکی زیندوو، هەرچەندی هونەر لە ژیانی نەتەوەدا ئامادە و چالاك بێت، ئەوە نیشانەی گەشە و پێشکەوتنی نەتەوەیە. گەشە کردن و بووژانەوەی شانۆ وەك هونەرێکی سەرەکیی بەرەی مرۆڤایەتی، نیشانەی زیندوویی و پێشکەوتنی نەتەوەیە. ئەم هونەرە لە چەندین ئاستدا نەخشی کاریگەری لە ژیانی خەڵکدا هەیە. چێژ و چەشە، هزر و بیرکردنەوە، ڕەخنە و بەهای بەرز، جوانی و هەستی بەرز، هەموو ئەمانە بەشێکن لەو بەهاگەلەی چاوەڕوان دەکرێت لە نێو گەلدا ببن بە پەیامی هونەری شانۆ. ڕشتەیەك هونەر لە ئامێزی شانۆدا کۆ دەبنەوە، لە نموونەی دیکۆر، مووزیك، جل و بەرگ، دەقی وێژە، بیناسازی. هۆڵی شانۆ هەوارگەیەکە لە هەوارگەکانی هونەر، ڕووبەرێکی دەگمەنە بۆ پیشاندانی هونەر.

بە شێوەیەکی نەریتی، توخمەکانی شانۆ دابەش دەبنە سەر:

-هۆڵی شانۆ، بریتییە لە تەختەی شانۆ، کورسی و شوێن دانیشتنی بینەران، شوێنی هاتنە ژوور و چوونە دەر و پشوودان.

-تەختەی شانۆ، وەك بەشێك لە هۆڵی شانۆ، جێ و ڕووبەری نمایش کردنی شانۆنامەیە، سەرزەمینی دەرکەوتنی ئەکتەرە لە کاتی پێشکەش کردنی نمایشدا.

-کاراکتەر، دابەش دەبێتە سەر دەرهێنەر، ئەکتەر، بەرهەمهێنەر، بینەر.

-دیکۆر، ئەو وێنە و دیمەنانەن، کە کەش و ژینگەی دەقی درامایەکەی بە نواندن تێیدا بەرجەستە دەکرێت.

بۆ ئەوەی نمایشێکی سەرکەوتووی شانۆ پێشکەش بکرێت، زۆر گرنگە بە درێژایی کاتی نمایشەکە، هەست و هۆش و گۆشی بینەر بە لای خۆیدا ببات، ڕاستەوخۆ ژینگە و ڕایەڵێکی کاریگەر و گونجاوی زیندوو، لە نێوانی ئەکتەر و بینەر





**شارستانیەتی ڕۆم کەوتە بن کاریگەریی میراتی شارستانیەتی گریکەوە، هونەری شانۆیان زیندوو ڕاگرت، ئەگەرچی لەم هونەرەدا نەگەیشتنە ئاستی گریك، بەڵام سینیکا و بلاوتۆس، وەك دوو دەقنووسی ڕۆم، لە پاش سەدەی شازدەم، کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر زیندوو بوونەوەی هونەری دراماوە هەبوو. لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆم و باڵادەستیی کڵیسەدا، شانۆ زۆر پاشەکشەی کرد، پاشان چووە بن باڵی کڵیسە و بابەتی ئایینەوە، لە سەردەمی ڕێنیسانس (ڕاپەڕین و بووژانەوەی ئەورووپا) دا، هێدی هێدی شانۆ لە بن چەتری کڵیسە دوور کەوتەوە، کەوتە بن کاریگەریی هزر و فەلسەفە و زانستەوە.**

**تاریق کارێزی**

ڕووبەڕوو بەدی بێت. دەرفەتی هەڵەی تێدا نییە، بۆیە نمایشی شانۆیی دەبێت تۆکمە و بەهێز و گوڕ و تینەوە، پیشانی بینەر بدرێت، دەرفەتی هەڵە و چەوتیی تێدا نەبێت. بەدەست هێنانی کاردانەوە و بە دەنگەوە هاتنی ڕاستەوخۆ بۆ نمایشی شانۆیی، مەرجی سەرەکیی هونەری شانۆیە. پێویستە ڕایەڵی (نووسەر- دەرهێنەر- ئەکتەر)، هاوشان لەگەڵ هاوکارانی دیکەی نمایش، تەواوی توانای خۆیان بخەنە گەڕ بۆ بەدەست هێنانی خۆشی و سەرسامیی بینەر. کولتوور و بەهای بەرز و بەرچاو ڕوونی و چێژ و چەشە و خۆشی، بە هەوادارانی شانۆ بدرێت.

لە ڕووی پەرۆشییەوە، نووسەر و توێژەری گەلانی نائەورووپی زۆر جار گوتوویانە، هونەری شانۆش لە نێو میراتی شارستانیی ئەوانیشدا هەیە. ئەم قسەیە دەرهەق بە میراتی شارستانیی کوردیش گوتراوە. لە ڕوانگەی منەوە، شانۆ وەك ڕواڵەتێکی شارستانیەتی ئەم سەردەمە، بەو چەشنەی ئەمڕۆ لە ناوەندەکانی خوێندنی ئەکادیمی دەخوێندرێت، بە هەمان شێوە وەك هونەرێکی باو لە نێو وڵاتی ئێمە و تەواوی وڵاتانی دنیا پێشکەش دەکرێت، ڕیشەکەی بۆ شارستانیەتی ئەورووپای دوای ڕێنیسانس و شۆڕشی پیشەسازی دەگەڕێتەوە، لەوێشەوە بۆ سەردەمی گریك، گەلی داهێنەری شانۆ، دەگەڕێتەوە. قبووڵ کردنی ئەم ڕاستییەش، نە نەنگییە نە کەم و کوڕی.

ئێمەی کورد و گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ بەریەك کەوتنمان لەگەڵ شارستانیەتی ئەورووپا (ڕۆژاوا)، زۆربەی ڕواڵەت و سیماکانی ئەو شارستانیەتەمان وەرگرت. دیارە ئەمانەشمان وەك شتی دڵگیر و بەسوود زانیوە، بۆیە وەرمان گرتوون و دەیانکەین بە بەشێك لە کولتوور و میراتی خۆمان. بەم جۆرە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لە نێو کوردیشدا هونەری شانۆ پەیدا بوو.





# بڵند عەلی کورتە فیلمی The Locked Door بەرهەم دەهێنێت





هونەرمەندی دەرهێنەر (بڵند عەلی) سەرگەرمی کۆتاییهێنانە بە بەرهەمێکی نوێی سینەمایی، کە سێ ڕووداوی تاوانی جیاواز لەخۆدەگرێت.

دەرهێنەر (بڵند عەلی) لە بارەی ئەو بەرهەمە سینەماییەوە دەڵێت: «کورتە فیلمی (The Locked Door) ژانرێکی تاوانکاریی سایکۆلۆژییە، کە بە سەر سێ تێڕوانینی جیاوازدا و لەیەك زەمەن و کاتدا دابەش بووە، کە هەر یەکێك لە تێڕوانینەکان دەکرێت ڕاست بن و، دەکرێت هەر یەکێکیشیان هەڵەبن، ڕاستیی ڕووداوەکان دەشکرێت هیچ کامێك لەو چیرۆکانە نەبێت، چیرۆکی ئەم فیلمە باس لە سێ حاڵەتی کوشتن دەکات، کە لە ناو ماڵی کەسێکی ڕەبەندا ڕوو دەدات، هەرسێ ڕووداوەکە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەنجامەکەی بەشێوازێکی چاوەڕواننەکراو دەبێت، کە تەواوی چیرۆکەکان سەرەو ژێر دەکاتەوە.»

بڵند عەلی هەروەها دەڵێت: «فیلمەکە ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژ و ڕەنگدایە و بە سەلیقەی جوانی (ڤێدات ئۆیان)ی کامێرامان دیمەنەکانی ئەو بەرهەمە سینەماییە وێنەی گیراوە و، دوای تەواوبوونی کارە هونەرییەکانیشی، وا بڕیارە کە بەشداربێت لە فیستیڤاڵە نێودەوڵەتیەکاندا و، پێشبڕکێی بردنەوەی خەڵاتەکان بکات، هاوکات چیرۆکە کوردییەکان بە وڵاتانی جیهان ئاشنا بکات.

# براد پیت شکایەت لە ئەنجلینا دەکات



هاوشێوەی جۆنی دیپ و ئەمبر هیرد، براد پیتی ئەستێرەی هۆڵیۆد سکاڵای لەسەر ئەنجلینا جۆلی هاوسەری پێشووی تۆمارکرد، بە تۆمەتی ناوزڕاندن، بەهۆی هەڵوێستی ئەو لەسەر کۆمپانیایەکی واین کە بۆ خێزانەکەی دەگەڕێتەوە.

ئەمە یەکەم دۆسییە نییە کە براد پیت لەسەر ئەنجلینا هاوسەری پێشووی تۆمار بکات، لە سەرەتای ئەمساڵدا سکاڵای یاسایی لەسەر ئەنجلینای هاوسەری پێشووی تۆمارکرد، بەهۆی گرێبەستێکی کارکردنەوە کە چەند مانگێك لەمەوبەر بە نهێنی واژووی کردووە، بەبێ ئەوەی ئەو ئاگاداری بێت.

ئەمە دووەم سکاڵای پیتە دژی ئەنجلینا جۆلی، لە یەکەمیاندا داوای قەرەبووی زیانەکانی لە کۆمپانیاکە کردووە، داوا نوێیەکەش تۆمەتێکی روونی تێدایە کە زیانی بە ناوبانگی کۆمپانیای شەرابی شاتۆ میراڤاڵ گەیاندووە، کە بە هاوبەشی خاوەندارێتییان کردووە، دوای ئەوەی ئەنجلینا جۆلی پشکەکانی فرۆشتووە بە کەسێکی نامۆ.

براد پیت لە داواکەیدا، جۆلی تۆمەتبار کردووە بەوەی کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١ پشکەکانی لە کۆمپانیاکە فرۆشتووە بە بازرگانێکی رووسی، بەبێ ئەوەی ئەو ئاگاداری بێت، لەکاتێکدا مافی ئەوەی هەیە پێش فرۆشتنی ئاگادار بکرێتەوە زانیاریی هەبێت.

بەپێی ئەوەی کە رۆژنامەی زە بلاست پشتڕاستی کردووەتەوە، براد پیت ئیدیعای کردووە کە ئەنجلینا پشکەکانی فرۆشتووە، لە کاتێکدا ئاگادارە کە خاوەنە نوێیەکان رەنگە دەست بەسەر تەواوی کۆمپانیاکەدا بگرن، کە خۆیٚ دایمەزراندووە.

لە شکایەتەکەی براد پیتدا هاتووە: «وەبەرهێنانەکانی شاتۆ میراڤاڵ بوونە خولیای براد پیت، هەروەها بزنسێکی قازانج بەخشە، چونکە کۆمپانیاکە، لەژێر سەرپەرشتیی ئەودا گەشەی کرد و بووە بە کۆمپانیایەکی جیهانی بە چەندین ملیۆن دۆلار، و یەکێك لە بەناوبانگترین کۆمپانیاکانی جیهان و، لەم نێوەندەدا جۆلی هیچ بەشدارییەکی لە سەرکەوتنی کۆمپانیاکەدا نەکردووە.»

ئاماژەی بەوەشکردووە کە: «بە پێشێلکردنی تەواوەتی رێککەوتنی نێوانیان، جۆلی هەوڵی داوە پیت ناچار بکات، بۆ هاوبەشیکردن لەگەڵ کەسێکی نامۆ و، نیازی باشی نییە، جۆلی بە نهێنی پرۆسەی فرۆشتنی ئەنجام داوە و، بە ئەنقەست پیتی پەراوێز خستووە و گرێبەستی نێوانیانی پێشێل کردووە.







(ئەرسەلان دەروێش)

دوای نمایشکردنی شانۆگەریی (هاملێت) بە سەرکەوتوویی:

# کورد دەڵێت چەپڵە بە یەک دەست لێ نادرێت!

**هونەرمەندی پڕبەخششی بواری شانۆ و درامای کوردی مامۆستا (ئەرسەلان دەروێش) دوابەدوای نمایشکردنی شانۆگەریی هاملێت شاکارە مەزنەکەی (ولیام شەکسپیر) کە دەنگ و سەدایەکی یەکجار گەورەی هەبوو، توانی بینەری شانۆ و چەردەیەك لە شانۆکارانی کورد نەك بەتەنیا لە شاری هەولێر، بەڵکو لە شارەکانی دیکەی کوردستان کۆ بکاتەوەو، کارێکی سەرکەوتووی پەیامداریان لە فۆرمێکی هونەریی بەرز و چێژبەخش پێشکەش بکات، لە دیمانەیەکی تایبەتدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی (گوڵان)ی دایەوە:**

■ **ئامادەکردنی : خەلیل بلەیی**

*** جەماوەری ئامادەبووی نمایشەکە لە ئاست پێشبینی و خواستەکانی ئێوەدا بوو؟**

- بێگومان، ئێمە هەمیشە بڕوامان بە هونەرپەروەری و پەرۆشیی جەماوەری شانۆدۆستی شاری هەولێری خۆشەویست و کوردستان هەیە، لە ساڵی ١٩٩٥ ـەوە لە نمایشی شانۆگەریی (فەرهادو ئەزموونێکی نوێ) کە لە هۆڵی شانۆی (گەل)پێشکەشمان کرد و، بەدرێژایی ساڵەکانی دواتر کە ٢٨ شانۆگەریم لە هەولێری پایتەخت نمایش کردووە، کورسیی بەتاڵم لە نمایشەکانماندا بەرچاو نەکەوتووە، ساڵی ١٩٩٧ ئەو کاتەی کە بۆنی باروت و ڕەنگی خوێن و شەڕی نەگریسی خۆکوژی و براکوژی ئاسمانی کوردستانی سیخناخ کردبوو، بە هەوڵێکی دەستەجەمعی لەگەڵ شانۆکارانی دێرین و بەشێك لە مامۆستا و قوتابیانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر، شانۆگەریی (بەرەوخۆر) مان بۆ ماوەی دوو هەفتە و بە فرۆشتنی (بلیت) پێشکەش کرد، کە گوڕ و تین و برەوی بە ڕەوتی بزاڤە شانۆییەکمان بەخشی و، تادوارۆژی نمایشیش بینەرە ئازیزەکانی ئەم شارە نەك هەر کورسییەکانی بەڵکو ڕێڕەوەکانی هۆڵی (گەل)یشیان پڕ کردبووەوە، خۆشبەختانە ئەو ئەرشیفە تۆمارکراوە و، تەنانەت مێزگردی تەلەفزیۆنیشی لەبارەوە هەیە، من پێم وایە هەرکاتێك هونەر توانی نزیك و وابەستە بێت بە پرسەکانی کۆمەڵگەکەی و تاکەکانیەوە و، لە فۆرم و بۆتەیەکی چێژبەخشی ستاتیکیدا خۆی پێشکەش کرد، ئەوە مەحاڵە قەیران و تەنگەژەی نەبوونی وەرگر و جەماوەر بێتە ئاراوە، بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە هیچ کۆسپ و لەمپەرێك رامان نەگرێت لە بەئەنجامگەیاندنی پەیام و بەرکەوتنی بەردەوامان لە گەڵ جەماوەر دا، لە هەموو ساتە وەختەکاندا کارەکانی خۆمان پێشکەش کردووە، بەنموونە لە کاتی شەڕی هێزە تاریکپەرستەکەی (داعش) دا خۆبەخشانە و لەسەر گیرفانی خۆمان و بەهەوڵی کۆمەڵێك شانۆکار و هونەرمەند (هیوا سوعاد) بەڕێوەبەری هونەریی شانۆی هەولێر، کەهۆڵ و کەلوپەلی ڕووناکیی خستە بەردەستمان، شانۆگەریی (گەمە)ی نووسەری ئێرانی (عەباس یەعقوبی)مان نمایش کرد، هەروەها لەم سێ چوار ساڵەی دواییدا کە پرسی (پەتای کۆرۆنا) و نەبوونی هۆڵی شیاو و سستیی جموجوڵی شانۆیی و وەستانی فیستیڤاڵە شانۆییەکان و کەم بوونەوەی کاری شانۆیی لە شارەکەماندا بێ ئومێدیی هێنایە گۆڕێ، ئێمە رانەوەستاین و چەندین شانۆیی وەك (دوژمنی گەل)ی هنریك ئەبسن و (پاسەوان)ی د.دڵشاد مستەفاو ئەوەتا (هاملێت)ی ولیام شەکسپیریشمان نمایش کرد.

*** ئێوە بە دامەزراندنی ئەم تیپە زانکۆییە تاقانەیە لەسەر ئاستی کوردستان (تیپی شانۆی ئەکادیمی جیهان) هەنگاوێکی گەورە و بوێرانەتان نا، بەتایبەتی کە نۆبەرەی بەرهەمەکانتان شاکارێکی لە ئاست (هاملێت)بوو، ئەو دەقە جیهانییەی لەماوەی ١٠٠ ساڵی بزاڤی شانۆ لە شاری هەولێردا پێشکەش نەکراوە، لەم بارەیەوە پەیامتان چییە؟**

- کورد دەڵێت چەپڵە بەیەك دەست لێ نادرێت!، بێگومان





چ دامەزارندنی ئەم تیپە و چ نمایشکردنی (هاملێت)، بەبێ کاری دەستە جەمعیی هاوڕێکانم و کۆمەك وپشتیوانیی (دەزگای رۆشنبیریی زانکۆکانی جیهان) و پێشوازیی ناوەندەکە و جەماوەرە شانۆ دۆستەکەمان سەرنەدەکەوت و نەدەهاتە دی، بۆیە من سوپاسی یەکە بەیەکەیان دەکەم، هەرچۆن ئەرکی بەرهەمهێنانی ئەم نمایشە لەلایەن ئەندازیار (بورهان سابیر) و دەزگا رۆشنبیرییەکەی زانکۆکانی جیهان بووە بنچینەی پرۆژەکەمان.

*** تا چەند لە نواندنی ئەکتەرەکان رازی بوویت؟**

- چاویان ماچ دەکەم و سوپاسیان دەکەم، زۆر ماندوو بوون و تەواوی هەوڵی خۆیان دا لە بەرجەستەکردنی کارەکتەرەکانیان، بەو شێوە بەرزەی ئێوە و جەماوەر بینیتان، بێگومان پانتایی رۆڵەکان جیاوازە لە هەر شانۆگەرییەکدا، لەگەڵ ئەوەشدا درەوشانەوەی توانای ئەفراندی بەشداران بەرچاو بوو، هیوای بەردەوامی و کاری زۆر جوانتر و داهێنەرانەیان بۆ دەخوازم، ئەوان هەموویان لە دەرهێنەرەکەیان گەنجتر و پڕ وزەی هونەریی جوانن، ئێستا و ئایندە بۆ تواناکانی ئەوانە، دەبێت ئەوەشم بیر نەچێت سوپاسی ستافی هونەریی ئەم بەرهەمە بکەم کە یەکجار زۆر ماندووبوون و زەمینەو فەزای ستەیجیان بۆ بەخششی ئێمەو ئەکتەرەکان والا کرد.

*** دامەزراوە حکومییەکانی بواری هونەری چ رۆڵێکیان هەبوو لە (هاملێت)دا؟**

— لە راستیدا دامەزراوە هونەرییەکانی هەولێری پایتەخت لە ئێستادا بێ بودجەو پشتیوانن، هەمووان دەزانن چەند ساڵە دەرگای تیپی شانۆییەکان داخراوە و کۆمەکیان لێ براوە، فیستیڤاڵەکان راوەستاون و بودجەکانیان بۆ سەرف ناکرێت، توانای بەرهەمهێنانی نمایشی شانۆیی نییە و هەموو جموجووڵێکی لەم جۆرە بێ پشتیوانە، بۆیە زۆر سوپاسی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر و (ب. چالاکی قوتابخانەکان) دەکەم کە هۆڵەکیان بۆ ماوەی ٤٥ رۆژ بە بێ بەرانبەر و بە ماندووبوونی ستافەکەیانەوە بۆ تەرخان کردین، هەروەها پشتیوانیی مەعنەویی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیریی هەولێر و مۆڵەتپێدان و هاندانمان و چەپکە گوڵەکانیان و لەگەڵ سەندیکای هونەرمەندان —لقی هەولێر و ئازیزانی دیکەمان مایەی پێزانینمانە، هەرچۆن ئامادەبوونی هونەرمەندان و میدیاکان لە شار و دەڤەرە جیاکانی کوردستان، سەرەڕای بینەرانی خۆمان لە شاری هەولێر، بۆ ئێمە گەورەترین دڵخۆشییە و مایەی هاندانی زیاترە.

*** دوای هاملێت چی، بەتەمای کاری نوێ نین؟**

- دوو رۆژە سەرقاڵی پێداچوونەوەی دیکۆپاجی زنجیرە درامایەکی نوێم، کە ماوەیەکە لەگەڵ برای سیناریست و هونەرمەند (عەباس عەبدولڕزاق) بیرۆکەکەیمان داڕشتووە و بەرێزیان چیرۆکەکەی نووسیوە، زنجیرە دراماکە بە ناونیشانی ((خەلوەتگەی پیری))یە، وا بڕیارە دەستەیەکی ناودار و بەتوانا لە ئەکتەرە بەئەزموون و گەنجەکانی کوردستان رۆڵی تیادا بگێڕن.



دەشتی مەجید

ڕاهێنەری گۆڕەپان و مەیدان:

# یانەکان ئامادەییان نییە تیپی گۆڕەپان و مەیدانیان هەبێت

یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان یەکێك لە یارییە گرنگەکانی ئۆلۆمپیادی جیهانییە، بەڵام لە کوردستان وەکو پێویست گرینگیی بەم یارییە نادرێت، لە پایتەختی کوردستانیش ئەم یارییە کە پێشتر چەندین پاڵەوانی هەبووە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق و ئاسیا، و خاوەنی میدالیای جۆراوجۆر بوون، لە ئێستادا خەریکە یارییەکە باوی نەمینێت، بەڵام ژمارەیەك ڕاهێنەری گەنج دەیانەوێت ئەم یارییە زیندوو بکەنەوە لە هەولێر، یەکێك لەم راهێنەرانەش (دەشتی مەجید)ـە ڕاهێنەری پێشووی یانەی ئاڵا و هەڵبژاردەی پەروەردەی گشتیی هەولێر و پەروەردەی دەشتی هەولێر و، پێشتریش یاریزانی لاوانی هەڵبژاردەی عێراق بووە، ناوبژیوانی گۆڕەپان و مەیدان و سەرپەرشتیاری ناوبژیوانانی ڕێکخراوی ئەربیل ماراسۆنە، دەشتی لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٣ی شاری هەولێرە و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سەلاحەدین، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینیت؟**

-ئاستی ئەم یارییە لە هەرێمی کوردستان وەکو پێویست نییە، دەتوانین بڵێین لە خوار مام ناوەندە، هەروەها ئەم یارییە لە هەولێر وردە وردە بەرەو لە ناو چوون دەچێت، بەداخەوە هەست دەکەم کەس خۆی بە خاوەنی نازانێت.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم یارییە بەرەو پێش بچێت؟**

-بۆ ئەوەی ئەم یارییە بەرەوپێش ببەین، دەبێت ڕەچاوی چەند شتێك بكەین، وەك دروستكردنی یاریگای تایبەت بەم یارییە و کردنەوەی خولی ڕاهێنەری و ناوبژیوانی بۆ ئەم یارییە، جگە لەوەش لەلایەنی پەیوەندیدارەوە یانەکان ناچار بکرێن بە دروستکردنی تیپی گۆڕەپان و مەیدان و کردنەوەی پاڵەوانێتی، وەزارەتی پەروەردەش ساڵانە گرنگی بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدانی پەروەردەکان بدات.

*** هەست ناکەیت ئەم یارییە لە پایتەخت وەکو پێویست نەماوە؟**

-بەڵێ زۆر ڕاستە، زۆر هۆکار هەیە کەوای کردووە ئەم یارییە لە پایتەخت وەکو پێویست نەبێت، گرنگترینیان یانەکان ئامادەییان نییە تیپی گۆڕەپان و مەیدانیان هەبێت، نەبوونی پاڵەوانێتیی ئارەزوومەندانی ئەم یارییەی کەم کردووەتەوە، بەرپرسانی وەرزشیی ئەم یارییە پشکی شێریان بەردەکەوێت لە لاواز بوونی ئەم یارییە لە پایتەخت.

*** هۆکاری چییە بەشێك لە یانەکان گرنگی بەم یارییە نادەن؟**

-گەلێك هۆکار هەن، یانەکان تەنیا تیپی تۆپی پێیان دەوێت و، تەنیا گرنگی بەو یارییە دەدەن و یارییەکانی دیکە لایان گرنگ نییە، بە تایبەت گۆڕەپان و مەیدان، هەندێك لە یانەکانیش کە ئێمە قسەمان لەگەڵیان کردووە، دەڵێن پارەی پێویستمان لە بەر دەستدا نییە بۆ ئەوەی دوو سێ تیپی جیاواز دروست بکەین، هۆکارێکی دیکەش نەبوونی بەشە بودجەی پێویستە بۆ یانەکان.

*** ماوەیەك پێش ئێستا پەرتووکێکی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدانتان بڵاو کردەوە، هۆکارەکەی چی بوو؟**

-چەند هۆکارێك هەبوو کە پەرتووکی گۆڕەپان و مەیدان(تیۆری-پراکتیکی،یاسا)بڵاوبکرێتەوە، یەکێك لە هۆکارەکان خۆم یاریزانی ئەو یارییە بووم، بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی وەرزشی بوو، چونکە لە رووی پەرتووکەوە بابەت لەسەر ئەم یارییە هەیە، بەس زۆر کەمە، زیاتر ئامانجمان بۆ خزمەتکردنی مامۆستایانی وەرزشیی و ڕاهێنەران و یاریزانان بوو، بۆ زیاتر سوودگەیاندن بە قوتابیانی کۆلێژی وەرزشی و پەیمانگەی وەرزشی، سوپاس بۆ خودای گەورە لە زۆربەی پەیمانگە وەرزشییەکان ئەم پەرتووکە وەکو پرۆگرام دەخوێندرێ، ئەم پەرتووکە لەگەڵ مامۆستا جەلال تاڵب ئامادەمان کرد، دوای ساڵ و نیوێك لە سەر ئەرکی خۆمان بە چاپ گەیەندرا.

*** بەرنامەی داهاتووتان چییە بۆ داهاتووی ئەم یارییە لە هەولێر؟**

-لە ئێستادا لەگەڵ مامۆستا جەلال لە بەرنامەماندایە لەگەڵ یانەیەك ڕێك بكەوین بۆ دروستكردنی تیپێکی گۆڕەپان و مەیدان لە ئاستی تازە پێگەیشتووان، بۆ هەردوو ڕەگەز، بۆ ئەوەی بتوانین بناغەیەکی بەهێز بۆ ئەم یارییە لە شاری هەولێر دروست بکەین و لە داهاتوودا بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانیاندا بکەین.

*** بۆچی ماوەیەکە وەکو ڕاهێنەر لەگەڵ یانەکان نابینرێت؟**

- بۆ سێ جار لەگەڵ یانەکان ڕێککەوتووم، بەڵام بەهۆی پابەند نەبوونی یانەکان بە خاڵی ڕێکەوتنی نێوانمان، بەردەوام نەبووم، یانە هەیە تەنیا لە کاتی پاڵەوانێتیدا تیپ دروست دەکات بۆ ئەوەی بەشە بودجەی پێ وەربگرێت، دواتر تیپەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوەش یەکێکە لەو گرفتانەی بۆ ڕاهێنەر دروست دەبێت.

*** چی بە بەرپرسانی وەرزشی دەڵێیت؟**

-بەرپرسانی وەرزشیی تایبەت بەم یارییە کەسانی ئەکادیمی و وەرزشوانی دێرین و خۆشەویستن، هیوادارم لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییە وەرزشییەدا بن و، بتوانن ئاستی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان بەرەوپێش ببەن، خولی بەهێزکردنی ڕاهێنەران بکەنەوە بەلایەنی کەمەوە ساڵانە چەند خول و پاڵەوانێتییەك بکەنەوە، هەروەها ڕێگەخۆش بکەن بۆ گەنجانی ئەکادیمیی خاوەن بڕوانامە، تا لە شوێن و پێگە وەرزشییەکان جێگەیان ببێتەوە و خاوەن بڕیار بن.

***چیت ماوە لە کۆتایدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی بە وەرزشکارانی ناوخۆی دەکەن، سوپاسی ستافی چالاکی وەرزشیی پەروەردەی دەشتی هەولێر دەکەم، کە زۆر هاوکارمن لە کارەکانمدا.





# گواردیۆلا یارمەتیی بەرشلۆنە دەدات

پێپ گواردیۆلا و بێرناردۆ سیلڤا بەنهێنی ڕێککەوتنیان کردووە لە پێناو ئەوەی یاریزانە پۆرتوگالییەکە بچێتە یانەی بەرشلۆنە بەڵام بەمەرجێک.

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی لە رووپەری ژمارەکەیدا دەڵێت: ڕێککەوتنێکی نهێنی لە نێوان گواردیۆلا و بێرناردۆ سیلڤا لە پێناو بەرشلۆنە.
لە درێژەی راپۆرتەکەدا هاتووە: پێپ گواردیۆلای راهێنەری مانچستەر سیتی بەنهێنی لەگەڵ بێرناردۆ سیلڤای یاریزانی پۆرتوگالیدا کۆبووەتەوە و لەگەڵ ئەو یاریزانەدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە رازییە پەیوەندی بکات بە بەرشلۆنە، بەڵام لەو حاڵەتەی، کە گرێبەستێکی باش بۆ یاریزانەکە بێت.

گواردیۆلا بە بێرناردۆی گوتووە ئەگەر گرێبەستێکی گونجاومان لە بەرشلۆنە بەدەست گەیشت، ئەوا ڕێگەت پێدەدەین بڕۆیت، ڕێگری لە خواستەکانت ناکەین، کە دەتەوێ یاری بۆ بەرشلۆنە بکەیت، بەڵام سەرەتا دەبێت ئەو یانەیە ئامادەبێت بڕێک پارە بدات لە پێناو دەستبەرداربوونمان لە تواناکانت.

بەرشلۆنە بۆ کڕینی بێرناردۆ هیچ بڕە پارەیەکی نییە، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت فرێنکی دییۆنگ بەزیاتر لە ٨٠ ملیۆن یۆرۆ بفرۆشێت ئەوکات توانای هەیە ٥٠ ملیۆن یۆرۆ لەو یاریزانەدا خەرج بکات.
لە لایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی دەڵێت: فرێنکی دییۆنگ رازی بووە بە جێهێشتنی بەرشلۆنە و پەیوەندیکردنی بە مانچیستەر یۆنایتد، ئەو یانەیە ئامادەیە ٨٠ ملیۆن یۆرۆ بدات بۆ کڕینی دییۆنگ.

بێرناردۆ لە ساڵی ٢٠١٧ لەسەر داوای گواردیۆلا لە مۆناکۆوە بەبڕی ٥٠ ملیۆن یۆرۆ روویکردە مانچستەر سیتی.



# سوارێز بەدوای یانەیەکدا دەگرێت

لویس سوارێز، هێرشبەری پێشووی ئەتلّتیکۆ مەدرید، هەوڵەکانی چڕتر دەکاتەوە بۆ دۆزینەوەی یانەیەکی نوێ لە گواستنەوەکانی هاوینە، دوای ئەوەی لە کۆتایی وەرزی رابردوو گرێبەستەکەی لەگەڵ یانە ئیسپانییەکە تەواوبوو.

تۆڕی (سپۆرت میدیاسێت)ـی ئیتاڵی بڵاویکردەوە، لویس سوارێز لەم هاوینەدا خزمەتگوزارییەکانی وەک گرێبەستێکی بێ بەرامبەر پێشکەشی یۆڤانتۆس کردووە و ئامادەیە یاری بۆ بکات.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، مووچەی لویس سوارێزی ئۆرۆگوایی کە پێنج ملیۆن یۆرۆیە تاکە بەربەستە بۆ تەواوکردنی گواستنەوەی بۆ یانەی یۆڤانتۆس، ئەمە جگە لەوەی یۆڤنتۆس هێشتا کار لەسەر گرێبەستەکانی ئەنخێل دی ماریا و فیلیپ کۆستیک دەکات بۆ بەهێزکردنی هێڵی هێرشبردنی یانەکەی.



هێما بۆ ئەوەش کراوە ئەگەر لویس سوارێز پەیوەندی بە یۆڤانتۆسەوە نەکات، ئەوا ڕەنگە ئەستێرە ئۆرۆگواییەکە بچێتە لازیۆ یان ڤیرۆنتینا.

لو یس سوارێزی تەمەن ٣٥ ساڵ، لە یانەی ناسیۆناڵی ئۆروگوایی پێگەیشتووە، دواتر لە ٢٠٠٦ لە دەرگەی یانەی گرۆنخینی هۆڵەندی هاتە ئەورووپا، دوای وەرزێك روویکردە ئەیاکس، دوای چوار وەرز لە یانەی ئەیاکس بە گرێبەستی (٢٦ ) ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە لیڤەرپوول کرد، لەگەڵ یانە ئینگلیزییەکە لە کۆی ١٣٣ یاری، ٨٢ گۆڵ و ٤٦ ئاسیستی کرد، پاشان لە ٢٠١٤ بۆ یانەی بەرشلۆنە گواسترایەوە، لە ٢٨١ یاری، ١٩٤ گۆڵ و ١١٣ ئاسیستی کرد، لە دوو وەرزی رابردووش یاری بۆ ئەتلّتیکۆ مەدرید کرد، لە ٨٣ یاری، ٣٤ گۆڵ و ٦ ئاسیستی تۆمار کرد.

# لیڤەرپووڵ گرێبەستی لەگەڵ یاریزانێکی بەنفیکا مۆرکرد

داروین نونێز، یەکێکی دیکە لەو یاریزانانەی گواستنەوەی ئەم هاوینەی گەرمکرد، یاریزانەکە دەچێتە لیڤەرپوول.

نونێز بەگرێبەستێکی درێژخایەن و بە ٧٥ ملیۆن یۆرۆ لەگەڵ ٢٥ ملیۆن یۆرۆی گۆڕانکاری لە بەنفیکای پۆرتوگالییەوە پەیوەندی بە لیڤەرپوول دەکات.

یاریزانەکە بۆ ماوەی ٦ ساڵ دەچێتە ریزەکانی لیڤەرپوول و مووچەکەشی لەو یانەیەدا ٦ ملیۆن پاوەند دەبێت.

هێرشبەرە ٢٢ ساڵە ئۆرۆگواییەکە لە وەرزی رابردوو لە کۆی ٤١ یاری ٣٤ گۆڵی بۆ بەنفیکا تۆمارکردووە، کە ٦ یان لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بوو و خاوەنی ٤ ئاسیست بوو.

نونێز لە دایکبووی ناوچەی ئارتیگاسی ئۆرۆگوایە، لە ئەکادیمیای پینارۆڵەوە دەستی بە یارییکردن کردووە و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی هەموو ئاستەکانی تیپەکانی ئەو یانەیە ببڕێت و لە ٢٠١٧ چووە تیپی یەکەم.

داروین لە ڕێگەی یانەی ئەلمیریای ئیسپانیاوە چووە ئەوروپا، بە ١٣ ملیۆن یۆرۆ لە پینارۆل رۆیشت بووە گرانترین یاریزان لەو یانەیە رۆیشتبێت، لەگەڵ ئەلمیریا ١٦ گۆڵی لە ٣٢ یارییدا تۆمارکرد و ٣ ئاسیستی هەبوو، ئەمە سەرنجی بەرپرسانی بەنفیکای راکێشا و لە ٢٠٢٠ بەرامبەر ٢٤ ملیۆن یۆرۆ چووە ئەو یانەیە و بووە گرانترین یاریزان لە ئەلمیریا رۆیشتبێت.

گرێبەستی هێرشبەرە توقێنەرە لاوەکەی ئۆرۆگوای لەگەڵ بێنفیکا تاوەکو ٢٠٢٥ بوو، بەڵام گوشارەکانی کلۆپ و سەرسامی راهێنەرە ئەڵمانییەکە بەو بووە هۆکاری ئەوەی لیڤەرپوول گرێبەستێکی گەورەی لەگەڵدا بکات، بەڵام لەو پارەیەی دەیداتە بەنفیکا ٢٠٪ بۆ یانەی ئەلمیریای ئیسپانی دەبێت.

# مەزن محەمەد دوو گرێبەستی پێشکەش کراوە

یانەی ئافرەتانی هەولێر ئەمساڵ بە سەرپەرشتیی (مەزن محەمەد)ی ڕاهێنەری یانەکە، توانی نازناوی خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، بۆ وەرزی داهاتووش یانەکانی کوردستان لە ئێستاوە ئامادەکاری دەکەن، بۆ ئەوەی یاریزانان و ڕاهێنەرە بە تواناکانی کوردستان پەلکێشی ڕیزی یانەکانیان بکەن، یەکێك لەو ڕاهێنەرانش مەزن محەمەد ڕاهێنەری یانەکەی پایتەختی کوردستانە، کە لە چەند یانەیەك



داوا کراوە، لەم بارەشەوە مەزن محەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ توانیمان ئاستی پێویست پێشکەش بکەین، هەر لە سەرەتای دەستپێکی خولی نایابی کوردستان بەرنامەی پێویستمان دانابوو، بۆ ئەوەی بتوانین نازناوی خولی نایابی کوردستان بەدەست بهێنین، بۆ وەرزی داهاتووش من لە ئێستادا دوو گرێبەستم پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانی دیکەوە، بەڵام من لە یانەی ئافرەتانی هەولێر ئاسوودەم و لەگەڵیان بەردەوام دەبم، دەمەوێت ئاست و ئەنجامی باشتر لەگەڵ یانەکە بەدەست بهێنم و، هیچ کێشەو گرفتێکم نییە لەگەڵ یانەکە، ئافرەتانی هەولێریش یەکێك لە یانە بەهێزەکانی کوردستان و عێراقە، هیواداریشم بۆ وەرزی داهاتوو بتوانین بەرنامەی تۆکمە دابنێین، بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە لە سەر ئاستی کوردستان، یانەکەشمان خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق، کە دەتوانین بەم یاریزانانە ئەنجامی گەورەتر بەدەست بهێنین».



## نەریمان خدر:
# لە یانەی هەندرێن ئاسوودەم

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی هەندرێن توانی پلەی دووەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، بەڵام کۆمەڵێك یاریزانی ئاست و بەرز و بەتوانا هۆکار بوون بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئەنجامە باشە، یەکێك لە گۆڵپارێزە بەتواناکانی کوردستانیش(نەریمان خدر)ی گۆڵپارێزی یانەکە بوو، کە وەرزی رابردوو پارێزگاری لە گۆڵی یانەی هەندرێن کردووە، لە بارەی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی وەکو گۆڵپارێز بۆ وەرزی داهاتوو نەریمان خدر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە، جگە لەوەش من لەگەڵ یانەی هەندرێن زۆر ئاسوودەم و هیچ گرفتێکم نییە لە یانەکە، من لە ئێستاشەوە چارەنووسی خۆم دیاری کردووە کە لە یانەی هەندرێن دەمێنمەوە، چونکە بۆ من یانەیەکی باش و پێویستە و، دەتوانم لەو یانەیە زیاتر خزمەت بکەم، جگە لەوەش هیچ یانەیەك نییە وەکو یانەی هەندرێن شایستە داراییەکان بە ڕێکوپێکی بدات، بۆیە لەو یانەیە درێژە بە یاریکردن دەدەم، بۆ خولی عێراقیش هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە، بۆ یاریکردن لە یانە عێراقییەکان».

# ئاسۆ ڕۆستەم لە دەرەوەی عێراق گرێبەستی بۆ هاتووە



ئەم وەرزە یانەی نەورۆز بۆ یەکەم ساڵ بەشداریی لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی کردووە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە ئەم وەرزە بووەتە جێگای باس و چاوتێبڕینی زۆربەی یانەکانی عێراقی (ئاسۆ ڕۆستەم)ی هێرشبەری یانەی نەورۆزە، کە ئەم وەرزە ١٨ گۆڵی لە یانە بەشداربووەکانی خولی نایابی عێراقی تۆمارکردوە و، زۆربەی یانەکانیش دیانەوێت گرێبەستی لەگەڵ واژوو بکەین، جگە لە یانەکانی عێراقی لە دەرەوەش گرێبەستی پێشکەش کراوە، لەم بارەشەوە ئاسۆ ڕۆستەم هێرشبەر و گۆڵکاری یانەی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە سوپاس بۆ خودای گەورە ئاستی پێویستم پێشکەش کرد، تاکو ئێستاش ١٨ گۆڵم تۆمار کردووە و، لە ئێستاشدا بە فەرمی لەگەڵ هیچ یانەیەك ڕێکنەکەوتم، تەنیا قسەیە و چاوەڕێی کۆتاییهاتنی خولی عێراقیم، ئەو کات بڕیار دەدەین، هەریەك لە یانە جەماوەرییەکانی وەکو (شوڕتە و جەوییە و زەوڕا و نەفتی وەست و تەڵەبە) و زۆربەی یانەکانی دیکەش پێیان گوتووم بۆ یاریکردن»، لە بارەی گرێبەستی دەرەوەی وڵاتیش ئاسۆ ڕۆستەم گوتی» پێشتریش لە یانەکانی تونس و میسر پێیان گوتبووم، بەڵام زۆر گرنگیم پێ نەدا،ئێستا لە یانەکانی سعودیە و کوێت داوا کراوم، بەڕێوەبەری کارەکان لە نێوانمانە بۆ قسەی کۆتایی».



# هۆکاری لاوازبوونی ماسوولکەکان



لاوازبوون یان بێهیزبوونی ماسوولکەکان Muscle weakness لەکاتی هەڵسانەوە، یان پیادەڕۆیی، یان هەر جووڵەیەکی دیکە جیاوازی هەیە لەگەڵ هەستکردن بە ئازار، یان ماندووبوون و هیلاکی. هۆکارەکانی بێهێزبوونی ماسوولکەکان: تووشبوون بە هەڵامەت، یان ئەنفلەوەنزا، کۆڤید١٩، بەساڵاچوون کە هۆکارێکی سرووشتییە بۆ کەمبوونەوەی بارستایی ماسوولکەکان و بێهێزبوونیان، زەبر یان بریندداربوونی ماسوولکە، گرفتەکانی خەو، گرفت لە گلاندی دەرەقیدا، بەتایبەتی سستبوونی گلاندی دەرەقی Hypothyroidism، نەخۆشیی شەکرە، پەککەوتنی دڵ، ئیفلیجیی منداڵان، جەڵتەی مێشك کە دەبێتە هۆی بێهێزبوونی کتوپڕی ماسوولکەکانی لەش، کە هاوکاتە لەگەڵ چەند نیشانەیەکی وەکو سەرسووڕان، ناڕوونی بینین، گرفت لە پیادەڕۆیی و قسەکردندا، تێکچوونی هاوسەنگیی لەش و هەماهەنگی جووڵەی ماسوولکەکان، شێوان، سەرئێشە. مەشقی وەرزشیی رێك و بەردەوام هەنگاوێکی کاریگەرە بۆ خۆپاراستن لە بێهێزبوونی ماسوولکەکانی لەش. لەکاتی هەستکردن بە بێهێزبوونی ماسوولکەکانی لەش لە هەر کەس و هەر تەمەنێکدا بێ ئەوەی کە هۆکارەکەی بزانرێت، ئەوا لەوانەیە کە گرفتێکی تەندروستیی گەورەی لەپاڵەوە بێت، بۆیە پێویست بە سەردانی دکتۆر دەکات.

# لایەنە تاڵەکەی شەکر

شەکر چێژێکی شیرینی هەیە، بەڵام ڕوویەکی دیکەی زۆر تاڵی هەیە، بەوەی کە زیاد خواردنی شەکر بە چەندین ڕێگە زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت. خۆراکی وەکو میوە، سەوزە، شیر و بەرهەمەکانی، لەگەڵ دانەوێڵەکان شەکری سرووشتی لەخۆدەگرن، لەش کاربۆهیدراتی ناو ئەم خۆراکانە لەسەرخۆ هەرس دەکات و ئاستێکی جێگیری وزە بۆ خانەکان دابین دەکات، کەچی شەکرە زیادکراوەکان Added sugars سرووشتی نین، بەڵکو خراونەتە ناو چەند خۆراك و شلەمەنییەك، کە لەش بە هیچ شێوەیەك پێویستی بەم شەکرە زیادکراوەکانە نییە. زیانە تەندروستییەکانی زیاد خواردنی شەکر بریتین لە: زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL و کەمبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی باش HDL لە خوێندا، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، نەخۆشیی جگەر بە هۆی زیادبوونی ڕێژەی چەوریی جگەر، کلۆربوونی ددان، خراپبوونی خەو، دابەزینی مەزاج، زیادبوونی ئاستی ترشی یوریك کە دەبێتە هۆی جۆرێك هەوکردنی جومگە بە ناوی نەخۆشیی گاوت Gout، زیادبوونی ئەگەری بەردی گورچیلە، زووپیربوون بە شێوەی زیادبوونی چوار ساڵ لەسەر تەمەنی بایۆلۆژی خانەکانی لەشدا.



# گرفتە تەندروستییەکانی پەیوەست بە کەشی گەرم

گرفتە تەندروستییەکانی پەیوەست بە گەرمی و کەشی گەرم Heat illness بەتایبەتی هیلاکبوون بە گەرمی Heat exhaustion و خۆربردن، یان گەرمابردن Heat stroke پێویستییان بە فریاگوزاریی خێرا هەیە. حاڵەتەکە زیاتر دوچاری کەسانی ٦٥ ساڵ و بەسەرەوە منداڵانی تەمەن چوار ساڵ و بچووکتر دەبێت، هەروەها تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە و نەخۆشیی دڵ زیاتر ڕووبەڕووی هیلاکیی گەرمی و خۆربردن دەبنەوە. نیشانەکانی هیلاکی بە گەرما: سەرئێشە، سەرسووڕان و شێوان، کەمبوونەوە یان نەمانی ئارەزووی خواردن، زیاد ئارەقەکردن، شێدابوونی پێست، ئازار لە قۆڵ و قاچەکان، سك ئێشە، خێرابوونی هەناسە و لێدانەکانی دڵ، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش بۆ ٣٨ پلەی سێلسیەس یان زیاتر، هەستکردن بە تێنووبوونی زۆر. نیشانەکانی گەرمابردن یان خۆربردن: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش بۆ ٤٠ پلەی سیلسیەس یان بەرزتر، گەرمبوون و سووربوونەوەی پێست، سەرئێشە، سەرسووڕان، هێڵنج، دڵەکوتێ، لەهۆشچوون. هەنگاوەکانی خۆپاراستن: خواردنەوەی بڕی باشی ئاو، بەتایبەتی لەکاتی ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیدا، وەرگرتنی دوشی سارد، پۆشینی جلی سووك و ڕەنگ کاڵ، ڕشاندنی ئاو بەسەر جل و پێستدا، خۆپاراستن لە بەرکەوتن بە تیشکی خۆر لە نێوان کاتژمێر ١١ی بەیانی تا سێی ی پاش نیوەڕۆ، دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە ئەلکهولییەکان و شلەمەنییە شیرینکراوەکان، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی سووك یان مامناوەندی.

# دڵەکزێ لەکاتی مەشقی وەرزشیدا

ئەوە روونە کە مەشقی وەرزشی سوودی تەندروستیی زۆری هەیە، بەڵام یەکێکە لە هۆکارەکانی دڵەکزێ لەکاتی یان لەپاش مەشقی وەرزشی، بەتایبەتی لەکاتی ئەنجامدانی مەشقی توند، کە هاندەرە بۆ گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە Acid reflux بۆ بەشی خوارەوەی سوورێنچك و هەڵکشانی تا دەگاتە قوڕگ. هەنگاوەکانی خۆپاراستن و کەمکردنەوەی دڵەکزێ لەکاتی مەشقی وەرزشیدا: دوورکەوتنەوە لە مەشقی وەرزشی پێش تێپەڕبوونی دوو کاتژمێر بەسەر ژەمی خۆراکدا، بەتایبەتی ژەمی قورس، دوورکەوتنەوە لە مەشقی توند، خواردنەوەی بڕی باشی ئاو لەکاتی مەشقی وەرزشیدا، دوورکەوتنەوە لە خواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەك قاوە و چای و کاکاو پێش ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، جوینی بنێشت، چونکە یارمەتیدەرە بۆ کەمبوونەوەی ترشەڵۆکی گەدە لە رێگەی هاندانی دەردانی زیاتری لیك، کە کەمێك ترشێتیی ناو گەدە هاوسەنگ دەکاتەوە، دوورکەوتنەوە لە چەند خۆراکێك پێش مەشقی وەرزشی وەکو شوکولاتە، میوە و شیرەی میوەی مزر، خۆراکی تیژ و چەور. ئەگەر بەردەوام لەکاتی مەشقی وەرزشیدا دوچاری دڵەکزێ ببیتەوە، ئەوا پێویستە کە دەرمانی تایبەت بە رێنمایی دکتۆر وەربگریت پێش دەستپێکی مەشقی وەرزشی.






# چارەسەر بە رووناکیی سوور

چارەسەر بە رووناکیی سوور Red light تەکنیکێکی ئەزموونیی نوێیە بە بەکارهێنانی درێژیی نزمی شەپۆلی رووناکیی سوور، بۆ چارەسەرکردنی چەند گرفتێکی پێست وەکو زیپکە، لۆچبوون، تاریکبوونی پێست (لەکە)، لەگەڵ سافکردنی پێست و کەمکردنەوەی، یان نەهێشتنی ئاسەوارەکانی سووتانی پێست. هەندێك سەرچاوە ئاماژەیان بەمەش کردووە کە چارەسەر بە رووناکیی سوور تەنانەت بۆ سووککردنی نیشانەکانی هەوکردنی جومگەکانیش سوودبەخشە. چارەسەرەکە بە ئامێرێکی LED تایبەت کە رووناکیی سوور ئاراستە دەکات ئەنجام دەدرێت. ئەگەرچی چارەسەر بە رووناکیی سوور هێشتا پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە، بەڵام پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە رووناکیی سوور هاندەرە بۆ بەرهەمهێنانی وزە لە خانەکانی پێستدا، کە یارمەتیی چاکبوونەوە و باشترکردنی فرمانی خانەکان دەدات. لە رووی تیۆرییەوە رووناکی سوور لەوانەیە کە روخساری پێست گەشتر بکات و چەندین گرفتی دیکەی پێست چارەسەربکات. لە لایەکی دیکەوە، توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە چارەسەر بە رووناکیی سوور لەوانەیە هاندەر بێت بۆ سووککردنی ئازاری ماسوولکە و جومگە، هەروەها سووککردنی نیشانەکانی خەمۆکی و بەهێزکردنی سستمی بەرگریی لەش.

# ئەو شتانەی زیان بە گورچیلە دەگەیەنن



ستایلێکی تەندروستییانەی ژیان ئەگەری گرفتەکانی گورچیلە بە شێوەیەکی دراماتیکی کەم دەکاتەوە، بەڵام پێویستە کە بەو شتانە ئاشنا بین کە گورچیلەکان ئەزیەت دەدەن. ئەمە روونە کە نەخۆشییەکانی شەکرە و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن هۆکاری سەرەکین بۆ نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە، بەڵام گەلێك هۆکاری دیکە هەن کە زیان بە گورچیلەکان دەگەینن، وەك: بڕی زیادی پرۆتین کە بارگرانی دەخاتە سەر گورچیلە، بڕی زیادی خوێ کە هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و بەردی گورچیلە، بڕی زیادی شەکر، جگەرەکێشان کە هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی هاتووچۆی خوێن بۆ گورچیلەکان، خواردنەوە ئەلکهولییەکان، سۆدا و شلەمەنییە گازدارەکان، کەمبوونەوەی شلە لە لەشدا لەوکاتەی کە گورچیلەکان بە بوونی ئاو بە باشی کاردەکەن، زیاد بەکارهێنانی دەرمانی دژەئازار وەکو پاراستیۆڵ و ئەسپرین و برۆفین، بەنگەمەمییەکانی وەکو هیرۆین و کۆکائین و کریستاڵ، کەم خەوی، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی لەڕادەبەدەر Overtraining، دەرمانی ستیرۆیدی کە بۆ بینای لەش بەکاردەهێنرێن، هەوکردنی قوڕگ بە بەکتریا، بڕی زیادی کافائین کە لە قاوە و چای و شلەمەنییە وزەبەخشەکاندا هەیە، مادده شیرینکارە دەستکردەکان، بڕی زیادی خۆراکی پرۆسێسکراو، هەروەها دەرمانەکانی چارەسەرکردنی دڵەکزێ، یان کەمکردنەوەی دەردانی ترشەڵۆکی گەدە وەکو گروپی ئۆمیپرازۆڵ.



# ئایفۆنەکەت بکە بە کامێرای پلۆراید

کامێرای پلۆراید سەردەمی خۆی لە ریزی داهێنانە پێشکەوتووەکان دادەنرا. لە خولەکێکدا وێنەیەك کە دەتگرت لەسەر کاغەز چاپ دەبوو، بەبێ ئەوەی پێویستی بە تاقیگەی شوردنەوەی وێنەکان بێت. بە داهێنانی کامێرای دیجیتالی و مۆبایلی زیرەك، ئیدی تاقیگاکان داخران و کامێرای پلۆرایدیش نەما. جارێکی دیکە بۆ نوێکردنەوەی ئامێرە کلاسییەکان، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ ئامێری هاوشێوەی ئەوەیان بەرهەمهێناوە وەك Prynt Case کە لە مۆبایلی جۆری ئایفۆن دەخرێت و دەیکات بە کامێرای پلۆراید و وێنەکان دەستبەجێ چاپ دەبن.

ئەم ئامێرە پرینتەرێکی بچووکە. کاغەزی تایبەتی بۆ دادەنرێ پێویستی بە حیبر و رەنگی تایبەت نییە. لە سی چرکەدا وێنەکان چاپ دەکات. مۆبایلەکەت دەبێتە کامێرای خێرا ئەویش بەقەد لەپی دەست. پرۆگرامێکی تایبەت بە خۆی هەیە بەهۆیەوە دەکرێت لە ڤیدیۆکانیش وێنە بگریت. بەهۆی پرۆگرامەکە دەتوانیت وێنە لە ئینستاگرام و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەربگری و چاپی بکەی. هەر بەهۆی پرۆگرامی تایبەت بەخۆیەوە دەکرێت فیلتەر و چوارچێوە لەسەر وێنەکان دابندرێ و دەق لەسەر وێنەکان بنووسی.

# کامێرایەکی بازنەیی ٣٦٠ پلەیی

لە کۆنفرانس و کۆڕێکی زیندووی ئۆنلایندا گەر حەز دەکەی هەر چوارلای ژوورەکە و دانیشتوانی هەمووی سالۆنەکە نیشان بدەی، پێویستە کامێرایەکی ٣٦٠ پلەیی دابندرێ. کامێرای جۆری COOL-PO 360 راست بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتووە. کامێرایەکە تایبەت بە سیمینارە و کۆڕە ئۆنلاینەکان. بە کوالیتی 4K فیلم دەگرێت. نە تەنیا بۆ کۆڕ و سیمنیارەکان بۆ چاتی گروپیش دەبێت لەبری ئەوەی هەموو بێن لە پێشەوە لەلای کامێرایەك کۆببنەوە، بەکامێرای COOLPO 360 پێویست بەو+ە ناکا، چونکە لە یەك کاتدا هەر چوار لا نیشان دەدات.

لە هەر لایەك یەکێك قسە بکا و یا جووڵەیەك بکا فۆکس دەکاتە سەر ئەو بەشە و زومی ئەو بەشە دەکات. بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەرکەسێك دەئاخڤێت ئەو بەشە نیشان دەدات. ئۆتۆماتیکی جارجار وەك کامێراوانێکی پیشەیی جارجار زووم لەسەر بەشێك لەدانیشتوانی ژوورەکە دەکات. چوار مایکیشی هەیە. لە رێگای بلوتوسەوە بە ئامێرەکانی دیکە پەیوەند دەدرێت. شایانی ئاماژە پێدانە بۆ ئەوەی بەباشی لەو سیستەمە سوود وەربگری دەبێ ئینتەرنێتێکی خێرا بەکار بێنی.



# ملوانکەیەک بۆ خەمۆکی و خەوتن




تەکنەلۆژیـای نوێـی چاودێـرە بەسـەر هەمـوو کرداری ڕۆژانەمـان، هەرچەندە مـرۆڤ خاوەنی تەکنەلۆژیای نوێیـە، بەڵام پێدەچێ لـە داهاتـوودا خـۆی ببێتـە کۆیلـەی دەسـتی ئامێـرەکان، چونکـە هەرچـی ئەرکـە بـە ئامێرەکانـی سـپاردووە تەنانـەت خەوتــن و دڵەڕاوکــێ و سترێســی ڕۆژانــەش!

ئامێری amofit S کە بەقەد دوگمەیەك دەبێت و وەك ملوانکە لە مل دەکرێت نەوەی یەکەمی ئامێری AMO+یە کە دوو ساڵ لەمەوبەر کۆریا بەرهەمی هێنا. دوگمەکە بەهۆی شەپۆلێکی ئەلکترۆ موگناتیسی بڵاوی دەکاتەوە، چارەسەری کەم خەوی، سترێس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەکات. کێشی تەنیا ٤ گرامە. دەکرێت وەك ملوانکە لەمل بکرێ بۆ ئافرەتان و پیاوانیش دەتوانن لە یەخەی خۆیان بدەن. شەحن دەبێتەوە و تا ٩ کاتژمێر لەکاتی بەکارهێناندا شەحن ڕادەگرێ. زیاتر لە ٦٠٪ بەکارهێنەران توانیویانە لەماوەی ٣ ڕۆژدا سوودێکی زۆری لێ ببینن.

# پرینتەرێک بۆ تاتۆ کردن



نەخش و نیگارکێشـان لەسـەر جەستە واتە تاتۆکردن مێژوویەکـی دێرینـەی هەیـە، لـە هـەزاران سـاڵ پێرە مـرۆڤ نەخـش و نیـگاری لەسـەر جەسـتە بەهـۆی ئامرازگەلی جۆراوجۆرەوە بەکارهێناوە. هەتا نیو سـەدە لەمەوبـەر تاتـۆ زیاتر بە ئامرازی کۆنـی وەك دەرزیی ئاژن دەکرا. لەسـەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا تاتۆکردن ئامـرازی نوێی بـۆ بەرهەمهاتووە، بۆ نموونە Prinker S کە پرینتەرێکی بچووکە ئەوەی مەبەستت بێ لەسەر جەستە بەبێ ئازار دەکێشێتەوە.

پرینتەرەکـە لەگـەڵ هـەردوو سیسـتەمی مۆبایـل واتـە ئەندرۆیـد و ئـای ئـۆ ئێـس دەگونجێـت. لـە پرۆگرامێکی تایبەتدا کـە لەسـەر مۆبایل دادەنرێت زیاتـر لـە هەشـت هـەزار نموونـەی تێدایـە، وەك گـوڵ و پەپوولـە، کەسـایەتییە کارتۆنییـەکان، شـێوازە ئەندازەییـەکان و زۆر شـتی دیکـە.

پرینتەرەکـە بـۆ منـداڵان و گـەورە سـاڵان دەگونجێـت، بەتایبەتـی بـۆ بۆنـە و جەژنـەکان و چالاکییـە هونەرییـەکان زۆر گونجـاوە. بـە سـێ چرکـە وێنەیـەك لەسـەر جەسـتە پرێنـت دەکات. تاتۆکانـی بـە شـوردن لاناچـن، دەکـرێ بـە سابوون بشـوردرێن، بـەڵام تـا حەوتوویـەك لەسـەر جەسـتە دەمێننـەوە.

# پاککردنەوەی هەوای ناو ئۆتۆمبیل



کاتێك بە ئۆتۆمبیل گەشت دەکەی، بە ناچاری هەوای دەرەوەی ئۆتۆمبیل بۆ ناو ئۆتۆمبیل دێت، جار وا هەیە تۆز و خۆڵ دێتە ناو ئۆتۆمبیل یا ژینگە پیسە و بۆنی پیس و هەوای ئالوودە دێتە ناو ئۆتۆمبیلەکەت. سیستەمی Atmosphere DRIVE سیستەمێکی پاڵاوتنی هەوای ناو ئۆتۆمبیلە فیلتەری پاڵاوتنی هەوای تێدایە و پاککترین هەوا دێنێتە ناو ئۆتۆمبیل. سیستەمەکە بەرهەمی بەریتانیایە و ٩٩٪ هەوا دەپاڵێوێ. سیستەمەکە چەندین تایبەتمەندی هەیە وەك R275 کە بریتییە لە فیلتەری کاربۆن و ئیسفەنجێك بۆ پاڵاوتنی گەردیلەکان. CADR کە هەوای پاك دەهێنێتە ناو ئۆتۆمبیل. پانکەیەك خێراییەکەی ئۆتۆماتیکی ڕێك دەخرێت.
یەکەمین ئامێری پاڵاوتنی هەوایە کە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی بەریتانیا ڕەزامەندی لەسەر دراوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**پرسیارێکی زۆربەی خوێنەران ئەوەیە کە چۆن دەکرێت فلاش میمۆرییەك کە لەسەر کۆمپیوتەر نایخوێنێتەوەو تێکچووە فۆرمات بکرێتەوە؟**

خوێنەرانی بەڕێز بەر لە هەموو شتێك ئەگەری زۆری هەیە گشت ئەو داتایانەی لەسەر فلاش میمۆرییەکی تێکچوو هەبن بسڕدرێنەوە. بەڵام دەکرێت جارێکی دیکە فۆرمات بکرێتەوە. ئەویش لە ڕێگای مۆبایلەوە. چونکە سیستەمی ویندۆز و ئەندرۆید دوو سیستەمی لێکجیان، فلاش میمۆرییەك ڕەنگە لەسەر کۆمپیوتەر نەخوێندرێتەوە، بەڵام لەسەر مۆبایل کێشەی نییە. لەسەر مۆبایل بچوو بۆ ئەو بەشەی تایبەتە بە میمۆری و داتا لەوێدا بەشی Format USB Device هەڵبژێرە و دواتر خۆی فۆرمات دەبێ، بەڵام بەستراوەتەوە بە هەم جۆری مۆبایلەکە و هەم جۆری میمۆرییەکەش. هەر مۆبایلێك فلاش میمۆری بخوێنێتەوە ئەو بەشەی تێدا هەیە.

## وێستگەی کەشناسی لەماڵەوە

بۆ زانینی کەش و هەوا هیچ کات لەم سەردەمە ئاسانتر و وردتر و بێ هەڵەتر نییە، مۆبایلەکەت دەربێنە و ئاپی تایبەت بە کەشو هەوا بکەوە، بەوردی نەك کەشوهەوای دەوروبەر بەڵکو هی هەموو جیهانت نیشان دەدا، یا گوێ لە هەواڵەکان بگرە باسی کەشوهەوا دەکەن..

ئامێری AcuRite Atlas 01007M جیاوازە لە هەموو ئەو شێوازانەی زانینی کەشوهەوا. ئامێرێکە پێکهاتووە لە چەندین ئامێر کە پێکەوە دەتوانن کەشوهەوای ناوچەکە بە وردی شیبکەنەوە.

شاشەیەکی ڕوون کە بە کوالیتی HD نیشان دەدا، بە وردی کەشوهەوای ناوچەکە و دەوروبەرت دەخوێنێتەوە. وەك: دیاریکردنی هەورە برووسکە. بەهێزی و ئاراستەی با. کەشوهەوای ئەو کاتەی تێیدای. گەرمیی ژوور و دەرەوە، ڕێژەی شێ. ڕێژەی تیشکی سەرووی وەنەوشی، باران و ڕێژەی باران بارین..

بەشێك لە پارچەکان لە دەرەوە دادەنرێن وەك بەشی ڕێژەی باران و ئاراستەو هێزی با، کە لەگەڵ شاشەکە لە ڕێگای وای-فایەوە پەیوەند دەدرێن، پێویستی بە ئینتەرنێت نییە. ئامێرەکانی دەرەوە بە تیشکی خۆریش بارگاوی دەبنەوە. وێستگەیەکی کەشوهەوای مەزن چ ئەرکێك ئەنجام دەدات، ئەم وێستگە بچووکەش هەمان ئەرك، زۆر جاران ئەو زانیاریانەی لەبارەی کەشوهەوا لە ئاپەکان نیشان دەدرێ، لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکەت یەکناگرنەوە و چەند پلەیەك جیاوازی هەیە، بەڵام ئەو ئامێرە بە وردی زانیارییەکان بەبێ هەڵە دەخاتەڕوو.





# گوستیلەیەک بۆ چاودێریی تەندروستی

کاتێـك مۆبایـل بەرهـەم هـات زۆر ئەرکی لـە کـۆڵ زۆر ئامێر کردەوە، مۆبایـل چەندیـن ئامێـری بـوو لـە یـەك ئامێـردا، وەك ریکـۆردەر، کامێرا، تیڤی و تا رادەیـەك کۆمپیوتەریش. کاتژمێرە زیرەکەکانیش تارادەیـەك کاری مۆبایلـەکان دەکـەن بە هەندێك تایبەتمەندیی زیـادەوەش وەك چاودێریـی چالاکـی جەسـتەیی و تەندروسـتی. ئەنگوسـتیلەی زیرەکیـش پێدەچـێ شـوێن بـە کاتژمێـرە زیرەکـەکان لـەق بـکات.

ئەڵقەی زیرەکی Gucci x Oura Ring لە زێڕی ١٨ عەیار دروستکراوە، چاودێریـی وردی تەندروسـتی دەکات و نـەوەی سـێیەمی ئەلقەی ouraیە. ئەو ئەرکانەی ئەنگوسـیتلەکە ئەنجامی دەدات ئەوانەن: پێوانی لێدانی دڵ، زانینـی رێـژەی ئوکسـیجین، چۆنییەتیی خەوتن لەگەڵ چالاکیی وەرزشـی رۆژانە. هەروەها خاوەنی حەوت هەستەوەری گەرمییە بەهۆیەوە تا و گەرمی بەکارهێنەرەکەی دەزاندرێت. بۆ زانینی کاتی سوڕی مانگانەی ئافرەتانیش دەبێـت. هێمـا و نیشـانەکانی کرۆنـاش دەزانێـت. لەگـەڵ مۆبـای پەیوەند دەدرێت و زانیارییەکان لەسەر شاشەی مۆبایلەکە دەبیندرێن. کێشی تەنیا ٦ گرامە. هەتا حەوت رۆژ شەحنی دانابەزێت.



## ماڵپەڕێک کاتی مردنی خۆت پێ ڕادەگەیەنێت

هیچ هێز و هیچ کەسێك نازانێ کەی کاتی مردنتە جگە لە یەزدانی مەزن، بەڵام ماڵپەڕ http://deathdate.info کە زیاتر لە گاڵتەجاڕی دەچێت و زۆر کەسیش بە جیدی وەردەگرێت، کاتی مەرگی خۆت پێ ڕادەگەیەنێ. ئەویش کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە، فۆرمێك پڕدەکەیەوە و بەپێی لێکدانەوەی زانیارییەکانت، ماڵپەڕەکە زانیاری لەبارەی کاتی مردنت رادەگەیەنێ. زانیاری لەبارەی ئەوکەسانەی لە تەمەنی تۆدا مردوونە و هەمان تایبەتمەندی تۆیان هەبووە، تێدایە.

لە بەشێکی ماڵپەڕەکەدا تایبەت بەوەی کە لە جیهانی دۆناودۆندا (تناسخ) پێشووتر چ گیاندارێك بوویە، یا دواتر دەبیە چ گیاندارێك. هەروەها بەشێکی تایبەتە بەوەی کە تەمەنت لە هەسارەکانی دیکەدا چەندە؟

## پرۆگرامی دروستکردنی وێنەی سێ دەوری

وێنەی سێ دەوری واتە 3D لەم سەردەمەدا بەشێکی گرنگ لە جیهانی گرافیکی دادەگرێ، فیلم و ئەنمیشنەکان، دروستکردنی وێنـەی ریکلامـەکان، وێنە زانیـاری بەخشـەکان و بـۆ زۆر بـواری دیکـەش وێنـەی سـێ دەوری گرنگـی هەیـە. بەتایبەتـی لـە بوارەکانـی زانسـتی، پزیشـکی، بیناسـازی، سـینەما و فیلـم و ...تـاد.

زۆر پرۆگرام هەن بۆ دروستکردنی وێنەی سێ دەوری یەکێك لەو پرۆگرامانە Agisoft Metashapeە. پرۆگرامێکـی نوێیـە. بـە زیادکردنـی کۆمەڵێـك تێکچێـر وێنـەی سـێ رەهەنـدی لـە وێنـەی واقیعـی بەرهـەم دێنـێ. پرۆگرامەکـە بـە لەپـاڵ یـەك دانانـی وێنـەکان و کۆمەڵێـك فەرمانـی لـە پێشـدا دیاریکـراو وێنەیەکـی زۆر باشـی سـێ رەهەنـدی دروسـت دەکات. لەگـەڵ ئـەو پرۆگرامانـەی بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەرهـەم هاتـوون هاوئاهەنگـی تـەواوی هەیـە. دەکرێت وێنـەکان بـە فۆرماتـی جۆراوجـۆر تۆمـار بکرێـن. پرۆگرامەکـە دەتوانێت وێنـەی سـێ رەهەنـدی لـە وێنەیەکـی ئاسـایی دروست بـکات.





# ماکیاژە باوەکانی وەرزی هاوینە

مۆدی ماکیاژەکان بۆ وەرزەکان

بە پێی خواستی خانمان و پسپۆڕانی ماکیاژ دەردەکەوێت، هەر مۆدێکی ماکیاژ گوزارشت لە کات و ساتی ئەو وەرزە دەکات کە خانمان بەکاری دەهێنن، ماکیاژەکانی وەرزی گەرما پێویستە بە جۆرێك بێت کە نەتوێتەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە، شێوازەکانی ماکیاژی وەرزی هاوینە بریتیین لە: ماکیاژی بێ ماکیاژ – hungvanngo مۆدێکی ناسك و ڕەوایە، کە بریتییە لە ماکیاژێکی زۆر سادە، کە بێئەوەی دەربکەوێت، تەنیا ماکیاژێکی تەنك دەبێت، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەڕکردنی پێست و سیرۆمی ڕوخساری سادەوە دەبێت، لەگەڵ دژە خۆر مۆدێکی شایستە دەبێت، بۆ کاتی دەرچوون و بەر خۆر گونجاوە. ماکیاژی چاوی گەش، ئەو شێوازە لە ساڵی ٢٠٢٢ دەرکەوتووە، کە دەکرێت بۆ کاتی بۆنە و یادەکان بەکار بهێنرێت، پشتچاوی دیاریکراو بۆ وەرزی هاوینە بریتیین لە ڕەنگی سەوزی کراوە، کە لە بەشێکی زۆری چاو دەدرێت بە درێژایی برۆکان، هەروەها ڕەنگی پەمەیی کراوە. ماکیاژی بلاش لەسەر ڕوخسار، شێوازێکی ناسکە بۆ دەرچوون و گەشت بەکاردێت کە بریتییە لە ماکیاژی بلاش لەسەر ڕوومەت و لووت، کە هاوشێوەی ڕەنگی خۆر بێت، ماکیاژی برۆی پان، شێوازێکی ڕازاوەیە سەرەتا پێویستە ماکیاژی برۆکان بکەیت، دواتر بە جەلیی برۆ، بەشی ناوەوەی برۆ بۆ دەرەوە پان دەربخە ئەمەش بە فڵچەی ماکیاژ دەبێت.






## گوارەی قاش گەورە و بێ زنجیر

زۆربەی پسپۆڕانی جوانکاری ئاماژە بە گرنگیی ڕۆڵی ئێکسسوارەکان لە جوانی و ڕازاندنەوەی خانماندا دەکەن، کە وەك کەرەستەیەکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، تا لە ڕێگەی ئێکسسوارەکانەوە جوانییەکی دیکەی دەستکرد بۆ بەشێکی جەستە دەستەبەر بکات، بە تایبەت ئەوانەی لە بەشی سەر و گوێچکە دەپۆشرێن، چونکە ئەوانە هەردەم بەرچاون و لە بەشێکی دیاری پێگەی ئێکسسوارەکانن. گوارە یەکێکە لە ناوازەترین ئێکسسوارەکان، کە هەمیشە پێویستە خانمان لە گوێچەکەیاندا بێت، لەگەڵ هەر مۆدێکی تازەی گوارەشەدا، دڵی ئافرەتان خۆش دەبێت و تامەزرۆی شێوازە تازەکانی گوارە دەبن، یەکێك لە ناوداترین نمایشەکانی گوارەی بەهاری لەلایەن نمایشی (مارك جاگوێز و مایکل کورۆس و فێندی)ییەوە بوو، ئەو مۆدەی گوارە ئاماژەیان پێ داوە و لە نمایشەکەیان دەریانخستووە، بە ناوی (هۆپ)ـەوەیە، شێوازی قاش گەورە و زنجیرە کورتە، تەنانەت هەندێکیان بەبێ زنجیری نێوان قاشەکە و بەشی سەرەکیی گوارەکەیە، کە دەکەوێتە سەر گوێچکە، ئەو ڕەنگانەی گرنگییان پێی داوە بریتیین لە: سووری بە بریقە، نمرەکانی ڕەساسی و ڕەنگی زێڕین، کە مۆدێکی نایاب و سەرنجڕاکێش دەبەخشێت، هەروەها دەکرێت بۆ هەموو شوێنێك لە گوێچکە بکرێت.




## جلوبەرگی ئۆرانج سەرنجڕاکێش و شیک

ڕەنگی جل لە وەرزی هاویندا بە جۆرێکە کە پێویستە ڕەنگدار و بەبریقە و لە ڕەنگە تۆخەکان بێت، تاوەکو ئەگەر مۆدی جلەکەش لە ستایلی کلاسیك و کۆن بێت، بەڵام لە ڕێگەی ڕەنگەکەیەوە قەرەبووی جوانییەکەی بکاتەوە، پسپۆڕان ڕەنگی زەقی سەرنجڕاکێشیان بۆ بۆنە و یاد و دەرچوونەکان ئامادە کردووە، کە بریتییە لە ڕەنگی ئۆرانجی تۆخ، پرتەقاڵی ئەو ڕەنگەیە کە بۆ جلەکان بە جوانی دەردەکەوێت، ئەو ڕەنگانەی لە وەرزی هاویندا باون، بریتین لە: زەرد و شین و فۆشیا، بەڵام لە نێویاندا دیارترین ڕەنگ بۆ دەرچوون و ئاهەنگ، ڕەنگی ئۆرانجی تۆخ و کراوەیە، ئەوەی بە ئۆرانجی قرمید ناسراوە، لە مۆدەکانی ئەو جلەدا هاتووە: سەرەتا بە شێوازی پرتەقاڵیی ڕێکپۆش، کە ئەو دەستە جلە لە تەواوی ئۆرانجە و بە هەڵبژاردنی قوماشێکی ڕێك و شەپۆلدار، یان جیاکراوە دادەنرێت، دەکرێت پانتۆڵ، یان تەنوورە لەو ڕەنگە بێت، هەروەها لەگەڵ سەندڵێکی پاژنە پان، شێوازی ڕەنگی کلۆی، کە بریتییە لە چاکێتی تەنك لە ڕەنگی ئۆرانج، یان قەمیسی پرتەقاڵی. مۆدی بەدلەی پرتەقاڵی، کە یەکێکە لە مۆدە ناسکەکان، بۆ ئاهەنگ و بۆنە و یادەکان گونجاوە، هەروەها بۆ سەردانی و شوێنی گشتی و، دەکرێت بەشێکی جلەکان لە پرتەقاڵی بێت، لەگەڵ ڕەنگەکانی سپی، ڕەش، سەوز شیك بکرێت.






# بیبەرخۆری جیهان



بیبەرخۆرەکان زیاتر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و تورکیا دەژین، ئەوانەی حەز بە خواردنی توون و تیژ دەکەن، لە هیندستان و وڵاتانی دەوروبەرین، کە لای ئەوان وەك خۆراکێکی ڕۆژانە بەسەر خواردندا دەکرێت، پیاوێك لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا بە ناوی (گریگۆری فۆستەر)، حەزێکی سەیری بۆ بیبەر و خواردنی توون هەیە، هەندێك جار خواردنی بیبەر و توونی وەك پێشبڕکێیەکی جیهانی دەناسرێت، کە ئەوەی زۆرترین بیبەر لە کەمترین ماوەدا بخوات، نازناو وەردەگرێت، فۆستەر کە یەکێکە لە عاشقانی بیبەری تیژ، توانی لە ماوەی (٨) چرکەدا (٣) بیبەری گەورەی کارۆلینا ریبەر نۆش بکات، کە ئەوەش ژمارەیەکی پێوانەییە و تا ئێستا کەس بەم خێراییە بیبەری نەخواردووە، پێشبڕکێیەکە ساڵانە لە شاری سان دێگۆ بەڕێوە دەچێت، نازناوی ئەمساڵی بیبەرخۆری جیهانی بەر ئەو پیاوە کەوت.

# کاری دەستیی خانمانی کورد

خاتوو ڕەمزییە کە ساڵانێکە بە کارە نایابەکانی چەندین بەرهەمی ناوازەی پێشکەشی کولتوور و بوخچەی خشڵی کوردەواری کردووە، جگە لەوەش لە بۆنەکانی کوردی و نەتەوەیدا خشڵەکانی بەسەر بەرۆك و دەستی خانمانی کوردەوە دەگەشێنەوە وەك کۆمەڵەیەك کار لەسەر بەرهەمهێنان و دروستکردنی (ملوانکە، دەستبەند، تەسبیح، کڵاو) و چەندین کەرەستەی دیکەش، ڕەمزییە خان لەم بارەیەوە بۆ گوڵان گوتی: «ماوەی حەوت ساڵە کاری دەستی دەکەم، بەشداریی چەندین پیشانگای نێوخۆیی و دەرەوەم کردووە، وەكماڵی نموونەیی و میسری و ئێرانی و تورکی، قاوە و ماڵی ماست و پیشانگای هەنار، خەڵك زۆر داوای بەرهەمەکانم دەکەن، زیاتر لە ١٥٠ کەرەستە و خشڵی جیاوازم هەیە، هەمیشە نوێکاری لە کارەکەمدا دەکەم، شتی دووبارە مەگەر داوای لەسەر بێت، ئەگینا هەموو بە بەرهەمی خۆماڵی و تازە دروست دەکەین و دەنەخشێنین، کەرەستەکانم بە گشتی داوا دەکرێت و، زیاتر مۆرکی فۆلکلۆری پێوە دیارە، هەروەها کەرەستەی مۆدێرنیش ئامادە دەکەین، خانمانی کورد حەز بە خشڵی خۆماڵی دەکەن، زۆر جار داوای کەرەستەیەك دەکەن کە جیاواز بێت لە خشڵی دیکە، تاوەکو جوان و ڕازاوە بێت، بۆیە لەو کارە بەردەوام دەبین و چەندین خانمی دیکەش لەگەڵم وەك هاوکار کارم لەگەڵ دەکەن.



# جلوبەرگ لە زبڵ

چالاكی ژینگەپارێزی ئەمریكی بە ناوی (ڕۆب گرینفیڵد)، هەمیشە بە یەكێك لە كەسە چالاكە سەیرەكانی جیهان دەناسرێت، كە داكۆكی لە پاراستنی ژینگە دەكات، ڕۆب لەدایكبووی ساڵی ١٩٨٦ی ویلایەتی ویسكۆنسنی ئەمریكایە، ماوە ماوە بە كارە سەیرەكانی هەمووان سەرسام دەكات، دواجار ڕۆب تێبینیی ئەوەی كردووە كە كەسێكی دراوسێیان ڕۆژانە زیاتر لە (١٠) كیلۆ زبڵ فڕێ دەدات، ئەویش وەك نارەزایەتییەك بەرامبەر بەم كارە، هەڵساوە بە دروستكردنی جلێكی تایبەت بە زبڵ و خاشاك، كە لە نێو بازاڕ و شوێنە گشتییەكاندا دەخولێتەوە و وەك ئەوەی كە ئەوانەی زبڵ دەڕێژن، یان گرنگی بە ژینگە نادەن، لە داهاتوودا وەك بەرگێك دەبێت و سەراپای جیهان دادەپۆشێت، بەمەش توانی ببێتە جێگەی سەرنجی میدیاكاران و خەڵك، بۆیە ئەویش لە كارە سەیرەكانی ناوەستێت.









## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە ئافرەت و پیاوێك دەکات، کە پیاوەکە لەژێر فەرمانی ئافرەتەکدایە، هەرچییەکی پێ بڵێت ناڵێت نەخێر، تەنانەت لە شکاندنی ماڵەکەشیاندا.

## گەشتێکی جیهانی بە پایسکل



وەك بانگەشە و ڕێکلام بۆ سوودی پایسکل، پیاوێکی ئیسپانی بە ناوی (کفیکۆ سان ئوفری) نیازی وایە بە پایسکل لە وڵاتی ئیسپانیا بەرەو مالیزیا گەشتێك بکات، ئێستاش ماوەی چوار مانگە لە گەشتەکەی بەردەوامە و نزیکەی پێنج هەزار کیلۆمەتری بڕیوە و، ئێستا لە وڵاتی تورکیایە، تەمەنی ئەو پیاوە (٤٤) ساڵە و، پێی وایە بە پایسکلەکەی دەتوانێت خۆشترین گەشت بکات و، تا ئێستاش نەگەیشتووەتە ئامانجەکەی، کە وڵاتی مالیزیایە.



## میوزیک

**بەهەشت لێرەیە - Heaven Is Here**

تراکێکی تازەی هەردوو کچە گۆرانیبێژی بەریتانی (فلۆرێنس و دە ماشین)ـە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ وەك باندێك بە ناوی ڕۆك باند دامەزراوە، لە ئەلبوومی دانس فیڤەر- Dance Fever لە ساڵی ٢٠٢٢ بەرهەم هاتووە، لە جۆری ئەڵتەرناتیڤ و پووپە، باس لە هەبوونی کەسێك لە ژیاندا دەکات کە وەك ئەوە وایە بەهەشتێك لەگەڵت بێت و لێرە بێت.

## فیلم

## Interceptor – دژ




فیلمێکی سەرکێشی و ئەکشنە، باس لە کاپتنێك دەکات کە دەستێکی بەهێزی هەیە، بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ تەکتیکی ڕاهێنان لە بواری سەربازیدا بەکاری دەهێنێت، دواتر دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەو مووشەکانە بکات کە فەرمانیان پێ کراوە تا بۆ تێکدانی ئارامیی جیهان بەکار بهێنرێن. فیلمەکە لە ئوستراڵیا وێنەی گیراوە و لە دەرهێنانی (ماتیۆ ریاڵی)یە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٣٦ خولەکە، لە نواندنی (ئێلسا پاتاکی و لوك بارسیَ و ئیرۆن گلانین و زۆی کاردیس و ماین میهتا)یە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

توانایەکی باشت هەیە بۆ ئەوەی لە قۆناغێکی باشدا ئاستی کارەکانت جێگیر بکەیت، متمانە لە پەیوەندیی سۆزدارییدا چارەسەری سەرەکیی کێشەکانت دەکات، لە ڕووی تەندروستییەوە خۆت بەدوربگرە لە نیکۆتین، چونکە زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەمێك بە وریاییەوە کارەکانت ئەنجام بدە، چونکە هەر هەڵەیەك زیانی گەورەت پێ دەگەیەنێت، پشتیوانیت بۆ خۆشەویستەکەت وا دەکات ستایشێکی زۆرت بکات، لە ڕووی تەندروستییەوە بۆ دڵنیابونەوە لە تەندروستییەکی باش پشکنینیگشتی لەبیر مەکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەهۆی پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەکانت ڕووبەڕووی هەندێك گرفت دەبێتەوە، بەڵام دەبێت بەرلەوەی خراپتر بێت، چارەسەری بکەیت، ئاگاداربە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەمو کەسێك باش نییە، هێندە خۆت لەبەردەم تیشکی خۆر رامەگرە، چونکە زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ڕەنگە ئەم ماوەیە پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەکانت باش نەبێت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەست بە دڵخۆشی دەکەیت و پێکەوە ساتێکی خۆش بەڕێ دەکەن، بەهۆی ئەوەی زۆر خۆت ماندووکردووە و نەخەوتویت، ڕەنگە جەستەت تەواو ماندوبێت و بۆ ماوەیەکی زۆر بحەوێیتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کەمێك کارەکانت کەڵەکەدەبن بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵێك کێشە و گرفتی ماددی، پەیوەندیی سۆزدارییت لە ئێستادا زۆرباشە و پێکەوە باس لە بابەتە هەستیارەکانت دەکەن، ڕەنگە ئەم ماوەیە هەست بە دڵەڕاوکێ و تەنگەنەفەسی بکەیت، ئاگاداری تەندروستشت بە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

فشاری زۆری کارکردن کۆتایی دێت و چارەسەری هەموو ئەو کێشانە دەکرێت کە ڕووبەڕووت دەبێتەوە، لە ڕووی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت بە نزیکبونەوەی زیاتر لێت و بایەخپێدانت ئاسوودەت دەکات، لەبەر تەندروستیی گورچیلەکانت بایەخ بە خواردنەوەی ئاو بدە.

بۆ زانیاریت

## زیرەکترین مرۆڤی سەر زەوی



ویلیام جیم سایدیس زیرەکترین مرۆڤی مێژووە و توانیویەتی لە تەمەنی یەك ساڵیدا بە ئاسانی بنووسێت و لە تەمەنی پێنج ساڵیدا شارەزا بووە بە پێنج زمانی گرنگی جیهان و لە تەمەنی١١ساڵیدا وەك مامۆستای زانکۆی هارواردی ئەمریکا دەستنیشان کراوە، سایدیس لە ساڵی ١٨٩٨ لە ئەمریکا لەدایکبووە و لە تەمەنی٤٦ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، ئەو پیاوە تواناییەکی سەرنجراکێشی لە فێربوونی بیرکاری و زماندا هەبووە. لە تەمەنی ١٨ مانگیدا توانیویەتی ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز بخوێنێتەوەو لە تەمەنی هەشت ساڵیدا شارەزای هەشت زمانی گرنگی جیهان بووە، هەروەها زمانێکی نوێی بە ناوی « vendergood» دامەزراند، لە کاتێکدا کە iq ی مێشکی مرۆڤێکی ئاسایی ٨٥ تا ١١٥یە، iq ی مێشکی سایدیس ٢٥٠ بووەو لە سەرەوەی ڕیزبەندی زیرەکترین مرۆڤەکانی جیهاندایە.


## ئۆتۆمبێل - Cars

**سووتانی فیوز و کەتاوت**

ئەو کاتەی فیوزێك، یان کەتاوتێك دەسووتێت لە ئۆتۆمبیلێکدا، پێویستە ئەو چەند خاڵە لەبەرچاو بگرن:


١- بەهیچ شێوەیەك نابێت کاتێك فیوز، یان کەتاوت دەسوتێت قیاسی (ئەمپێر) ی لەخۆی گەورەتری بۆ ببەسترێت! چونکە کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئۆتۆمبیل فیوزیان بۆ ئەوە لە ئۆتۆمبیلدا بەکار هێناوە تا لە حاڵەتی شۆرت، یان هەر مەترسییەکی دیکەدا فیوز بسوتێت و، ئەقڵ یان ئەو سیستەمە، یان ئەو سێنسەرە سەلامەت بێت و دوور بێت لە مەترسیی سووتان و لەکارکەوتن.

٢- نابێت بە هیچ شێوەیەك فیوز، یان کەتاوتی عادی بۆ ئۆتۆمبیل ببەسرێت، چونکە کێشەی گەورەتر بۆ ئۆتۆمبیل دروست دەکات.



## پەند و وتە

ئەلبێرت فیلیپ ئەلبێرت شڤایتزەر، ساڵی ١٨٧٥ لە شاری کایسبێرگی فەرەنسا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٦٥ هەر لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی قوربانیدان دەڵێت: واتای مرۆڤایەتی ئەو کاتەیە کە مرۆڤێك قوربانی دەدات لە پێناو بە دەستهێنانی ئامانجێك.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا دوو دیمەن دیارە، یەکێکیان دارێکە و ئەوەی دیکەش دوو مرۆڤە، هەوڵ بدە دوو مرۆڤەکە بدۆزیتەوە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەوڵ بدە سەرنج بدەیت لە پرۆژەکانی ئێستات، لەخۆتەوە پلانی نوێ دامەنێ، پەیوەندیی سۆزداریت بە کۆمەڵێك قۆناغی قورس و ڕووبەڕووبوونەوەدا تێدەپەڕێت، بەڵام بێگومان کاریگەریی باشی لەسەر پەیوەندیەکەت دەبێت، بۆ تەندروستییەکی باش وەرزش لەبیر مەکە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەوڵ بدە بە ئارامی و بێ پەلەکردن بڕیار بدەیت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو پرۆژەکانت جێبەجێ بکەیت، هاوڕێ کۆنەکانت بەسەربکەرەوە و، ناکۆکییەکان کۆتایی پێ بهێنە، کارکردنی زۆر وای کردووە کە تەندروستیت فەرامۆش بکەیت، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بیت دواتر پەشیمان دەبیتەوە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

توانایەکی باشت هەیە بۆ ئەوەی لە هەمو بارودۆخێکدا بەسەر کارەکانتدا زاڵبیت، بەتایبەت لە شێوازی مامەڵەکردنت لەگەڵ هاوپیشەکانت، بایەخدانی خێزان و هاوڕێکانت بە تۆ، باشترین پشتیوانییە بۆ داهاتوو، هەوڵ بدە تۆش بە هەمان شێوەبیت بۆیان.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


ئاستەنگەکانی بەردەم کارەکەت قورس دەبێت، ڕەنگە پێویست بکات داوای هاوکاری لە هاوپیشەکانت بکەیت، ئەم ماوەیە لە خۆشەویستەکەت دوور مەکەوەرەوە، چونکە پێویستی بە هاوکاری و پشتیوانیت هەیە، ئاگاداربە لە هەموو ئەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر کێشت هەیە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**


کارکردنی بە کۆمەڵ بنەمای سەرەکیی بەردەوامبونە لە کارەکەت، پێویستە بتوانیت کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هاوپیشەکانت دروست بکەیت، پەیوەندیی سۆزداریت باش نییە و لە دڵەڕاوکێ دایت، بەڵام مانەوەی کێشەکان بە نهێنی، زیانی هەیە و چارەسەر نییە، کاتێك بۆ وەرزشکردن تەرخان بکە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**


ڕووبەڕووبوونەوە و کێبڕکێ گرنگە، چونکە توانایەکی باشت هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت، کات گونجاوە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە لایەنی سۆزدارییەوە، سیستمی خۆراکیی تەندروست گرنگە، بەتایبەت دوورکەوتنەوە لە خواردنە زۆر چەورەکان.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Weekly Gulan June 20, 2022 Issue,No.1321


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626